نەوزاد عەلی ئەحمەد

# رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد
# لە ئەوروپاو ئەمریکا
# ١٩٤٩-١٩٩١

لێکۆڵینەوە لە مێژووی رۆژنامەگەریی

نەوزاد عەلی ئەحمەد

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
سلێمانی

- ناوی کتێب:ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا ١٩٤٩-١٩٩١
- بابەت: لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی
- نوسینی: نەوزاد عەلی ئەحمەد
- دیزاین: مینە
- دیزاینی بەرگ: ڕەنج شوکری
- ژمارەی سپاردن: ٥٥٧، ساڵی ٢٠٠٨
- چاپخانەی تیشك/ چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- زنجیرە: ١٣

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران – گەڕەك: ١٠٥، کۆڵان: ٢٥، ژ. خانوو:٤، ژ.پۆست:٩٥،

تەلەفون:٣١٩٣١٧٥ – ٣١٩٣٠٩٣

Kurdology2006@yahoo.com

# ناوەرۆک


پێشەکی .............................................................................. ١٠-٧
بۆ ئەم باسە.
ساڵو شوێن.
گرفتەکان.
میتۆدی باسەکە.
بنیاتی باسەکە .
**بەشی یەکەم:** .................................................................... ٣٢-١١
کورتەیەك سەبارەت بە مێژووی بزاڤی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا
سەرەتا.
کورد لە هەندەران.
کوردستان یەکەمین ناوەندی رووناکبیری.
کورتە مێژوویەکی بزاڤی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەدا.
بۆ کۆنگرەی حەڤدەمین شکستی بە کۆمەڵەدا؟
رووداوەکانی دوای کۆنگرەی ١٧ .
کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.
ئامانجەکانی کۆمەڵە خوێندکارییەکان.
مێژووی رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا
چالاکیتر.
کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە کوردستاندا.
**بەشی دووەم: هونەرەکانی تەکنیکی رۆژنامەگەری**............................................ ٥٣-٣٣
سەرەتا.
سەرناوی چەند بابەتێك.
هونەرەکان: چاپو چاپخانە، دیزاین، وێنەو هێڵکاری، زمانو رێنووس، هەواڵ، ناونیشان. مانشێت، هونەریتر
**بەشی سێیەم، هەڵبژاردەی بابەتەکان بە گوێرەی هونەرەکانی نووسین**.......................... ٨٥-٥٥
سەرەتا.
هەواڵ.
وتار.
ئەدەب.
مێژوو.
فۆلکلۆرو کەلەپوور.
هونەر.
**بەشی چوارەم**: رابەرێك بۆ رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا.................. ١١٣-٨٧
**بەشی پێنجەم**: ناساندنی گۆڤارێکی خوێندکاران، وەك نموونە................................. ١٣١-١١٥
گۆڤاری پرشنگ، ناساندنو لێکۆڵینەوە.
پاشکۆ.............................................................................. ١٤٠-١٣٣
ئەنجام.............................................................................. ١٤٣-١٤١
سەرچاوەکان.......................................................................... ١٤٦-١٤٥

# پێشەکی

## بۆ ئەم باسە

پاش تەواوکردنی بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی سلێمانیو بە حوکمی بابەتو سنووری باسەکەم، کە بریتیە: لە هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی لە نێوان سالآنی ١٩٦١–١٩٩١، دەیان سەرچاوەم خوێندەوەو سەدان لاپەرەی نێو گۆڤارو ڕۆژنامەو بلآوکراوەی کوردیو عەرەبیو فارسیم هەلدایەوە. لە ئەنجامدا کۆمەلێك کەرەستەی خاو کەوتنە بەردەستم، کە دەکرا بۆ نووسینی چەندان بابەتو سەرنێو سوودیان لیێ ببینیم، یەکێك لەو باسانە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو لە دەرەوەی کوردستاندا، بەلآم لەبەر دووره دەستیم لە دەرەوە بە تایبەتیش ولآتانی ئەوروپاو ئەمریکا، هەستم کرد ئەگەر دەست بە نووسینی بابەتەکەش بکەم رووبەڕووی نەبوونی سەرچاوە دەبمەوە، بەلآم دوای ئەوەی لە سوید جێگیر بووم، بڕیارم دا، کە دەست بە کۆکردنەوەی سەرچاوە بکەم، بە تایبەتیش هەر زوو بەرنامەم دانا، کە سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا بنووسم. هۆکاری هەرە لە پێشینەش بۆ نووسینو ئامادەکردنی بابەتێکی لەو شێوەیە تا ئێستا کتێبخانەی کوردی سەرچاوەیەکی نییە، کە تایبەت بێت بە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەدا، بە تایبەتیش لە ئەوروپا، کە هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا سەنتەری دروستکردنی گرووپو کۆمەلەی لاوانو خوێندکارانی کورد بووە.

دیارە وەك ئاماژەم پیێ دا، کە تا ئێستا کتێبێك یاخود بابەتێك یان باسێکی سەربەخۆ نەنووسراوە، سەبارەت بەو بزووتنەوە ناوبراوە، بەلآم تەنیا لە یەك، دوو بابەتدا ناوی چەند بلآوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێکی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکاو چەند ولآتێکی ئاسیا هاتووە. بە کورتی نەبوونی باسێکی فراوانو زانستی سەبارەت بەو بزووتنەوەیە هانیدام، کە کار لەم بەرهەمەدا بکەم.

به گوێرەی ئەو دەرەنجامەی، کە لە کاتی هەڵدانەوەی بەڵگەنامەکاندا پێی گەیشتووم، یەکەمین ڕێکخراو، کە خوێندکارانو لاوانی کورد ڕۆڵیان لە دامەزراندنی هەبووبێت، لە ساڵی ١٩٤٩ لە ئەوروپا دامەزراوەو خاوەنی چەندان چالاکی بووە لە دەرکردنی بەیاننامەو بەشداریکردن لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، هەروەها گەیاندنی کێشەی کورد بە چەندان ڕێکخراوو حزبێك، ئەمەو بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١، وابەستەم کردووە بە مێژووی ڕاپەڕینو دەرپەڕاندنی ڕژێمی بەعسی عەرەبی لە کوردستانی خوارووداا، کە ئەو مێژووە، نەك بۆ کوردی باشوور، بەڵکو بۆ کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانو دەرەوەی کوردستان قۆناغێکی دیاریکراوە لە سست بوونی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانو هەموو قورسایی خەبات روو لە کوردستانی باشوور بوو. هەروەها مێژووی ناوبراو، کاتێکی دانەبڕاویشە لە زەمەنی رووخانی بلۆکی سۆشیالیستی کە لە هەموو ئەوروپا بە تایبەتیو لە هەموو جیهان بە گشتی شێوەو شێوازەکانی خەبات کەوتنە ناو هەناوێکی تری تێکۆشان، دەتوانین بڵێین: بە تەواوی شێوە خەباتی ئەوروپای ڕۆژئاوایی جێ پێی خۆی تۆکمەتر کرد.

هەروەها بزاڤی کۆمەڵەو ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، زیاتر لە ئەوروپاو ئەمریکا بووە، هەر بۆیە سنووری کاری لێکۆڵینەوەکەی خستۆتە هەردوو کیشوەری ئەوروپاو ئەمریکاوە.

## گرفتەکان

دیارە نووسینی هەر بابەتێکی نوێ، کۆمەڵێك گرفت رووبەڕووی لێکۆڵەر دەکاتەوە، بە تایبەتیش دۆزینەوەی سەرچاوەی پێویستو باوەڕپێکراو، ئینجا گەڕانو پشکنینی لاپەرەکان. لەو رووەوە لێکۆڵەری کورد بەراورد بە لێکۆڵەری نەتەوەکانی تر زۆرترین ماندوو بوونی بەردەکەوێت. چونکە کورد نە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسییە، نە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەی نیشتمانییە، نە خاوەنی مۆزەخانەو ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی نەتەوەییشە، تا بە ئاسانی سەرچاوەی دەست بکەوێت. هەر

له کۆنەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات، لێکۆڵەری کورد لە کاتی نووسینی بابەتێکی ئەکادیمی، ئەوەندەی سوودی لە کتێبخانە تایبەتەکان (کتێبخانەی شەخسی) وەرگرتووە، نیو ئەوەندە سوودی لەو کتێبخانانە وەرنەگرتووە، کە لە شارەکاندا هەنو کتێبخانەی دەوڵەتین.

منیش بۆ نووسینی ئەم بابەتە، گەورەترین گرفت کە رووبەڕووم بووەوە، نەبوونی سەرچاوە بوو، هەروەها کۆکردنەوەی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارە خوێندکارییەکان گرفتێکی تر بوو، هاتە بەردەمم، بۆ نموونە سەرچاوەی هەرە سەرەکیم بۆ کۆکردنەوەی بڵاوکراوە خوێندکارییەکان کتێبخانەی تایبەتی ماڵان بوو، دیارە لە ئەورووپاش زۆربەی کەلوپەلە کۆنەکانو ئەوانەی پێویست نین لە ژێر زەمین هەڵدەگیرێن، لە هەر کەسێکم دەپرسی ئەو جۆرە سەرچاوانەت هەیە، دەیووت رەنگە لە لام دەست بکەون، بەڵام پێویستم بە کاتە چونکە لەبەردەستم نینو لە ژێرزەمینن، ئەمەش یەکێك لەو گرفتانە بوو کە بە دواداچوونو نووسینی بابەتەکەمی زۆر دواخست.

## میتۆدی باسەکە

وەك لە پێشەوە ئاماژەم پیٚ دا، کە تا ئێستا هیچ بابەتێکی تایبەت سەبارەت بە جیهانی رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاو ئەمریکا نەنووسراوە. بۆیە پەنام بۆ سەرچاوە خاوەکان برد، کە بریتی بوون لە خودی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارە خوێندکارییەکان، بۆ نووسینی بابەتێکیش کە هەڵێنجراوی کەرەسەی خاو بێت، بە رای من باشترین میتۆدی کارکردن، میتۆدی وەسفی– مێژووییە، کاتێکیش کارم لەسەر ئەو میتۆدە کرد، هەستم کرد خزمەتێکی زانستیی مێژوویی بە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەگەیەنێت. بە تایبەتیش بۆ ناسینی بزووتنەوەیەك لە کوردستاندا زۆربەی خوێنەرانو تا بە لێکۆڵەروانیش دەگات، زانیارییان سەبارەت بەوە نییە، یان ئەگەر هەشیان بیٚ، زۆر سنووردارە.

## بنیاتی باسەکە

ئەم بابەتە بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە:

**بەشی یەکەم**: بریتییە لە باسکردنی مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو کۆمەڵە خوێندکارییەکانی تر.

**بەشی دووەم**: لە هونەرەکانی رۆژنامەگەریی دووتوێی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارە خوێندکارییەکان دوواومو نموونەشم لە خودی بڵاوکراوەکان گواستۆتەوە..

**بەشی سێیەم**: هەڵبژاردەی بابەتەکان بە گوێرەی هونەرەکان، لەم بەشەدا وەك کارێکی بەڵگەنامەیی‌و بە پەیڕەوکردنی هونەرەکانی نووسینی رۆژنامەگەریی، چەندان نموونەم لە هەواڵ، وتارو هونەرەکانی ئەدەب... هتد وەرگرتووە.

**بەشی چوارەم**: لەم بەشەدا رابەرێکم بۆ زیاتر لە ٨٠ رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤاری کۆمەڵەو رێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد کردووە، کە لە ئەوروپاو ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ – ١٩٩١ دەرچوون.

**بەشی پێنجەم**: ناساندنی گۆڤارێك، وەك نموونە لە گۆڤاری پرشنگ دوواوم.

لە پاشکۆی کتێبەکەدا وەك کارێکی مێژووی رۆژنامەگەریی خوێندکاران چەندان بەڵگەنامەم نووسیوەتەوەو خستوومنەتە بەردەم مێژوونووسانی کورد.

گەلاڵەی بۆچوونەکانم لە ئەنجامدا بەیان کردووە.

لە کۆتاییدا ناوی ئەو سەرچاوانەم بردووە، کە سوودم لێ بینیوون.


نەوزاد عەلی ئەحمەد

سوید– ستۆکهۆڵم

١/٢/٢٠٠٨

Nawzad.ali@hotmail.com

## بەشی یەکەم

# کورتەیەك سەبارەت بە
# مێژووی بزاڤی خوێندکارانی کورد
# لە ئەوروپاو ئەمریکا

# سەرەتا

بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردو کوردستان لە دەرەوەی وڵات، هێزێکی چالاك بوو بۆ ناسینی نەتەوەکەمانو گەیاندنی پەیامی خەباتی سیاسیو پێشمەرگایەتی بە ڕای گشتی لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا. چالاکییەکان لە سەرەتای کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو چەکەرەیان کردو خۆیان کۆکردەوە، لە ناوەڕاستی هەمان کاتدا وەك ناوەندێك کاروانی خەباتیان پەرەپێداو لە حەفتاکانو هەشتاکانی هەمان سەدەدا بزووتنەوەی کوردایەتی لە زۆر بۆنەو هەلکەوتەدا پشتی بەو بزووتنەوەیە دەبەستو پرسو رای پێدەکرد، بە تایبەتیش لە کاتی رووداوی کارەساتەکاندا[١]. بزووتنەوەی ناوبراو جگە لە بەڕێکردنی خۆپیشاندانو مانگرتنو دەرکردنی بەیاننامەو پۆستەری ناڕەزایی خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی رۆژنامەگەرییە، کە بەداخەوە لە چەند پەرەگرافو پەراوێزێك[٢] بترازێت ئەگەرنا تا ئێستا بابەتێکی شیاو سەبارەت بە رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا نەنووسراوە، لەبەر ئەم هۆیەو لە پێناوی رزگارکردنی مێژووی رۆژنامەگەریی نەتەوەکەمان لە فەوتان، دەستم بە نووسینو ئامادەکردنی ئەم بابەتە کرد.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە، زۆربەی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکان کە لەم بابەتەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، لە کتێبخانەی شەخسی[٣] لەسوید کۆکراونەتەوە، چونکە بەداخەوە لە دەرەوە مەڵبەند، یاخود ناوەندێك نییە بۆ ئەرشیفکردنی چاپەمەنیو رۆژنامەگەریی کوردی، ئەمەش یەکێك بوو لە کێشە سەرەکییەکانم.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە رۆژی دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٧٥ رێکخراوی سەرەکیی زۆربەی هەرە زۆری خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا، کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی لە خۆی کۆکردبووەو ناوەندێکی هاوبەشی کوردییو کوردستانی بووە، بەڵام دوای هەرەسی ١٩٧٥ حزبە کوردو کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکەش، وەك حزبەکانی کوردستانی باشوور، هەوڵیان دا رێکخراوی خوێندکاریی خۆیان دابمەزرێنن. لەم رووەوە دەمەوێت سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رابکێشم، کە ئەم بابەتەی ئێمە جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، زیاتر باس لەو کۆمەڵە خوێندکارییە[٤] کوردو کوردستانییانە دەکات، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٩١ ئەو حزبە کوردو کوردستانییانە دایانمەزراندوون، کە زیاتر لە کوردستان خەباتیان

کردووەو دەیکەن. هەروەها ڕێکخراویشی تێکەوتووە، کە لە ئەوروپا یاخود ئەمریکا دامەزراونو وابەستە نین بە هیچ حزبو ڕێکخراوێکی سیاسی، بە تایبەتیش خودی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦– ١٩٧٥.

## کورد لە هەندەران

دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی جیاوازو بەرنامەی لە پێشینەی هەر یەکێك لەو دەوڵەتانە بۆ تواندنەوەو چەوساندنەوەو جینۆسایدی نەتەوەی کورد، هۆشیاریی نەتەوەیی لێکەوتەوە. ئەو هۆشیارییەش سەرەتا لە لای خوێندەوارو ڕۆشنبیران هەستی پێکراوە، ئەو دەستەیەش تا بۆی لواوەو بواری بۆ رەخساوە ئەو شێوە سیاسەتو داپلۆسینو دیسپلینەی رەتکردۆتەوەو خەباتی لە دژی کردووە. بەڵام کە لە ناوەوە هیچ بوارێکی بۆ نەماوەتەوە رووی لە تاراوگە کردووەو بە شێوازێکی تر خەباتی نەتەوەیی پەرەپێداوە، لەو روانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، یەکەمین دەستە لە کوردو خەڵکی کوردستان، کە رووی لە دەرەوەی کوردستان کردبێت، بریتی بوون لە رۆشنبیرو رووناکبیرو زیاتریش لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوو دەستی پێکردووەو بۆ وڵاتانی ئەوروپاش بووە، بەڵام دیارترین کۆچ پاش رووخاندنی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ دەستی پێکردووە(٥) ، کە دەیان کەس ئەوساو بەگوێرەی دەرفەت روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد، بەڵام دەبینین لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی دەسەڵاتدا لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، چەوسانەوەو ستەمێکی تر رووبەرووی کورد بوونەتەوەو دەستەیەکیتر ئەو واقیعەیان قبوڵ نەکردووەو روویان لە دەرەوە کردووە. بەڵام کۆچی دیاری کورد دوای هەرەسی ١٩٧٥، ئەنفالەکانی ١٩٨٨و ساڵانی ١٩٩١و ١٩٩٦ لە کوردستانی عێراقو لە ماوەی حوکمی میلیتارییەتی تورکو دەسەڵاتدارێتی جمهوری ئیسلامی ئێران لە ١٩٨٠ دەستی پێکردووە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین، کە کۆمەڵێك لاو بۆ خوێندنو بە ناوی خوێندن روویان لە ئەوروپاو ئەمریکا کردووەو پاشان بوونەتە ئەندامی چالاكو ناسراوی نێو بزووتنەوە خوێندکارییەکان. دیارە هەندەرانو بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا پێویستییان بە باسو لێکۆڵینەوەو لێدوانی تایبەتو فراوان هەیە، ئەو چەند دێرەی ئێمەش تەنیا بۆ زانیاری گرێدراوە بە ناونیشانی سەرەکی بابەتەکەمانەوە.

رۆژنامەی كوردستان، ١٨٩٨ سەرەتای ياخيبوونی رۆشنبيری كوردە لە داگيركەرو ستەمكارانی كوردستان، گەڕانە بۆ ئازادی دەربڕينو راچەنينی وشەی كوردی لە زنجيری دەسەڵاتدارانی ديكتاتۆر، رۆژنامەی كوردستان لە زۆر بوارو دەريچەو تا ئاستێك دەروازەشدا لێكۆڵينەوەو قسەو باسی لێوەكراوە، بەلام ئەوەی من نەمبينيوەو نەكەوتۆتە بەرچاومو نەمخوێندۆتەوە، ئايا رۆژنامەكە نووسينگەيەكی بۆ بەرێوەچوونی كاروبارەكانی هەبووە؟ ئايا بە تەنيا ميقداد مەدحەت بەدرخان تەواوی ئيشەكانی رايی كردووە؟ ئەگەر نووسينگەی خۆی نەبووە، ئايا ئەدرێسی رۆژنامەكە، هەمان ئەو ئەدرێسە بووە، كە رۆژنامەكەی لێ چاپكراوە؟ كوردستان لە ميسرو سويسراو بريتانيا چاپكراوەو شوێنگۆڕكێ بە شوێنی چاپكردنی كراوە، ئايا ميقداد مەدحەت لە ميسر نيشتەجێ بووەو بە پۆست رۆژنامەكەی ناردۆتە سويسرا ياخود بريتانيا تا چاپبكرێت؟ يان لەو ولاتانەش لە چاپخانەدا خۆی سەرپەرشتی دەرچوونی كردووە؟ چونكە ژمارەكانی كوردستان لەباری فۆرمدا (پيت، ديزاين، قەبارە) زۆربەی ژمارەكانی وەك يەكنو گۆڕانكارييان تێدانەكراوە.

"كوردستان" ئەگەر لەو ولاتەدا نووسينگەشی نەبووبێت بۆ كۆكردنەوەی رۆشنبيرانی كوردو دۆستانی نەتەوەكەمان، بەلام لە ئەسڵی مەبەستدا دەكرێت مێژوونووسانی كورد وەك يەكەمين ناوەندی رووناكبيری كوردیی لە دەرەوەی كوردستان سەيری بكەنو لێكۆڵەرانيش لەو بوارەدا خوێندنەوەی بۆ بكەن، چونكە ئەگەر مێژووی رۆژنامەگەريی كوردی لە تاراوگە، واتە دەرەوەی كوردستان بنووسرێتەوە، پێويستە رۆژنامەی كوردستان وەك چۆن يەكەمين رۆژنامەی كوردييە، بە يەكەمين رۆژنامەی كوردیی لەتاراوگەش لە قەڵەم بدرێتو ئێمەش كاتی خۆی بە يەكەمين رۆژنامەی نهێنيی[٦] كورديشمان پۆلێن كردووەو داناوە.

كەواتە، رۆژنامەی كوردستان پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندكاران لە ئەوروپا، ئەم دەستی بە بزاوتی رووناكبيريی كوردی كردووە.

راسته کوردستان ناوەندو هەناوی دامەزراندنی بزووتنەوەی سیاسیو رێکخراوی حزبی کوردی بووه، بەڵام ئەگەر ئەستەمبوڵ، وەك پایتەختێکی رێنیسانسی مەعریفی کوردیی له (١٩٠٨-١٩٢٤) لەو رستەیە دەربهاوێین، ئەوه ئەوروپا مەڵبەندی دامەزراندنو راگەیاندنی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد بووه. ئەگەرچی ساڵی ١٩٤٦ دوای جاڕدانی کۆماری کوردستان له مەهاباد کۆمەڵەیەك دامەزرا[٧] به ناوی (یێکەتی جەوانانی دیموکرات)، گۆڤاری خۆشیان هەبوو. بەڵام کۆمەڵەیەکی تایبەت نەبووه به خوێندکاران. هەروەها له ساڵی ١٩١٣ له شاری لۆزان/ سویسرا، له لایەن جەمیل پاشا، لقێك بۆ رێکخراوی (کورد تەلەبە- هێڤی جەمعییەتی) دامەزراوەو پاش ئەم هەوڵەی کامەران بەدرخان، سەنتەرێك بۆ توێژینەوه به ناوی سەنتەری توێژینەوه کوردییەکان دادەمەزرێنیو به هاوکاری چەند خوێندکارێك گۆڤارێك به ناوی بوللەتین به زمانی فرەنسیو ئینگلیزی بڵاودەکاتەوه. هەروەها ساڵی ١٩٤٩ هەر له شاری لۆزان/ سویسرا به دەستپێشخەری نورەددین زازاو عیسمەت شەریف وانلی، کۆمەڵەی (لاوانی دیموکراتی کورد له ئەوروپا) دامەزراو زیاتر بایەخی به ژیانی رێکخراوەیی خوێندکاران داوه، سەبارەت بەم رێکخراوه بۆچوونی دوو نووسەر وەردەگرین:

(ساڵی ١٩٤٩ چەند خوێندکارێکی دڵسۆزی کورد که ئەوکاته له ئەوروپا ئەیانخوێند، لەوانە: نورەددین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت عەقراوی، عەبدوڵڵا قادر... بیریان لەوه کردەوه، که رێکخراوێك بۆ خوێندکارانی کورد له ئەوروپا دابمەزرێنن، تا ئەمانیش بتوانن وەك خوێندکارانی وڵاتانی تر. شان به شانی خوێندکارانی جیهان تێبکۆشنو هەوڵ بدەن مەسەلەی گەلو نیشتمانەکەیان به گەلانی جیهان بناسێنن، لەبەر کەمیی ژمارەی خوێندکارانی کورد لەو کاتەداو لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە ئەو بیروباوەڕە زیاتر باوبوو، که خوێندکارانی هەر وڵاتێك دەبێ لەو رێکخراوانەدا کاربکەن، که به ناوی دەوڵەتەکانیانەوه ناونراون، ئەم کۆمەڵەیه ئەوەنده برِی نەکردو پاش چەند ساڵێك لەناوچوو)[٨]. بەڵام د. جەمال نەبەز، له پاڵ ئەو ناوانەی پێشەوه ناوی ئەورەحمانی قاسملوو ناوی ئەحمەدی برای قاسملوش دێنێت.

(لـه ١٩٤٩دا لـه لـۆزان/ سویـسرا، پێـنج قوتـابی کـورد لـه یـەکـتر کۆدەبنـەوەو بڕیـاردەدەن کۆمەڵـەیـەکـی قوتابییـان لـه ئـەوروپـا دروسـت بکـەن، هـیچ نـەبـێ بـۆ پێشوازیکردن لەو قوتابییە کوردانەی کە تازە دەگەنە ئەوروپـا، هـەروەهـا لـە پێنـاوی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسو زانیاری لەبارەی کێشەی کورد لەناو زانکۆکانی ئەوروپاو لـە ناو قوتابیانی کـورد لـه ئـەوروپـادا، عیـسمەت شـەریف وانلـیو نـورەدین زازا، کـە دوو رووناکبیرو سیاسەتمەداری دیاری کوردن، سـەرقافڵـەو ڕێبـەری ئـەو قوتابییانـە بـوون، کۆمەڵەکەیان به ناوی کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد لە ئەوروپا دامەزراند [٩]
(Jeunesse Democratique Kurde En Europe)

ئـەم ڕێکخـراوە کـارو چـالاکیی زۆر دیـارو بـە ناوبـانگی نـەنواند، بـەڵام هـەوڵێکی سەرەتایی گەشە لـە مێـژووی بزاڤـی خوێنـدکاران لـە ئـەوروپـاداو بـووە بناغەیـەك بـۆ گەڵالەی بیری کارکردن بۆ دامەزراندنو راگەیاندنی ڕێکخراوێکی باشترو یەکگرتووترو پڕ بەرهەمتر. (حەڤدە خوێندکاری کورد کە ئەوکاتە لە ئـەوروپـا ئـەیانخوێنـد بـە هانـدانو دەستپێـشخەری دکتـۆر نـورەدین زازا لـە ١٠-١٦/ ئـاب/ ١٩٥٦ لـە شـاری ڤیزبـادن لـە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە کۆمەڵەیەك بۆ خۆیان دابمـەزرێـنن، بـەڵام لەبـەرئـەوەی هـەمـوو بـەشـداربووانی کۆبوونـەوەکـە لەسـەر ئـەوە یـەك نـەبـوون، کـە خوێندکارانی کوردیش مافی ئەوەیان هـەیـە وەك خوێنـدکارانی هـەمـوو وڵاتـانی جیهـان ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆیان هەبێت، پـاش گێڕمـەو کێـشەیەکـی زۆر، کـە حـەوت ڕۆژی خایانـد، ئـەمجـا بڕیاریـان دا، کـە ڕێکخراوێکـی ڕۆشـنبیری بـۆ خوێنـدکارانی کـورد دابمەزرێنن، بە ناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی[١٠] خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کـە تـەنیـا لە رووی ڕۆشنبیریو گۆڕینەوەی زانیارییەوە پەیوەندیی نێـوان خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەوروپا ڕێکبخاتو هەقی بەسەر سیاسـەتو تێکۆشـانی سیاسـیو خـەبـاتی نـەتـەوەی کوردەوە نەبێت)[١١].

ئـەم ڕێکخـراوە لـەکۆنگرەی سـێیەمدا نـاوی خـۆی گـۆڕیو کـردی بـە (کۆمەڵـەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)و ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێـداوەو تـا هـەرەسـی ساڵی ١٩٧٥ بە یەکگرتوویی مایەوەو لەو ماوەیەدا شازدە کۆنگرەی بەستووەو لە ماوەی ١٩ ساڵدا هەریەکێك لە نورەددین زازا، کەمال فوئادو تاریق عەقراوی سـەرۆکـی کۆمەڵـەکـە بوون.

## بۆ کۆنگرەی حەڤدەیەمین شکستی بە کۆمەڵە دا؟

لە کۆنگرەی حەڤدەدا کە لە ٢٧-١٩٧٥/٨/٢٨، لە بەرلینی ڕۆژئاوا کارەکانی بەڕێوەبرد، ڕێکخراوی ناوبراو یەکڕیزی خۆی لە دەست داو کۆنگرەکەش شکستی هێنا. سەبارەت بەم کۆنگرەیە لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە: (ئەندامانی خوێندکاران لە هەمو وڵاتەکانەوە بانگ کران بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا، شوێنی بەستنی کۆنگرە، ڕۆژی دەسپێکردنی ١٩٧٥/٨/٢٦، کە ئەندامەکان چووبوون بۆ هۆڵی کۆبوونەوە، سەیریان کردبوو وێنەیەکی زۆر گەورەی مەلا مستەفا بە دیواری سەکۆی بەردەمی هۆڵەکەدا هەڵواسراوە، دەستەی بەڕێوەبەر لە بەردەمیدا دانیشتوون، ئەمە ناڕەزاییەکی زۆری لە ناو هۆڵەکەدا خوڵقاند بوو، داوا کرا وێنەکە دابگرن. ئەوانیش سوور بوون لەسەر هێشتنەوەی، زۆربەی ئەندامان هۆڵەکەیان بە جێ هێشتبوو/ نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ١٩٧٥- ١٩٧٨، چاپی بەرلین/ ئەڵمانیا، ١٩٩٧، لاپەرە ٥٣- ٥٤)، نەوشیروان مستەفا لە درێژەی قسەکانیدا نووسیویەتی، کە ئەوان وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ هەڵوەشانەوەو تێکدانی کۆنگرەکە نەبوون، بەڵام محەمەد موهتەدی، سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێیوتم: ئێمە گەرای ڕاپەڕینو یاخی بوونمان لە دەستەی سەرەکیو چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی خوێندکاران لە چیکوسلۆڤاکیا دانابوو، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٦٨ توانیمان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە لقی چیکۆسلۆڤاکیا لەو کەسانە وەربگرین، کە بە دڵی سەرکردایەتی ئەو کاتەی شۆڕش بوون، دوور کەوتنەوە لە کۆمەڵەی پێشوو، دامەزراندنی ئەکساش یەکێك بوو لە بەرنامەکانمان، کە چیتر خۆمان وابەستە نەکەین بە کۆمەڵەی پێشوو. لە ئەکسادا سەرۆکو لێپرسراوی یەکەم نەبوو، بەڵکو لێپرسراوی بەشەکان هەبوو... لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ محەمەد موهتەدی، شەوی ٩/٨-٢-٢٠٠٨)، بەڵام د. کەمال فوئاد دەنووسێت، کە ئەوان لەگەڵ ئەوە بوون، چیتر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد گرێدراو نەبێت بە سەکردایەتی پێشووەوە.

بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگترە ئەو قسانە زۆربەیان بیانوون، خاڵی هەرە سەرەکی هەرەسی شۆڕشی خەڵکی کوردستان بوو لە باشووری کوردستاندا، کە زۆربەی هەرە زۆری کورد ئۆباڵی شکستی شۆڕشیان بۆ سەرکردایەتیەکەی دەگەڕاندەوە.

پاش ئەو ڕووداوە، هەر حزبە ڕێکخراوی خوێندکاریی خۆی دامەزراند، بۆ نموونە: کوردەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق، وەك دەزانرێت دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩حزبی شیوعی عێراقی دەستبەرداری بەرەی نیشتمانی بوو، لەگەڵ حزبی بەعسدا دەستی بە خەباتی چەکداری کرد، لە دەرەوەش ئەندامەکانیان دەستیان بە کارو چالاکی کرد لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ksse . هەروەها ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بە هەمان شێوە، هەریەکەو بەجیا یەکێکیان لە چیکۆسلۆڤاکیاو ئەوی تر لە ئەڵمانیا ناوەندێکی خوێندکارییان بە هەمان ناوەوە دامەزراند ، واتە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ksse ، ناوە ناوەش بە جیا کۆنگرەی خۆیان سازدەکرد. هەردوو لایان خۆیان بە درێژەپێدەری کۆمەڵەکەی پێشوو دەزانی. یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانیان لە دەرەوەی وڵات – ئەکسا– دامەزراند، یەکێك لە دامەزرێنەرانی[١٢] ئەکسا نووسیویەتی: (کۆنگرەی حەڤدەهەم لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦دا لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا پێکهات، ئەم کۆنگرەیە ناوی کۆمەڵەی گۆڕی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە ناسراوە بە ئەکسا لە کورتکراوەی ناوی کۆمەڵەیە بە ئینگلیزی (AKSA) (Association of Kurdistan Students Abroad)

هەروەها لە سەروبەندی کاروچالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦–١٩٧٥ (نوکسە– NUKSE)ەش دروست بوو.

(نوکسە واتە یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٥دا، واتە لە ١٩٦٥/٣/٢١ دا لە مۆنیخ لە لایەن بروسکە ئیبراهیمو لەتیف عەلیو ئەحمەد نەقیبو نووسەری ئەم وتارەوە– واتە جەمال نەبەز– دامەزرێنرا. لە ساڵی ١٩٧٧ دا خۆی هەڵوەشاندەوە)[١٣] ئەمەو لە ١١/ ئەیلول/ ١٩٨٠ ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا، واتە (سۆکسە)[١٤] دامەزرا، ئەو دوو ڕێکخراوە نەخۆیان بە بەشێك لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦–١٩٧٥ دەزانی، نەخۆیان بە درێژەپێدەری ئەوان زانیوە. ڕێکخراوی (سۆکسە) نزیكو سەر بە پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) بوو، هەروەها پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان،

لـــه دەرەوەی کوردســـتان ســـاڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوێکـــی بـــۆ خوێنـــدکاران‌و لاوان دروستکردووەو ناوی لێناوە یەکێتی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستان لە ئەورووپـا کـە بـە (یوکسی)[١٥] ناسراوە.

هـەروەهـا لـە سـەرچـاوەکاندا[١٦] نـاوی ئـەم ڕێکخراوانـەش هـاتووە: (کۆمەڵـەی خوێندکارە کوردستانییەکان لە ئەمریکاو کەنـەدا)و (کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەورووپا لقی وڵاتە یەکگرتووەکان–سەربەخۆ)، (یەکێتی کرێکارو خوێندکارانی کورد لـە بەلجیکا، ١٩٧٨)،(یەکێتی خوێندەڤانـانی وەڵاتپـارێزی کوردسـتان، ١٩٨٧) ،(یـەکـێتی خوێندەڤانانی کوردستان– باکوور)، (ڕێکخـراوی خوێنـدکارانی کـوردەکـانی سـوریا لـە دەرەوەی وڵات) ، (یـەکـێتی ئیـسلامی قوتابیـان‌و لاوانـی کوردسـتان)، (ڕێکخـراوی خوێندکاران‌و لاوانی ئیسلامی کوردستان).

هەر یەکێك لەو ڕێکخراوە ناوبراوانە بە گوێرەی تواناو بوونی ئـەنـدام‌و ئـەنـدامی چـالاك کاریان کردووەو کاریگەرییان هەبووە. ئەو کەرتبوون‌و پارچە پارچە بوونەی ڕێکخـراوە خوێندکارییەکان بەو شێوەیە مایەوە، تـا لـە کوردسـتانی باشـوور بـەرەی کوردسـتانی نێوان حزب‌و لایەنە سیاسییەکان پێك هێنرا، ئەوانیش لە ژێرسایەی بەرەدا بە بڕیارێکی سیاسی سەرووی خۆیان کۆنگرەی یەکگرتنیان گرێداو لە ڕۆژانـی ١٩–١٩٨٨/٨/٢١ بـە ئامادەبـوونی نزیکـەی ٦٠٠ کـەس کـۆنگرەی یـەکگـرتنی کۆمەڵـە خوێندکارییـە کـوردو کوردسـتانییەکـان لـە دەرەوەی وڵات لـە بـەرلـینی ڕۆژئـاوا کاروبارەکـانی بـەڕێوەبردو کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەورووپـا (ksse ) هاتەوە مەیدانی خەبات. دروستکردنەوەی ڕێکخراوی ناوبراو زۆر نزیك بوو لە پێکهاتـەو چـۆنیەتیـی کـارکردن‌و بـەڕێوەبردنی کاروبـارەکـانی بـەرەی کوردسـتانی، کـۆنگرەی یـەکگرتنـەوەی خوێنـدکاران‌و ئـەنجامـەکـانی دەرهاویـشتەی بڕیارێکـە، پـێش ئـەوەی کۆنگرەکە سازبکرێت بە زیاتر لە سـێ مـانگ، نامـەیـەکـی هاوبـەشـی ئـەمـر پێکراویـان ئاراسـتە کـراوە، کـە ئیمـزای هـەریـەکێـك لـە یـەکـێتی نیـشتمانی کوردسـتان‌و پـارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق‌و حزبی شـیوعی عێراقـی لەسـەرە، نامـەکـە بـە عـەرەبـی نووسراوەو بریتییە لە پازدە خاڵ‌و مێـژووی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٢ لـە سـەرە، بـۆ نموونـە چەند خاڵێك بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی دەنووسینەوە.

- لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لە نوێنەرانی ئەم سێ لایەنە پێك دێت:

١. كۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کــورد لــە ئــەوروپــا، ناوەنــدی پــراگ، ئــەم کۆمەڵەیە سەر بە حزبی شیوعی عیراقی بووە.
٢. کۆمەڵەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپـا، ناوەنـدی بـەرلـین، ئـەم کۆمەڵەیە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بووە.
٣. کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کوردســتان لــە دەرەوەی وڵات، ناوەنــدی بەرلین/ ئەکسا، سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.

- کۆنگرەی یەکگرتنەوە لە ئابی ١٩٨٨ لە بەرلینی رۆژئاوا سازدەکرێت.
- دەستەی بەڕێوەبردنی گشتی لە (١٩) ئـەنـدامو سـکرتاریەت لـە (١١) ئـەنـدام پێك دێت.
- مەسـەلـە سـەرەکییـەکـان، پێـشەکیو لـە بنەڕەتـەوە حزبـەکانمـان لەسـەری رێککەوتوون.
- سکرتاریەت لە ٩–١١ ئەندام پێك دێت، بەم شێوەیە: پدك–٢، حشع–٢، ی ن ك–٢، حسك–١، پدگك–١، حشع سوریا–١، چەپی کوردی تورکیا–١، کوردی سوریا–١، ئەگەر گونجا ئێران–١، بێلایەن–١.
- سەرۆکایەتی سکرتاریەت دەورییە، لە نێـوان پـدك، حشع، ی. ن. ك. ئـەگـەر لایەنێك بووە سەرۆك نوێنەرانی دوو لایەنەکەیتر دەبنە جێگر.
- میساقی بەرەی کوردسـتانی دەکرێتـە بنـەمـا لـە کـاتی ئامـادەکرنی راپـۆرتی سیاسی بڕیارەکانی کۆنگرەدا(١٧).

دوای ئەو کۆنگرەیە وەك چۆن لە کوردستان مەیدانی خەباتی پێشمەرگایـەتـیو کـاری رێکخـستن لـە نێـوان حـزبو رێکخـراوە سیاسـییەکانـدا قۆنـاغێکی زێـڕینی لـە کـاری هاوبەشو بـەرهـەمـی هاوبـەشـدا بـەخـۆوە بینیـووە، بـە هـەمـان شـێوە لـە دەرەوەی کوردستانیش، بە تایبەتی لە ئەوروپاو ئەمریکادا زۆربەی کوردی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان، رێگـای سـەرکـەوتـنی ئـەم کۆنگرەیـە ئومێـدیان بـە سـەرکـەوتـنی بـەرەی کوردستانی تۆکمەتر بوو، راستە نەدەبوو سەرکردایەتی حزبەکان راستەوخـۆ ئـەمـر بـە کۆمەڵـەکـانی خوێنـدکاران بکـەن بـۆ گرێـدانی کـۆنگرەی یـەکگـرتن، بـەڵام ئـەگـەر بـە واقیعییانە ئەوێ رۆژێ بخوێنینەوەو ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵەکـانی خوێنـدکاران ورد

بکـەینـەوە کۆنگرەکـە لەبـەر ئـەوەی کـۆنگرەی یـەکگـرتنی کۆمەڵـەی خوێندکارییـە حزبییەکان بوو، بۆیە کۆمەڵەکانیشیان چاوەڕێی بڕیاری سەرووی خۆیان دەکرد.

بەڵام وەنەبێت هەموو ڕێکخـراوە خوێندکارییـەکـان دوای سـەرلـەنوێ دامـەزرانـدن‌و دروستکردنەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا خۆیان لە نێو کۆمەڵـەی ناوبراو هەڵوەشاندبێتەوە، نەخێر چەند ڕێکخراوێك بە شێوەی پێکهاتەی یـەکگرتنـەکـە ڕازی نەبوون، یەکێك لەو ڕێکخراوانە (ڕێکخـراوی خوێنـدکارانی سۆسیالیـستی کـورد لـە ئەوروپا–سوکسە)ی سەر بە پارتی سۆشیالیستی کورد– پاسۆك بوو.

بە گشتی چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردسـتان لـە ئـەوروپـاو ڕێکخـراوە خوێندکارییـەکـانی تـر ڕازی نـەبـوون لـە کـۆنگرەی یـەکگـرتنی خوێندکارانـدا خۆیـان هەڵبوەشێننەوە تا ڕۆژانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە گـوڕوتین درێـژەی هـەبـووە، بـەڵام دوای ئەو مێژووە چالاکی‌و بەرهەمەکانیان روو لە کـزی بـوون تـا وا کـەوتنـەوە ناویـان بـووە بەشێك لە لاپەڕەکانی مێژوو، لەمەڕ لاوازبـوونی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لـە ئـەوروپـا ڕایـەك هـەیـە، کـە وەك هـەمـوو ڕێکخـراوە خوێندکارییـەکـانی‌تـر لـە جیهانـدا چالاکییەکانی کزو لاواز بوون[١٨].

کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

- کۆنگرەی دامـەزرانـدن، ١٠–١٩٥٦/٨/١٦ شـاری فیزبـادن لـە ئـەڵمانیـای فیدڕاڵ: پاش گفتوگۆیەکی حەوت ڕۆژە لە نێوان حەڤدە خوێندکاردا، بـە دەسـت پێـشخەریـی نـورەددین زازا، بڕیاریـان دا کـە کۆمەڵـەیـەك بـۆ خوێنـدکارانی کـورد دابمـەزرێـنن‌و ناویـان لێنـا (کۆمەڵـەی زانـستی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا).
- کـۆنگرەی دووەم، ٢–١٩٥٨/١/٤، لەنـدەن– بریتانیـا، بیـستو دوو خوێندکار تیایدا بەشداربوون.
- کۆنگرەی سێیەم، ٤–١٩٥٨/٨/٨، میونیخ– ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا. حەڤـدە خوێندکار تیایدا بەشداربوون‌و لەم کۆنگرەیـەدا نـاوی کۆمەڵـەکـە کـرا بـە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)
- کۆنگرەی چوارەم، ٢٣–١٩٥٩/٧/٢٦ ڤییەننـا– نـەمسا، چـل خوێنـدکار بەشداربوون.

- كـۆنگرەی پێنجـەم، ٢١-١٩٦٠/٨/٢٦، بـەرلـینی رۆژئـاوا، حـەفتاو دوو خوێندكار بەشداری كۆنگرەكەیان كرد.
- كۆنگرەی شەشـەم، ٢١-١٩٦١/٨/٢٦، موینـستەر- ئـەڵمانیـای فیـدڕاڵ، سەدونۆ خوێندكار بەشداربوون.
- كۆنگرەی حەوتەم، ٩-١٩٦٢/٨/١٥، براون شفایك- ئـەڵمانیـای فیـدڕاڵ، سەدو دە خوێندكار بەشداربوون.
- كۆنگرەی هەشتەم، ٩-١٩٦٣/٨/١٥، میونیخ- ئەڵمانیای رۆژئاوا، سـەدو پەنجاو شەش خوێندكار بەشداربوون.
- كۆنگرەی نۆیەم، ٣-١٩٦٤/٨/٦، هانۆڤەر- ئەڵمانیا،سەدو هەشتاو سـێ خوێندكار بەشداربوون.
- كـۆنگرەی دەیـەم، ١٧-١٩٦٥/٨/٢٢، بـەرلـینی رۆژئـاوا، سـەدو بیـستو پێنج خوێندكار بەشداربوون.
- كۆنگرەی یـازدەم، ٢٦-١٩٦٦/٨/٣٠، بـەرلـینی رۆژئـاوا. سـەدو حەڤـدە خوێندكار بەشداربوون.
- كۆنگرەی دوازدەم، ٢٧-١٩٦٧/١٢/٣١، بەلگراد.
- كۆنگرەی سیازدەم، ١١-١٩٦٩/٨/١٦، بەرلینی رۆژئاوا.
- كۆنگرەی چواردەم، ١-١٩٧٠/٨/٥، ستۆكهۆڵم- سوید.
- كۆنگرەی پازدەم، ١٥-١٩٧٢/٨/١٩، بوخارست- رۆمانیا.
- كۆنگرەی شازدەم، ١٦-١٩٧٣/٨/٢٠، بەرلینی رۆژئاوا.
- كۆنگرەی حەڤدەم، ٢٧-١٩٧٥/٨/٢٨، بەرلینی رۆژئاوا[١٩].

ئەم كۆنگرەیە بەهۆی هەرەسی شۆڕشو بزووتنەوەی چەكداری لە كوردستانی خواروو، شكستی هێناو زۆربەیان لەگەڵ ئەوە نەبوون، كە وەكو پێشوو خۆیان بە سەركردایەتی پێـشوو ببـەسـتنەوە[٢٠]، ئـیتر وەكـو وتمـان هـەر حزبـەو كۆمەڵـەی تایبـەت بـەخـۆی دروستكردو زۆربەی كۆمەڵەكانیش خۆیـان بـە درێژەپێـدەری (كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كورد لە ئەوروپا) دەزانی. كۆنگرەی تریـان سـازداوە، دوای ئـەو مێـژووە ئـەم كۆمەڵـە خوێندكارییانە دەست بەكاربوون:

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا)،سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو.
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ( ك س س ی) ناوەندی پراگ ، سەر بە حزبی شیوعی عێراق بووە.
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (ك س س ی) ناوەندی بەرلین، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق بوو.
- یەکێتی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستان لە ئەوروپا (یۆکسی)،سەر بە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بوو.
- رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا (سۆکسە)، سەر بە پارتی سۆسیالیستی کورد– پاسۆك بوو. لەگەڵ چەند رێکخراوێکی تر.

ئەمانەش ساڵانە، یاخود هەر دووساڵ جارێك یان زیاتر، کۆنگرەی تایبەت بە خۆیان گرێداوە، دوای جاڕدانی بەرەی کوردستانی زۆربەی رێکخراوەکان بە هەوڵی حزبەکانی ناو بەرەو بە بڕیارێکی سیاسی سەرووی خۆیان لە رۆژانی ١٩–١٩٨٨/٨/٢١ کۆنگرەی یەکگرتنی خوێندکارە کوردو کوردستانییەکانی دەرەوەی کوردستان لە شاری بەرلینی رۆژئاوا سازکراو لە ژێر ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا دەستیان بە چالاکی نواندن کرد، ئەم یەکگرتنە یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی جاڕدان‌و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی. کۆمەڵەی ناوبراو تا چەند ساڵێکیش دوای راپەرینی ١٩٩١ لە کوردستانی باشوور، بە کزی لەسەر کارو چالاکییەکانی بەردەوام بووە.

### ئامانجەکانی کۆمەڵە خوێندکارییەکان

هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ کاریگەری دەروونی شکست‌و نائومێدی هەر تەنیا لەسەر کوردەواری لە ناوەوەی کوردستان دروست نەکرد، بەڵکو کوردی دەرەوەشی نیگەران کردو بە بیرو شێوازو کردەوەو شێوە خەباتێکی تر سەیری بزووتنەوەی شکستخواردووی کوردایەتی دەکرا. سەرەتای گۆڕانکارییەکە رووبەڕووی تاکە رێکخراوێکی چالاکی کوردی‌و کوردستانی لە دەرەوەی کوردستان بووەوە، کە ئەویش کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بوو، رێکخراوەکە کەرتبوو، هەر حزبەو رێکخراوی خوێندکاریی خۆی بەڕێوەدەبردو کاروچالاکی خۆی دەکرد، بەڵام هەر هەموویان، ئەگەر کۆك نەبووبن ئەوا، لە ئامانجی نووسراویاندا زۆر لە یەکتر نزیك بوون،

ئامـانجی سـەرەکییـان بـریتی بـوو لـە ناسـاندنی کـوردو کوردسـتانو کێـشە رەواکـەی نەتەوەکەمان بە ناوەندەکانی بڕیار لە جیهانو ئاگادارکردنەوەی رای گشتی لەو ستەمو تاوانانەی، کە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەرهەق بـە نـەتـەوەکـەمـان دەیکـەن. ئەمەو بێجگە لە خزمەتکردنی پەنابـەرانـی کـوردو کۆکردنـەوەو نزیـك کردنـەوەیـان لـە ڕێکخراوەکانیاندا.

ئەركو کارەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە کۆنگرەیەك بۆ کۆنگرەیـەکـیتـر، بـە گوێرەی هەڵکـەوتو بـەرکـەوتـە سیاسـیو گۆڕانکارییـەکـانی دنیـا گـۆڕاون، ئـەگـەر نـا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەر لە دوای کـۆنگرەی سـێ ١٩٥٨ کـە وشـەی (زانستی) لە خۆی داماڵی بووە بەشێكو تەواوکەرو زۆر نزیـك لـە خـەبـاتی بزووتنـەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ناوەوەی کوردستاندا.

ناکرێت لە بابەتێکی لـەم شـێوەیەدا ئامـانجی هـەمـوو ڕێکخـراوە خوێندکارییـەکـان شیتەڵ بکەینو لە نێوان یەکتردا بەراوردیان بکەینو خالـە جیاوازییـەکانیـشیان دەست نیشان بکەین، چونکە ئەمە پێویستی بـە بابـەتێکـی سـەربـەخـۆ هـەیـە، هـەر بۆیـە بـە دۆکۆمێنتێکردنی ئەم باسەو باشتر تێگەیشتن لە ئامانجی ناوکۆیی خوێندکاران، کـە لـە کۆنگرەی یەکگرتووی مەڵبەندە خوێندکارییە کوردو کوردستانییەکان لە ئـەوروپـا ١٩- ١٩٨٨/٨/٢١ لە بەرلینی رۆژئاوا بڕیاری لەسەر دراوە، دەقاودەق دەینووسینەوە.

ئەركو ئامانجەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا

١. هەوڵـدان بـۆ پاراسـتنو بـەهێزکردنـی یـەکـێتی ریزەکـانی بزووتنـەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو پتەوکردنی پەیوەندیو دۆستایەتـی لـە نێـوان ئـەندامـەکانیـدا، بـۆ یارمـەتیـدانو نـەهێـشتنی گیروگرفتـە ئـەکـادیمیو کۆمەڵایەتییەکانیان.
٢. بەشداریو پشتگیری لە خەباتی رزگاریخوازییو دیموکراسـی گـەلـی کـورد لـە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە پێناوی بەدیهێنانی مافی چارەنووسی خۆ.
٣. پـەیـداکردنو پتـەوکردنـی دۆسـتایەتـیو هاوکـاری لەگـەڵ هـەمـوو ڕێکخـراوە پێشکەوتنخوازەکانی لاوانو خوێندکارانی جیهانو هێنانە کایەی رۆڵو چالاکی کۆمەڵە لە ریزی یەکێتیی قوتابیانی جیهانیو پشتگیری خەبـاتی گـەلانـی ژێـر دەستو هەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان.

٤. پاراستنی وێژەو کولتووری نەتەوایەتی‌و سوود وەرگرتن لە بیری زانستی‌و ڕۆشنبیریی پێشکەوتنخواز لەجیهان.
٥. بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان خوێندکارانی کوردو ئەو دەربەدەرو کرێکارە کوردانەی، کە بۆ دەرەوەی کوردستان کۆچیان کردووە، یان بە زۆر کۆچیان پێ کراوە.
٦. هەڵسان بە کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەتی‌و گشتی بۆ خوێندکارانی کوردو ژیاندنەوەی ڕۆژو یادە مێژوویی‌و جەژنە نەتەوایەتی‌و نیشتمانییەکان.
٧. نواندنی چالاکی بۆ پەیداکردنی هاوکاری بۆ گەلی کوردو گەلانی چەوساوەی جیهان.
٨. پەیداکردن‌و برەودان بە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوو دەزگا دەوڵەتییەکان.
٩. ئاگاداری‌و چاودێرییکردنی بارودۆخی خوێندکارانی کورد لە رووی خوێندن‌و هاندانیان بە بەرەو پێشەوەچوونی رادەی زانست‌و زانیارییان‌و گەڕانەوەیان بۆ بەشداری کردن لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.
١٠. دەرکردنی ئۆرگانێکی ناوەندی بەناوی "کوردستان"و هەروەها بڵاوکراوەی تر بە زمانی کوردی‌و زمانی بێگانە.
١١. پشتگیرییکردنی هەموو هەوڵدانێکی زانستییانە بۆ هێنانە کایەی زمان‌و نووسینی یەکگرتووی کوردی‌و بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوانەی، کە لە خزمەتی مێژووو کولتووری گەلی کورد دان‌و دەوڵەمەندی دەکەن [٢١].

بە بەراورد کردنی ئەم خاڵانە، بە ئەرك‌و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوانەی دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لەساڵی ١٩٧٥دا دەستیان بە کارو چالاکی کرد، ئەوەندە جیاوازنین، بەڵکو ئەگەر وەکو یەك نەبن، یەکتر تەواو دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئامانج‌و ئەرکەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپای سەر بە حزبی شیوعی عێراق بکەین، کە لە کۆنگرەی ١٩/ نیسان /١٩٨٧ بڕیاری لێدراوە، دەبینین هەمان ئەرك‌و ئامانجە، کە بریتییە لە (١١) خاڵ، بەڵام تەنیا لە شێوازو نووسینی ریزبەندی خاڵەکاندا پاش‌و پێش بە رستەو چەمکەکان کراوە، یا چەند خاڵێك روونتر کراونەتەوە یاخود بە پێچەوانەوە.

بە کورتی بە خوێندنەوەی ئامانجەکانی کارو چالاکی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپاو رێکخراوە خوێندکارییەکانی تر، تێدەگەین کە بۆچی دامـەزراونو لەسـەر چ بنەمایەك بەرهەمیان پێشکەش کردووە.

## مێژووی رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستان

بۆ باشتر ناسینو لێدوانو لێکۆڵینەوە لە مێژووی رۆژنامەگـەری خوێنـدکارانی کـورد لە دەرەوەی کوردستاندا، من بیروڕام وایە، کە ئەو مێژووە بەسەر ئەم چـەند قۆناغـەدا دابەش بکەین:

### قۆناغی یەکەم: سەرەتای خەبات ١٩٤٨-١٩٥٦

ئەم قۆناغە لە سـاڵانی ١٩١٣– ١٩٤٨ بـە کۆبوونـەوەی چـەند خوێنـدکارێك دەسـت پێـدەکات، بـە تایبـەتـیش کامـەران عـالی بـەدرخـان، کـە بـە مـەبـەسـتی خزمـەتـی خوێندکارانو کێشەی نـەتـەوەکـەمـان، گۆڤـارێکی لـە ژێـر نـاوی بوڵلێتـەن بـە زمـانی فەرەنسیو ئینگلیزی لـە هـەمـان سـاڵدا دەردەکـردو تـا سـاڵی ١٩٦١ زیـاتر لـە پـازدە ژمارەی لێ دەرچووە، ساڵی ١٩٤٩ گۆڤـاری (دەنگـی کوردسـتان) بـە زمـانی فرەنـسی لەلایەن کۆمەڵـەی لاوانـی[٢٢] دیمـوکراتی کـورد لەئـەوروپـا لـە شـاری لـۆزان/ سویـسرا، لەلایـەن عیـسمەت شـەریف وانلـیو نـورەدین زازا بڵاوکراوەتـەوە، ئـەمانـە هـەنگـاوی سەرەتاو یەکەمینی خەباتی خوێندکارانن لە تاراوگەدا.

### قۆناغی دووەم: هێزێکی یەکگرتوو ١٩٥٦- ١٩٧٥

ساڵی ١٩٥٦ کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لەشـاری ڤیزبـادن– ی ئەڵمانیا دامـەزراوەو دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری (کوردسـتان) بـە زمانـەکـانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی کردووە، ژمارە/١، ساڵی ١٩٥٨ دەرچووەو گوایـە ژمـارە/ ١٦ دوا ژمارەیەو لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە وڵاتـی بریتانیـا دەرچـووە، کۆمەڵـەی نـاوبراو لـە نەمسا گۆڤارێکی تری دەرکردووە بەناوی (پرشنگ) ژمارە/١، ساڵی ١٩٦٦و ژمـارە/٢، سـاڵی ١٩٦٧ بڵاوبۆتـەوە. سـاڵی ١٩٦٣ رێکخـراوی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەمریکـا[٢٣] دادەمەزرێتو هەمان ساڵ گۆڤارێك بەناوی (ز کـوردیش جۆرنـاڵ) بـە زمـانی ئینگلیـزی دەردەکـاتو تـا سـاڵی ١٩٦٩ بـەردەوام دەبێـت، سـاڵی ١٩٦٥ لـە ئـەڵمانیـا یـەکـێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا (نوکسە) دادەمەزرێـت، رۆژنامـەیـەك بـەنـاوی

(خوێنـدکاری کـورد) بـە زمـانی کـوردی، ڕۆژنامـەیـەکـی تـر بـە نـاوی (کوردسـتان ئینفۆرماسیۆن)[٢٤] بە زمانی ئەڵمانی بڵاودەکاتـەوە، هـەر لـەم قۆناغـەدا ١٩٥٦–١٩٧٥ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئـەوروپـا لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئـەوروپـا لقـی کـردەوەو زۆربەی لقەکانیش گۆڤارو بڵاوکـراوەی خۆیـان بڵاوکـردەوە، بـۆ نموونـە لقـی ئـەڵمانیـا گۆڤارەکەی بە ناوی (شۆڕشا کورد) بـووەو بـە زمـانی کـوردی بابـەتـی بڵاوکردۆتـەوەو ژمارە/١، ساڵی ١٩٧١و ژمـارە/٢، لـە سـاڵی ١٩٧٢دا دەرچـووە. ئـەمـەو دوای ئـەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ساڵی ١٩٧٢ گۆڤاری (کوردستان)ی وەسـتاند، لە هەمان ساڵدا بە هەمان ناوی (کوردستان)[٢٥]، بەڵام بە شێوازێکی تر تەنیا بە زمـانی ئینگلیزی دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی ساڵانە کردۆتەوەو تا هـەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٥دا هەژدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئـەم قۆناغـە قۆنـاغێکی دیـارو ڕۆشـنی بزووتنـەوەی خوێنـدکارانو ڕەوتـی ناسـاندنی کوردایـەتییـە بـە جیهـانی دەرەوە، بزووتنـەوەی خوێنـدکارانی کـورد لـە دەرەوەی کوردستاندا باسکێکی بەهێـزی یـەکگرتـووی بزاڤـی ڕزگاریخوازانـەی گـەلـی کوردسـتان بووە، کۆمەڵە، لقـی لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئـەوروپـا هـەبـوو، وەك لقـەکانی: ئـەڵمانیـای دیموکرات، بریتانیا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، سوید، دانیمـارك، فرەنـسا، پۆڵۆنیـا، یـەکێتیـی سۆڤیەت، چیکۆسلۆڤاکیا، یۆنان، یوگۆسلاڤیا، هەنگاریا، ڕۆمانیا، نەمسا.

### قۆناغی سێیەم: پەرتبوون و فرە ڕێکخراوەیی ١٩٧٦-١٩٨٨

ساڵی ١٩٧٥، هەرەسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتـەوەکـەمـان لـە کوردسـتانی باشـووردا، کاریگـەریـی لەسـەر هـەمـوو پارچـەکانی کوردسـتان جیهێـشتو چـەندان پرسـیاری بـێ وەڵامـی ڕووبـەڕووی مرۆڤـی کـورد کـردەوە، هــەرەس لــە دەرەوەی کوردستانیش، کوردی سەرگەردان کردو ڕێکخراوی (کۆمەڵەی خوێنـدکارانی کـوردی لـە ئەوروپا) لێکترازانو پەرتکرد، حزبو ڕێکخراوی سیاسی تر درووست بوونو هـەر حزبـە ڕێکخراوی خوێندکاریی خۆی دامەزراندو هەر یەکێك لەو ڕێکخراوانـە بایـەخی بـە بـواری ڕۆژنامەگەریی داوەو چەندان بڵاوکـراوەو گۆڤاریـان چـاپو بڵاوکردۆتـەوە، لـەو ڕووەوە دەتوانرێت سەیری بابەتی ڕابەرێك بۆ ڕۆژنامەگەریـی خوێنـدکارانی کـورد لـە دەرەوەی وڵات ١٩٤٩–١٩٩١ بکرێت کە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەی بۆ تەرخانکراوە.

جارِدانی بەرەی كوردستانی لە نێوان هێزە سیاسییەكانی كوردستانی باشوور بێ ئومێدییەكانی نەتەوەكەمانی كەمێك رەواندەوەو مالّی كارەساتباری كوردی كۆكردەوەو لە زۆر ئاستدا بەرەی كوردستانی كارو چالاكی نواند، بە تایبەتیش كاركردنی بۆ یەكریزیو یەكبوونو یەك گوتاری كردبووە سەردەستەی خەباتی خۆی، هەر زوو لە ئاستی دەرەوەی كوردستاندا بە هەمان گورو تینی حەفتاكان، بەلاّم بە شێوازو پێكهاتەی نوێ كاری بۆ كۆكردنەوەی رێكخراوەكانی خوێندكاران كردو زۆربەی زۆریانی لە رێگای كۆنگرەیەكی یەكگرتنەوەدا كۆكردەوەو لە ژێر ناوی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە ئەورووپا دەستیان بە چالاكی كردو لە رێگای دەركردنی چەند بلاّوكراوەو گۆڤارێك ئەو رێكخراوە پەیامی خۆی گەیاند.

## چالاكی تر:

بزاڤە خوێندكارییەكان لە ئەورووپاو ئەمریكادا هەر تەنیا سنووردار نەكرابوون بە دەركردنی بلاّوكراوەو رۆژنامەو گۆڤار، بەڵكو بەردەوام لەگەڵ بۆنە نەتەوەییو كوردستانییەكانو پێشهاتە سیاسیو كۆمەلاّیەتییەكان چالاكییان نواندووە، وەك خۆپیشاندانو رێپێوانو مانگرتنو ئاهەنگو دەركردنی بانگەوازو بەیاننامە، هەر بۆیە هەردەم باڵیۆزخانەی دەسەلاّتدارانی ولاّتانی داگیركەری كوردستان چاودێری ئەندامانی كۆمەڵە خوێندكارییەكانیان دەكردو هەوڵیان دەدا تیرۆریان بكەن، یاخود بۆ ولاّت بیانفرێنن، بۆ نموونە:

كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی ولاّت (ئەكسا/ AKSA) سالاّنە پۆستەرێكی گەورەی بە قەبارەی A1 بە شێوەیەكی زۆر رێكو پێك بە یارمەتی لقی ئیتالیا چاپ دەكردو لە هەموو ولاّتێك بلاّوی دەكردەوە . پۆستەرەكان بریتی بوون لە كاری هونەرمەندانی تەشكیلی كورد، یان وێنەیەكی فۆتۆیی، كە بارودۆخی كوردستانی دەخستە بەرچاو. ئێستاش ئەم پۆستەرانە بۆ جوانی لەسەر دیواری هەندێ ماڵدا دەكەونە بەرچاو.

ئەكسا جگە لە گۆڤارەكان، نامیلكەی تری دەركردووە، جگە لە بلاّوكردنەوەی پێرەو پرۆگرامەكانی خۆی بە زمانی كوردیو زمانەكانی تر.

له هەندێ شار، وەك بەرلین، تیپی شانۆ، موزیك، هەڵپەڕكێی دامەزراندبوو. لە پاڵ خۆپێشاندانو مانگرتنو هەلە دیمۆكراسییەكان، چالاكی هونەری وەك ئامرازێك بۆ كاری سیاسی بەكاردەهێنا، كە رۆڵی زۆریان هەبوو لەو سەردەمانەدا، كە سەدەها بەیاننامەو رۆشنكردنەوە بە زمانە جیاوازەكانی ئەوروپاو زمانەكانی تر، جگە لە زمانی كوردی، لە لایەن ئەكسا بڵاوكراتەوە. ئەكسا رێكخراوێكی ئەوەندە چالاك بوو، لە هەشتاكان لە راپۆرتی ساڵانەی (Bundesverfassung) ئەڵمانیا وەك چالاكترین رێكخراوی كوردی ناوی هاتووە، رژێمی عێراقیش لە هەشتاكان هەوڵی تەقاندنەوەی كۆنفرانسێكیدا، تێرۆریستەكان لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانیاوە گیران، جانتایەكی پڕ ماددەی تەقاندنەوەیان پێ بوو، لەبەردەم هۆڵی كۆنفرانس گیران، كتێبێك لە بارەی ئەم كاری تیرۆرە، بە زمانی ئەڵمانی لە لایەن غەیاس سایان، ئەندامی پەرلەمانی بەرلین بڵاوكراوەتەوە.

له وڵاتانی ئەوروپا هەمیشە بە دوای ئەندامانی ئەم كۆمەڵەیەوە بوون، هەر لە هەشتاكان ئەندامێكی ئەكسا لە بوخارستەوە رفێنراو بە دەرمان بێ هۆشكراو لە فرۆكەخانەی بوخارستەوە، رەوانەی ئەبوغرێب كراو خرایە ژێر ئەشكەنجە. [٢٦]

## كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە كوردستاندا

هەر دوای دامەزراندنی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٥٦دا لە رێگای ئەو كەسانەی لە كوردستانەوە سەردانی وڵاتانی ئەوروپایان دەكرد هەواڵو بەیاننامەو بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی ناوبراویان بۆ كوردستان دەبردەوە، بۆ نموونە ئەوەندەی من ئاگادارم چەندان ژمارەی گۆڤاری كوردستان ١٩٥٦– ١٩٧٢، كاتی خۆی گەیشتوونەتەوە كوردستانی باشوور، هەروەها چەند خوێندكارێكی كوردی دانیشتووی كوردستانی باشوور لە ساڵانی كۆتایی پەنجاكانو سەرەتای شەستەكانی سەدەی رابردوودا، كە لە توركیا دەیانخوێند بە هاوكاری چەند كوردێكی كوردستانی باكوور لە ژێر كاریگەریی كۆمەڵەی ناوبراودا كۆمەڵەیەكیان بە ناوی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە توركیا لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزراند، لە ساڵی ١٩٦٣ چەند كەسێكیان دەستگیركران بە تاوانی پەیوەندییان بە كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپادا، ئەمەو هەروەها لە ساڵی ١٩٥٩، ٤٩ كەسو لە ساڵی ١٩٦٣، ٢٣ كورد لە توركیا دەستگیركران لەبەر

ئەوەی لە ماڵەکانیان چەندان دۆکۆمێنتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ksse دەستی بەسەردا گیرا [٢٧] .

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. بۆ نموونە لە کاتی رووداوی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالە بەدناوەکاندا.

٢. لەم سەرچاوانە ئاماژەی پڕ لە هەڵەو کەموکوڕی بە رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دراوە خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم بابەتەو بەراوردکردنی بەو سەرچاوانە هەڵەو کەموکورییەکانی بۆ دەردەکەوێت.

(أ. ئەحمەد، تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨.

(ب. فەرهادی، حەمەساڵح، چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی، بەغدا، ١٩٨٨.

(ت. تەنیا، ئیسماعیل، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥–١٩٩٣، هەولێر، ١٩٩٨.

(پ. پیرباڵ، فەرهاد (د.) بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەوروپاو ئەمریکا ١٨٩٧–١٩٩٢، سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژمارە/٥، ٢٢/نیسان/١٩٩٨ لاپەڕە ١٣٣–١٥٨.

(ج. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١–١٩٩١، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣. زیاتر سوود لە چەند کتێبخانەیەکی تایبەتی ماڵان وەرگیراوە.

٤. مەبەستم لە ئەکسا، ksse، سۆکسەو یۆکسی یە.

٥. شیخ، علی، أضواء علي الحركة الطلابية الكردية في الخارج، من منشورات جمعية الطلبة الاكراد في أوروبا، پراگ، ١٩٨٦.

٦. ئەحمەد، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠٠٥ (نامەی ماجستێر).

٧. سەیری گۆڤاری (هاواری نیشتمان) مەهاباد، ژمارە/١، ساڵی ١٩٤٦ بکە.

٨. فوئاد، کەمال (د.)، چەند زانیارییەك لە بارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران، هاڤیبوون (گۆڤار) ژمارە/ ٢–٣، ئەڵمانیا، ١٩٩٨ لاپەڕە/١٠١.

٩. پیرباڵ، فەرهاد پیرباڵ (د.) ، بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەوروپاو ئەمریکا ١٨٩٧–١٩٩٢، سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژمارە/٥، ٢٢/نیسان/ ١٩٩٨، لاپەڕەی ١٣٦.

١٠. (زانستی) نەك (رۆشنبیری) دەتوانرێت سەیری سەر بـەرگـی پێشەوەی ژمـارە/١، گۆڤـاری كوردستان بكرێت، كە كۆمەڵەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٨ دەریكردووە.
١١. هەمان پەراوێزی ژمارە/٨، لاپەڕە/١٠٣.
١٢. مەبەستم لە د.كەمال فوئادە، سەیری پەراوێزی ژمارە/١١، لاپەڕە/١٠٥ بكەرەوە.
١٣. نەبەز، جەمال(د) ، بیری نەتەوەیی كوردی، سوید، ١٩٨٤، لاپەڕە/٢٥٩.
١٤. خوێنـدكاری كـورد (گۆڤـار) ئۆرگـانی خوێنـدكارانی سۆسیالیـستی كـوردە لـە ئـەوروپـا، ژمارە/٧، ساڵی ١٩٨٦، لاپەڕە/٤٣.
١٥. دەنگـی خوێنـدكارانو لاوان، هەواڵنامـەی یـەكێتیـی خوێنـدكارانو لاوانـی كوردسـتان لـە ئەوروپا لقی بریتانیا، ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٥، لاپەڕە/٣.
١٦. هەمان پەراوێزی ژمارە/ ٥، لاپەرە/ ٨.
١٧. ئەرشیفی خۆمو كاتی خۆی لە چەندان شوێندا دەقی نامەكە بڵاوكراوەتەوە.
١٨. پەراوێزی ژمارە/ ٨، لاپەرە/١٠٥.
١٩. بۆ ئەم زانیارییانە سوودم لە بەیاننامەیەكی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە ئـەوروپـا وەرگرتووە.
٢٠. پەراوێزی ژمارە/٨، لاپەرە/ ١٠٥.
٢١. ئەم ئامانجانە لە بەیاننامەیەكی كۆنگرەی یەككگرتنەوەدا وەرگیراون.
٢٢. هەمان پەراوێزی ژمارە/٩، لاپەرە/١٣٦.
٢٣. هەمان پەراوێزی ژمارە/٩، لاپەرە/١٣٦.
٢٤. سەیری پەراوێزی ژمارە/١٣، لاپەرە/٢٥٩ .
٢٥. هەمان پەراوێزی ژمارە/٩، لاپەرە/١٤١.
٢٦. سوود لە نامەیەكی عەبدولموئمین دەشتی وەرگیراوە كە تێیـدا وەڵامـی چـەند پرسـیارێكی داومەتەوە، ٢٠٠٧/١٢/١٨.
٢٧. ئالاكۆم، رۆهات، كورد كەتن دەفتەران، ماڵپەڕی نەفەل، رۆژی ٢٠٠٨/١/١٠.

# بەشی دووەم

# هونەرەکانی تەکنیکی رۆژنامەگەریی

# سەرەتا

چاپو چاپخانە، دیزاین، قەبارە، وێنە، ستوون، زمان، هەواڵ، وتار، ئەدەبو هونەر، رۆشنبیری گشتی و... هتد، ناوەرۆكو فۆرمی رۆژنامەگەریی پێكدەهێنن، بۆ ئاماژەدان بە ئاستی هونەریی رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە دەرەوەی كوردستاندا، سەرەتا پێم باشە بزانین كێ كاری لە گۆڤارو بڵاوكراوەكاندا كردووەو نووسینی تێدا بڵاوكردونەتەوە لەوانە: (د. كەمال فوئاد، دارا تۆفیق،عومەر شێخمووس د. مارف خەزنەدار، د. ئیحسان فوئاد، سەعدی دزەیی، د.جەمال نەبەز، نەوزاد موفتی، دارا عەتار، شەوكەت عەقراوی، تۆفیق وەهبی، د. حەمە سابیر، عومەر رەمزی، زاهیر حوسێن، فوئاد رەشە، د. رەفیق سابیر، سەلاح سەعدوڵڵا، مەحمود مەلا عیززەت، قادر دیلان، د. نەجمەدین كەریم، شێرزاد قازی، عەبدولموئمین دەشتی، فوئاد حوسێن،د. زوهدی داودی، فوئاد، عەلی وریا رواندزی، خەلیل جندیو دەیان ناویتر) بەو ناوانە بۆمان دەردەكەوێت، كە كەسایەتیو ناوی ناسراو كاریان لە رێكخراوە خوێندكارییەكان لە دەرەوەدا كردووەو راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ لە پشت دەركردنو بڵاوكردنەوەی گۆڤارو بڵاوكراوە خوێندكارییەكان بوون، هەروەها هەندێك لەو ناوانە تەنیا بە نووسین بەشدار بوون، ئەمەو سەرەرای بوونی دەیان ناوی خوازراو، بەڵام پێش ئەوەی لە بواری هونەرەكانی رۆژنامەگەرییەوە لێدوانیان بۆ بكەین هەر لە پێناوی ناساندنی زیاتر، سەرناوی (ئیندێكس)ی چەند گۆڤارو بڵاوكراوەیەك دەنووسینەوە، تا بەرچاو روونیو زانیاری زیاترمان هەبێت سەبارەت بە ناوەرۆكو ناوی بابەتەكانو جۆرو جیاوازیی لە نێوان بابەتەكاندا.

سەرناوی چەند بابەتێك

وەك لێكۆڵینەوەیەكی پراكتیكی ناونیشانو سەرناوی چەند بابەتێك دەنووسینەوە، كە لە رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لـە دەرەوەی كوردسـتان بڵاوكراونـەتـەوە، بـۆ ئەوەی بابەتەكەش درێژدادڕی تێنەكەوێت لەهەر بڵاوكراوەو گۆڤارێك تەنیا یـەك ژمـارە وەردەگرین:

**ksse** ، ژمارە/٢ تشرینی دووەمی ١٩٨١، (٨) لاپەڕەیە.

- سەروتاری ژمارە، ل/١ بە زمانی عەرەبییە.
- سڵاو، ل/١.

**لە چالاكییەكانی كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی كۆمەڵەكەمان، ل/٢.**

- لە چالاكی لقەكانی كۆمەڵە، ل/٢.
- رێگای تفەنگ، شیعری رەفیق سابیر، ل/٢.
- هەواڵ لە كوردستانەوە، ل/٨، بە زمانی عەرەبییە.
- لەگەڵ چەند بابەتێكی تردا.

**نضال الطلبة**، العدد/١، ئازاری ١٩٨٢، (١٢) لاپەڕەیە. (هەموو ژمارەكە بە زمانی عەرەبییە).

- وتەی ژمارە، ل/١.
- ناسینی یەكێتی خوێندكارانی جیهانی،ل/٢، وتار.
- لەمەڕ نەتەوەییو نێونەتەوەیی ل/٣، وتار.
- با كۆنگرەی داهاتوو دوا كۆنگرەی یەكگرتن بێت، ل/٥، وتار .
- هاواری مرۆڤایەتی، شیعری مەحمود دەروێش، ل/٦.
- توركیاو دیموكراتیەتی ناتۆ، ل/٩، وتار.
- خۆڕاگری پێشمەرگە، ل/١٢، پەخشان.

**بانگی كوردستان:** ژمارە/٢، تەموزی ١٩٨٢، (١٤) لاپەڕەیە. (هەموو بابەتەكان بەزمانی عەرەبین).

- وتەمان، مەشخەڵی كوردستان خامۆش نابێت، ل/٢.
- پیرۆزە یادی شۆڕشی چواردەی تەمموز، ل/٣، وتار.
- شیعرێكی ئاراگۆن ، لەخۆشەویستی نیشتماندا نیرۆدا گۆرانی دەڵێت، ل/٣، شیعر.
- لە بیرەوەری (٣٥) ساڵەی شەهیدانی كوردستاندا، ل/٥، وتار.
- چی دەربارەی زمانی كوردی دەزانیت؟ ل/٨، وتار.
- شاعیرێك لە كوردستانەوە.. بێ كەس، ل/٩، وتار.
- بەیاننامەیەك لە لیژنەی فەرەنسی دژی تیرۆر لەعێراقدا، ل/١٠.
- لەگەڵ چەند بابەتێكی تردا.

**خوێندكاری كورد**، ژماره/٣، ساڵی ١٩٨٣، (١١) لاپەڕەیە، (ئەمە گۆڤاری ك.س.س. ی)ە.

- نەورۆز. بەیاننامە، ل/٢.
- ٩ قەڵادزێ. ١ قەڵادزێ، ل/٣، وتار، بەزمانی عەرەبییە.
- نەورۆز لە نێوان زانستو ئەفسانەدا، ل/٥، لێكۆڵینەوە.
- چەند لایەنێك لە مێژووو خەباتی گەلی كوردمان لە ئێران،. ل/٧، وتارێكە بە زمانی عەرەبی.
- ئاورێك لە شانۆو رۆشنبیری لە كوردستاندا، ل/٩، وتار.
- لەگەڵ چەند بابەتێكی تردا.

**كوردستان:** ژماره/٣، ساڵی ١٩٨٣، (٤١) لاپەڕەیە.

- لایەنێك لە پێشكەوتنی مێژوویی كۆمەڵگای كورد، د. زوهدی داودی. ل/٣، لێكۆڵینەوەیەكە بە زمانی عەرەبی.
- شانۆی كوردی لە یەكێتی سۆڤیەت دا، ل/٨، وتارێكە بە زمانی عەرەبی.
- پاپلۆنیرۆدا (شاعیرێك لە شیلی)، ل/١٢، وتارێكە بە زمانی عەرەبی.
- عەبدولواحید نوری، نووسەرو تێكۆشەر، ل/١٥، وتارێكە بەزمانی عەرەبی.
- هونەرمەندێ مێژوو لە بیری چوو. وێژە خستیە رێی نەمران، قادر دیلان، ل/٢٣، وتار.
- عەلی مەردان ئەستێرەیەكی نەكوژاوەی ئاسمانی هونەرە، ل/٢٦، وتار.
- لەگەڵ چەندان بابەتی تردا.

**تریسكە**: ژماره/١، ساڵی ١٩٨٣، (٥٢) لاپەڕەیە.

- هەڵوێستمان بەرامبەر بەیەكگرتنەوەی بزووتنەوەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا، ل/١، وتار.
- لە كتێبی خەبات لە رێی كوردستانا، نووسینی: ن. أ.خەلفین، و:جەلال تەقی، ل/١٤، لێكۆڵینەوە.
- ئافرەتو كۆمەڵ، چەند سەرنجێك، هێڤی، ل/١٨، وتار.
- بارودۆخ لە كوردستاندا، ل/٢٦، وتارێكە بە زمانی عەرەبی.
- لەگەڵ چەند بابەتێكی تردا.
- 

**خوێندكاری كورد**: ژماره/٢، مارتی ١٩٨٣، (٥٨) لاپەڕەیە. (ئەمە گۆڤاری سۆكسە)یە.

- لە پێناوی بەرەیەكی یەكگرتووی هاوشانی خوێندكارانی كوردانەدا، ل/١، سەروتار.
- لە یادی شێرەكەی بێشەی "بێ شێ" دا هاوبیر كاكە حەمە شەوقی، ل/١٤، وتار.
- كۆچی دوایی مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر، ل/٢٤، وتار.
- كوردستانێكی ئازاد یان فشە ئۆتۆنۆمیەك، ل/٢٦، وتار.
- كەوی بنار، پەخشان، ل/٥٧.
- لەگەڵ چەندان بەیاننامەو بابەتی تردا.

**کوردستان**: ژماره/۳، کانوونی دووەم/ ۱۹۸٤

- خەبات دەکەین لە پێناوی ستاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆو یەکگرتوو، مانشێت، (سەربەرگی پێشەوە).
- دۆزی کوردستان، دوێنێو ئەمڕۆ، بەشێك لەسیمینارێك کە (۱۰) لاپەڕەی گرتووە، ل/۳.
- شاری گوڵ، شیعری لەتیف هەڵمەت، ل/۱۳.
- قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور، شیعری رەزا حەمە فەرەج، ل/۱۳.
- مەتەڵ، شیعری شێرکۆ بێکەس، ل/۱٤.
- ژوان لە نێوان تاقی کردنەوەو شیعراندندا، جەباری حاجی کەریم، ل/۱۷، لێکۆڵینەوە.
- رەخنە لە ڕەخنە، خاڵە حەمە، ل/۲۳.
- رەخنەی بابەتی زانستییانە، یان شەلم کوێرم هیچ نابوێرم، ئەکرەم خامۆش، ل/۲۵.
- ئۆتۆنۆمی، خودموختاری، یان مافی چارەنووسو سەربەخۆبوون، بەشێك لە سیمینارێك، ل/٥.
- چەند دەنگو باسێکی هەڵبژاردە لەسەر دۆزی کوردستان لە ئەوروپا، ل/۱۱.
- لەگەڵ چەند بابەتێکی تردا.

**یەکێتی**: ژمارە/۳، ئاداری ۱۹۸٤، (۲۰) لاپەڕەیە.

- جەژنی نەورۆز. ئاگری نەورۆز. راپەڕینی کاوە بەشێکن لە خەباتو مەسەلەی کورد (مانشێت).
- وتەی ژمارە، بەرگی ناوەوە.
- برێختو شیعر، وتاری وەرگێڕاو لە ئیتالییەوە، بەهادین، ل/٤.
- چاوگێڕانێك بە رۆژنامەو گۆڤاری کوردی کۆندا، وتاری مێژوویی، ل/۷. ئامادەکردنی: سەرکەوت.
- دەرهێنەری کورد یەڵماز گونای، وتاری سینەمایی، و: تۆلاس، ل/۱۰.
- لەگەڵ چەند بابەتێکی تردا.

**پێشڕەو**: ژمارە/۲، ئابی ۱۹۸٤، (۱۰) لاپەڕەیە.

- وتاری ژمارە، ل/۲، بە زمانی عەرەبییە.
- کورتەیەك لە بارەی مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو کۆنگرەکانی، ل/۳.
- بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی سویددا دیپلۆماسیەك دەمانچە رادەکێشێ، ل/٤.
- بۆ ئەوەی پەیامەکە بە راستی بگات، ل/۸، بە زمانی عەرەبییە.
- لەگەڵ کۆمەڵێك هەواڵو نووسینی تردا.

**دەنگی کۆمەڵە**: ژمارە/٦، ئەیلولی ۱۹۸٤، (۱٦) لاپەڕەیە، ئەم ژمارەیە بە زمانی عەرەبییە.

- سڵاو لە بیرەوەریی (۲۳) ساڵەی شۆڕشی ئەیلولی پیرۆز، ل/۱.
- فاشیەتی تورکیا، ل/۲، وتار.
- چەند دێرێك سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مافی گەلان، ل/۳، وتار
- کوردو مەسەلەی کورد، لازاریف، وەرگێڕانی زوبێر، ل/۸، لێکۆڵینەوە.
- لەگەڵ چەند بابەتێکیتردا.

**پرشنگ**: ژمارە/١، مارتی ١٩٨٥، (٣٦) لاپەڕەیە.

- وتەی ژمارە، دەستەی ژمارە، ل/٣.
- دەرزیێ بکە بە خۆتا، جا شوژنێ بەخەڵك، ك. ئاسۆ، وتار، ل/٦.
- (بانگی هەق) یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، کەمال فوئاد، لێکۆڵینەوە، ل/١١.
- چەند کۆپلە شیعرێك، زرێڤان، ل/١٩.
- نەورۆز، نەورۆز، م/ بایز، پەخشان، ل/٢٢.
- ئەگەر شەکە ماسییەکان مرۆڤبان، بێر تۆلت برێشت، و:پێشەوا، چیرۆك، ل/٢٦.
- پرشنگ لە ئاسۆی دەربەدەریا، شیعری أ. ف. [1]، ل/٢٩.
- ئەوێ بەجێ ناهێڵن، عبدالمؤمن دەشتی، چیرۆك، ل/٣١.
- لەگەڵ چەند بابەتێکیتردا.

**کۆڵنەدان**: ژمارە/٣، تەموزی ١٩٨٥، چوار لاپەڕەیە.

- لە پێناوی ئاشتی، دۆستایەتی، هاوکاری، هەواڵ، ل/١.
- نەورۆز رۆژی تیکۆشانو راپەڕینە، راپۆرتە هەواڵ، ل/١.
- لە چالاکییەکانی تری کۆمەڵەمان، ل/٣.
- نامەیەکی تایبەتی، ل/٤.
- هاوکاری لەگەڵ میللەتەکەمان، ل/٤.

**هێمن:** ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٦ چوار لاپەڕەیە.

- ئێوارەی پایز، شیعری (هێمن) بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیر لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە.
- ئەم گۆڤارە، بە قەڵەمی (دەستەی نووسەران) نووسراوە، لاپەڕەی/١، بەزمانی عەرەبییە.
- هەواڵەکانی کوردستان، ل/١.
- هەوارگەی خاڵی، ل/٢، وتار.
- ئاهەنگی (٣٠) ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵە، ل/٢، وتار.
- بۆ شەهیدانی بولقامیش، رێبوار، ل/٣، وتار.
- لەگەڵ چەند بابەتێکیتردا.

**دەنگ:** ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٦، (١٤) لاپەڕەیە.

- لە یادی چل ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردی دیموکراتی مەهاباد، ل/٣، بە عەرەبییە.
- یادی رۆژنامەگەری کوردی، ل/٥، وتار.
- پشتگیریو هاوکاری قوتابیانی جیهان لەگەڵ گەلانی عیراقو ئێرانو کورددا، ل/٦، وتار.
- بێچووە هەڵۆ بۆ شەهید سەرباز، شیعری (ئەنوەر قادر محەمەد) ل/٧.
- بە کورتی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ، ل/٨، وتار، بە عەرەبی.
- نامەیەك لە مندالآنی (زێوێ) وە، ل/١٠.

- لەگەڵ چەندان هەواڵو کورتە نووسینیتردا.

**دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات"ئەکسا"**: ژمارە/١، ئازاری ١٩٨٧، (١٩) لاپەڕەیە.

- وتەی ژمارە، ل/١.
- بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان، نەجمەدین کەریم، ل/٣، لێکۆڵینەوە.
- رژێمی جۆنتای رەفتار فاشستی تورکیا جارێکیتریش هەوڵی داگیرکردنی کوردستانی باشوور دەداتەوە، ل/٦، وتار.
- بۆ هەمیشەیی لە بیرو ویژدانی گەلە چەوساوەکەیدا دەمێنێتەوە، وتارێکە بۆ کۆچی "هێمن"ی شاعیر نووسراوە ل/٧.
- پایەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە روانگەی مارکسیزم– لێنیزمەوە، ل/٩، وتار.
- لەوکاتەی شۆڕشی یەمەنی خواروو رێگای پەرەسەندنی پتەوکردبوو، ئامادەکردنی: نەجمەدین کەریم، ل/١٢، وتار.
- ئەفریقای خواروو، وەرگێڕانو ئامادەکردنی ئەنوەر، ل/١٥، وتار.

**هەنگاو:** ژمارە/١١، نیسانی ١٩٨٧، (١٢) لاپەڕە.

- رزگاریو سەرکەوتن تەنها بە پشت بەستن بەهێزو توانای گەل دێنەدی، مانشێت.
- سەروتار ل/١.
- کۆنگرەی تارانو چارەنووسی گەلی عیراق، ل/١، راپۆرتە هەواڵو سەرنج.
- کۆنگرەی چوارەمو سەرکەوتنێکی دیکە، راپۆرتە هەواڵ، ل/٣.
- زێدەبایی، لێکۆڵینەوە، ل/٥.
- پێ ناکەنم، شیعری عەبدوڵڵا پەشێو، ل/٦.
- کوڕی بابەگوڕگوڕ، شیعری شێرکۆ بێکەس، ل/٧.
- لەگەڵ چەند بابەتێکیتردا.

### ☒ چاپو چاپخانە

سنووری بابەتەکەمان بریتییە لە ساڵانی ١٩٤٩ – ١٩٩١، لەو ماوەیەدا ئاستو بواری چاپو چاپخانە لە ئەوروپاو ئەمریکا پێشکەوتنی دیارو بەرچاوی بەخۆوە بینیووە بە تایبەتیش لە بواری تایپکردنو ئۆفسێتدا، کەچی لە نێو دنیای پێشکەوتووی چاپخانەدا چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکی خوێندکاریی کوردی بابەتەکانیان بە دەستخەت نووسراونەتەوەو پاشان کۆپی کراون، وەك نموونە دەکرێت سەیری بڵاوکراوەی (بانگی کوردستان)[٢]ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لقی هەنگاریا بکرێت، بەڵام ئەوەی باشە خەت خۆشێك بابەتەکانی نووسیوەتەوە، رۆژنامەگەریی خوێندکارانمان بەراورد بە دنیای پێشکەوتووی چاپو چاپخانە لە ئەوروپاو ئەمریکادا ئاستی تایپو چاپکردنیان زۆر لاوازە، بە رای ئێمەو لە چەند چالاکێکی رێکخراوە خوێندکارییەکانمان پرسیوە ئەو ئاستە نزمە پەیوەندی بەباری دارایی رێکخراوەکانەوە هەبووە، کە زیاتر بەکۆمەکی ئەندامان کارەکان رایی کراون تا هەندێك جار هەموو کارو خەرجییەکان رووبەرووی تەنیا چەند کەسێك کراونەتەوە.

بە گشتی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکانی خوێندکاران، بابەتەکانیان بەتایپی دەستی یاخود بە تایپی جۆری ئای بی ئێمو برازەر تایپکراونو بە کۆپی راکێشراون، بەڵام هەندێك گۆڤارو بڵاوکراوە بە ئۆفسێت چاپکراون، وەك:

- **پرشنگ**: کەسێکی شارەزا لە بواری تایپدا بابەتەکانی تایپکردووەو بە ئۆفسێت راکێشراوە، بەرگەکەی کارتۆنە.
- **خوێندکاری کورد**[٣] (سۆکسە) : لە گۆڤارە رێكو پێکەکانەو لە بواری تایپو چاپخانەدا پێشکەوتووەو بەرگەکەی کارتۆنە.
- **یەکێتی**: تایپو چاپەکەی رێكو پێكو خاوێنەو سەرەرای ئەوەی کە بە کۆپی راکێشراوە.
- KSSE :[٤] یەکێکە لە هەواڵنامە خوێندکارییەکان کە ژمارە دوای ژمارە لە ئاستی چاپو چاپکردنی باشترکراوە، دوای یەکگرتنەوەی کۆمەڵە خوێندکارییەکان چاپو چاپکردنەکەی زۆر باشتر بووە.

- **کۆڵنەدان**: لەوە دەچێت بە ئۆفسێت (چاپێکی پێشکەوتوو) راکێشرابێت، یەکەمین بڵاوکراوە، کە بەرچاوم کەوتبێتو لە لاپەڕەی پێشەوەدا بێجگە لە رەنگی رەش رەنگێکی تری بەکارهێنابێت تەنیا لە ژمارەیەکی زۆر کەم لە گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا کراوە.

### ☒ دیزاین

دیزاین واتە (نەخشەسازی، تصمیم) ، چاپخانەو قەبارەو کەرەستەو شارەزایی بنەمای نەخشەی هونەرین لە رۆژنامەگەرییدا، بۆ رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کوردیش لە دەرەوەدا رووبەڕووی دیزاینی جیاواز دەبینەوە بە تایبەتیش لە دابەشکردنی ستوونو لاپەڕەکاندا، دانانی هێڵیش خاڵێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی دیزاین، هێڵیش لە رووی قەبارەو چۆنیەتیی دانانیدا جیاوازە، بۆ روونکردنەوەی رووکاری دیزاینی بڵاوکراوەو گۆڤارەکان چەند نموونەیەك وەردەگرین:

- **کوردستان(kssel)**:[٥] بەرگی ئەم گۆڤارە دابەشکراوە بەسەر دانانی ناوی گۆڤارەکەو دابەزینی وێنەیەکی گەورەو لە خوارەوەش بڵاوکردنەوەی ناونیشانی گۆڤارەکە (بەرگی پێشەوە) بە هەمان شێوە بەرگی دواوەش دابەشی سێ بەشی قەبارە جیاواز کراوە، دانانی دوو رەنگی رەشو سووریش دیزاینەکەی جوانتر کردووە، دیزاینی ناوەوەی گۆڤارەکەش ئاساییەو بابەتەکان لەسەر یەك ستوون تایپکراونو دانراون، ئەم گۆڤارە زۆربەی ژمارەکانی بەو شێوەیە دیزاین کراوە.
- **دەنگی خوێندکارانی کوردستان**: وەك نموونە سەیری ژمارە/ (١-٢)ی ساڵی ١٩٨٣ دەکەین، کە یەکێکە لە دیزاینە سەرکەوتووەکانو وەك دەردەکەوێت کەسێکی شارەزا دیزاینکاریی تێدا کردووە، قەبارەی گۆڤارەکە نیو فولسکابە، ناونیشانو ژمارەو ساڵی دەرچوون لە بەشی سەرەوەیدا دانراوەو یەك لەسەر چواری لاپەڕەکەی بۆ تەرخانکراوە، لاپەڕەکان بە گشتی دابەشی دوو جۆرە دیزاین کراون یان بابەتەکان لەسەر سێ ستوون دانراون یاخود دووستوون، بۆ ناونیشانی بابەتەکانیش لە پێناوی جوانکردنو دووبارە نەبوونەوەدا جۆرو شێوەی فۆنت دەستکاری کراوە، فۆنتی گەورەو بچووكو مامناوەندی، واتە جۆری (١٤)و (١٦)و (١٨)و (٢٠) دانراوە.

- **یەکێتی:** گۆڤارێکی خنجیلانەی جوانەو دیزاینێکی ساکارو سەرکەوتووی بۆ کراوە، بۆ بەرگەکەی وێنەی فۆتۆگرافی منداڵێکی سەرنجڕاکێش لە ناوەڕاستی دانراوەو مانشێتی ئەو ژمارەیە لە ژێر وێنەکە نووسراوەو ناوو ژمارەو ساڵی گۆڤارەکەش لە سەرەوەی وێنەکە دانراوە، بەرگی دواوەش بە وێنەیەك‌و ناوی گۆڤارەکەی جوانکردووە، بابەتەکانی ناوەوەش بە سەر یەك ستووندا دابەشکراون‌و ناونیشانی بابەتەکانیش فۆنتی جیاوازن‌و خۆشنووس نووسیونی، ئەوەی زیاتریش لە بارەی دیزایندا گۆڤارەکەی سەرکەوتوو کردووە، دانانی وێنەو هێڵکارییە.
- **دەنگوباسی کۆمەڵە** (kSSe): شێوەیەکە لە شێوە سەرکەوتووەکانی دیزاین چونکە وێنەو فۆنتی جیاوازو هێڵ‌و ستوونی جیاواز جۆرێك لە هارمۆنیەتی بە لاپەڕەکانی داوە، بابەت‌و وێنەکان لەسەر دوو ستوونی یاخود سێ ستوون دابەشکراون، هێڵیش زیرەکانە بۆ جیاکردنەوەی بابەتەکان دانراوە.
- **کۆڵنەدان:** شوێنی ناوی بڵاوکراوەکەو کێشانی هێڵ‌و ستوونی لاپەڕەکان‌و فۆنتی بابەتەکان‌و وێنەو هێڵکارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەسێکی شارەزای بواری دیزاین یاخود کەسێکی سەلیقەداری هونەریی ڕۆژنامەگەریی دیزاینکاری بۆ بڵاوکراوەکە کردووە، هێدی سەرەوەی لاپەڕەکانیش بەڵگەیەکی ترە، چونکە یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی کە هێدی لە گشت بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی تر جیاوازترو سەرنجراکێشترە.

بەڵام سەرەڕای ئەو کارانە کە لە بواری دیزاین رایی کراون‌و ئێمە بە بەرهەمی سەرکەوتوومان لە قەڵەم داون، کۆمەڵێك بڵاوکراوەو گۆڤار هەن ئاستی دیزاینیان نزمەو لەوە دەچێت خەڵکی نەشارەزا کاری تێداکردبن.

## ☒ وێنەو هێڵکاری

وێنە بێجگە لە لایەنی جوانکاری، ڕووداو دەگێڕێتەوەو هیچی کەمتر نییە لە هەواڵی نووسراو، پێشکەوتنی وێنە بەندە بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای کامێراو پێشکەوتنی

چاپخانە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە بۆ چاپکردن سوودی لە چاپخانەی پێشکەوتوو وەرنەگرتووە، دەبینین وێنەکان تۆنو ناوەڕۆكو فۆڕمی خۆیان نەگەیاندووەو لە دەستیان داوە، بەڵام هەوڵ هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەو دابەزینی وێنە ، لە چەندان بڵاوکراوەو گۆڤاریشدا بایەخ بە کێشانی هێڵکاری دراوە، ئەمەش بۆ بوونو بە شداری چەند هونەرمەندێکی شێوەکار دێت کە لە کاری دیزاینو دەرکردنی یەك دوو بڵاوکراوەو گۆڤاردا کاریان کردووە، ئەوانەی لە قەبارەی گۆڤار (نیو فۆلسکاب یاخود فۆلسکاب بچووکتر) چاپکراون، زۆربەیان لەسەر بەرگدا وێنەیان بڵاوکردۆتەوە، وێنەکانیش بریتین لە واقیعی ئەوسای خەڵکی کوردستانو کورد لە دەرەوەو بزووتنەوەی سیاسیو پێشمەرگایەتی لە کوردستاندا، بۆ باشتر گەیاندنی مەبەست چەند گۆڤارو بڵاوکراوەیەکی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستان هەڵدەدەینەوە.

**تریسکە** : ژمارە/١:

- لە لاپەڕە (ب) وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە ئەوەندە تەڵخ دەرچووە نازانرێت وێنەی فۆتۆگرافییە یاخود تابلۆی شێوەکاری، لە لاپەڕە/١٧دا ئافیشێکی (ملصق)ێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (ksse) دانراوە.

**بانگی کوردستان:** ژمارە/٤:

- ل/٣، وێنەی ئەدیبانی تورکیا لە زیندانی تورکیادا.
- ل/٥، دیمەنێك لە فیلمی یۆل.
- ل/٩، وێنەی نووسەرو دەرهێنەری کورد یەلماز گۆنای.

**یەکێتی**: ژمارە/٣:

- وێنەی منداڵە کوردێك لەسەر بەرگی پێشەوەدا.
- ل/٦، هێڵکارییەك.
- ل/١٣، کاریکاتێرێك.
- ل/١٥، وێنەی شەهید لەتیف متەشەڕ.
- ل/١٨، تابلۆیەکی هونەرمەند فوئاد عەلی.
- تابلۆیەکی هونەرمەند فوئاد عەلی لەسەر دوا بەرگدا.

**کوردستان:** ژمارە/٤:

- لەسەر بەرگی پێشەوەدا، وێنەی فۆتۆگرافی سێ منداڵی کوردو دوو سەگ، وێنەی ئافیشی (ملصق) جیهان وکۆترو دەستی ئاشتی.
- ل/٢٥، هێڵکارییەك.
- لەسەر دوابەرگیشدا هێڵکاریی خۆری سوورو تەڵبەندی زیندان.

**کۆڵنەدان:** ژمارە/٣:

- ل/١، وێنەی لایەنێك لەیەکێك لە کۆڕو کۆبوونەوەکان بە بۆنەی نەورۆزی ١٩٨٥ لە لەندەن.
- ل/٢، دوو وێنەیتر بە هەمان بۆنە.
- ل/٣، وێنەیەکیتر بە هەمان بۆنە.
- ل/٤، هێڵکاری دوو دەست کە گوزارشت لە هاوکاری دەکات.

**خوێندکاری کورد (ksse):** ژمارە/٩:

- بەرگی پێشەوە وێنەی دوو منداڵی کورد بە جلو بەرگی کوردییەوە.
- ل/٤، وێنەی پیرەمێردی شاعیر لەگەڵ تابلۆیەك بە بۆنەی نەورۆز، لەوە دەچێت لە بڵاوکراوە یاخود گۆڤارێك وەرگیرابێت.
- ل/١٠، وێنەیەکی فۆتۆگرافی کە خەڵك چۆن ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.
- ل/١١، وێنەی فۆتۆگرافی کەسێك کە شیعر یاخود دەقێك دەخوێنێتەوە، بەڵام ناوی نەنووسراوە.
- ل/١٣، وێنەی فۆتۆگرافی کچانی کورد لە کاتی هەڵپەڕکێدا.
- ل/١٤، وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.
- ل/١٥، وێنەیەکی فۆتۆگرافی پێشەوا قازی محەمەد.
- ل/١٦، هێڵکارییەك بۆ گۆرانی شاعیر.
- ل/٢٣، وێنەی فۆتۆگرافی جگەرخوێنی شاعیر.
- ل/٢٩، وێنەی هێڵکاری مارکسو ئەنجلسو لینین بە پشت سەری کەسێکی کوردەوە هەڵواسراون.
- ل/٣٣، وێنەی فۆتۆگرافی دوو منداڵی کورد پێش ئەوەی یەکتر ماچ بکەن.
- ل/٣٤، وێنەی فۆتۆگرافی چەند پێشمەرگەیەك.
- لە دوابەرگدا هێڵکارییەك سەبارەت بە نەورۆز کێشراوە.

**دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات "ئەکسا": ژمارە/ ١، ١٩٨٧.**

- سەر بەرگی پێشەوە، وێنەی سەدام حوسێنو کەنعان ئیڤرین بە جیا.
- ل/٤، وێنەی چەند پێشمەرگەیەك.
- ل/٦، وێنەیەك روون نییە چییە؟
- ل/٧، وێنەی هێمنی شاعیر.

- ل/٩، وێنەی لینین‌و مارکس‌و ئەویتر دیارنییە ستالین– یان کەسێکی‌ترە.
- ل/١٠، دیارنییە چ وێنەیەکە.
- ل/١٣، وێنەیەکی زۆر تەڵخە نازانرێت چییە؟!
- ل/١٤، دوو وێنەی تر تەڵخن نازانرێت باسی چی دەکەن!
- ل/١٨، ئافیشێکە بە بۆنەی یادی (٣٠) ساڵەی خەباتی کۆمەڵەی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات.
- ل/١٩، وێنەی منداڵ‌و دایکێکی کوردە کراوەتە ئافیش.
- سەر دوا بەرگ وێنەی قەناتی کوردۆیە بە بۆنەی کۆچی دواییەوە.

بەڵام ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە هەموو یاخود زۆربەی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا وێنەیان بڵاوکردبێتەوە، بۆ نموونە لە هەموو ژمارەکانی (خوێندکاری کورد–سۆکسە)دا لە چەند وێنەیەك بترازێت ئەگەرنا وێنەی دانەبەزاندووە، هەروەها لە (نضال الطلبة، ژمارە/١ و (دەنگی کۆمەڵە، ژمارە/٧ و (هەنگاو، ژمارە/ ١١ و چەندان ژمارەو چەندان گۆڤارو بڵاوکراوەی‌تردا، وێنە بڵاونەکراوەتەوە.

### ☒ زمان‌و ڕێنووس

ئەگەر بە گشتی زمان هۆیەك بێت بۆ گەیاندن‌و ئاڵوگۆڕ کردن ئەوە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەرکەکەی وردتریش دەکرێتەوە بۆ گەیاندنی ڕووداوی هەنووکەیی‌و سات‌و ڕۆژ، زمانی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەدا لە نێوان بڵاوکراوەو بڵاوکراوەیەکی تر، گۆڤارو گۆڤارێکی تر، ڕۆژنامەو ڕۆژنامەیەکی تر، هەروەها لە نێوان نووسین‌و نووسینێکی تردا جیاوازە، بەڵام زمانی پەخشان، بە تایبەتی زمانی ئەدەب بەسەر زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکان تا بە هەواڵەکانیش دەگات زاڵە، هەروەها پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت، کە چەندان بڵاوکراوەی کۆمەڵە خوێندکارییەکان بە پیتی لاتینی دەرچوونە، یاخود لە تەك پیتی باوی کوردستانی باشوورو ڕۆژهەڵاتدا پیتی لاتینیشان بەکارهێناوە، با وەك نموونەی زمان‌و ڕێنووس لەم نووسینە وردببینەوە کە بەم ناونیشانەیە:

<u>با خەباتی ڕاستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی خوێندکاران بێ</u>

کۆنگرەی ٢٧– یەمینی کۆمەڵەمان لە ڕۆژی ١٥–١٩٨٦/٨/١٧ لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا لە ژێر دروشمی "با خەباتی ڕاستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی خوێندکاران بێ" بەسترا. کۆنگرەمان لە نوێنەرانی لقەکانی

کۆمەڵـەو نوێنـەرانـی ئـەم ڕێکخراوانـە پێـك هـاتبوو، کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەورووپا– ناوەندی پراگ، یەکێتی خوێندکارانو لاوانی کوردستان لە ئەورووپا– یوکسی، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی لە بەرلینو ئـەڵمانیـای ڕۆژئـاوا، کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کورد لە ئەورووپا– ناوەندی بـەرلـین، ڕێکخـراوی خوێنـدکارانی سۆشیالیـستی کـورد لـە ئەورووپا، فەیکا کوردستان، کۆمەڵی پشتگیری لە نەتەوەکان، جورنالیستی ئیتالی ماریا گالیتیو هەندێ لە دۆستانی ئەکسا.

کۆنگرەمــان بــە خولــەکێك وەســتان بـۆ گیـانی پـاکی شــەهیدانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانو سـەرجـەم بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی گـەلانـی بـن دەسـتی جیهان دەستی پێکرد. لە پاش بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کۆنگرە وتاری ئەو ڕێکخراوانە خوێندرانەوە کە بانگکرابوون. بـۆ بـەیـانی ڕۆژی دووهـەم کۆمیتـەیـەك هـەڵبـژێردرا بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری کـۆنگرە. پاشـان ڕاپـۆرتی سیاسـی لـە لایـەن . ب. گ. یـەوە خوێندرایەوە، بە دەستپێکردنی بـاری جیهـانیو بـەستنەوەی بـە بـاری کوردسـتانەوە وەکو جێگایەکی ستراتیژی بۆ ئیمپریالیزمو پیلانە نوێو شاراوەکانیان.

ڕەوشــی ژنــانی جیهــان لــە ســەردەمــی شۆڕشــی پیــشەسازییەوە شــێوەی چەوساندنەوەیان بەجوانی تا ئەمڕۆ دارێژرا، کۆمەڵـەکـەمـان لـەو باوەڕەدایـە کـە ژنـان تەنها لە ژێر سایەی کۆمەڵگایەکی یەکسانی سۆشیالیستدا لە چەوسانەوە ڕزگار ئـەبـن، خــاڵی دوای ئــەوە بــاری ناوچــەی ڕۆژهــەڵاتــی ناوەڕاســتو گرنگیــدانی وڵاتــە سەرمایەدارییەکان بەو ناوچەیە بوو هەروەها کـۆنگرە لـە هـۆو ئامـانجو ئـەنجامـەکـانی شەڕی عێراقو ئێرانی کۆڵییەوە.

پاشان کوردستان بە گشتیو پارچەکانی تورکیاو ئێرانو عێـراقو سـوریا هـەروەهـا کورد لە یەکێتی سۆڤیەتو لوبنان یەك بە یەك بە درێژی باسـکراو بـەسـترایەوە لەگـەڵ تازەترین ڕووداوی ئەمڕۆدا.

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا باسی هۆکانی پارچە پارچە بوونی بزووتنەوەی خوێندکاریی کراو بڕیاری زیاتر کارکردن بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە درا، ڕاپۆرتەکە بـە گـشتی لەلایـەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بـە زۆربـەی دەنـگ وەرگـیرا لەگـەڵ ئـەو گۆڕانانـەی کـە لـە پـاش گفتوگۆیـەکـی زۆر چەسـپێنرابوون. لـە پاشـاندا ڕاپـۆرتی چـالاکی ك.ب. گـو لقـەکان خوێندرایەوەو بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ئەوەی شایانی باسە زۆر بڕیاری بە کەڵك بۆ یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات دراو زۆر پێشنیارو ئامۆژگاری بە کەڵك بۆ ساڵی نوێ پێشکەشکرا.
لە کۆتاییدا ك.ب. گ هەڵبژێردراو کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ کاری یەکگرتنەوەی ریزەکانی خوێندکاری هەڵبژێردراو ئینجا بە سروودی نیشتمانیی– ئەی رەقیب– کۆتایی بەکۆنگرە هێنرا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی ووڵات
– ئەکسا– ۱۹۸٦/۸/۲۰

**سەرچاوە:** دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا) ژمارە/۱، ئازاری/۱۹۸۷، لاپەڕە/۱.

ئەم نووسینە دەکرێت وەك بابەتێکی سەرکەوتوو لە بارەی زمانو رێنووس وەربگیرێت، بە تایبەتیش ئەگەر بەراورد بە چەند نووسینو پارچە نووسینی وەرگێردراوو وتار بکرێت کە لەوە دەچێت پێشتر بە زمانێکی تر بیر لە نووسینەکە کراوەتەوە ئینجا بە کوردی داڕێژراوە، ئەمەو لەم نووسینەدا دەتوانرا خۆ لە چەند هەلەی زمانەوانی بە دوور بگیرێت، وەك بەکارهێنانی (وە)و (وڵات) نەك (ووڵات) بۆ (وتار)یش بە هەمان شێوە (وتار) راسترە، یان بەکارهێنانی پیتە قاڵبی (دە) نەك (ئە) کە لە چەند شوێنێکی وتاری ئاماژە پێدراودا لە جیاتی (دە) (ئە) بەکارهێنراوە. هەروەها سەبارەت بە هەلەی زمانو رێکخستنی رستەو فەرامۆشکردنی رێزمانو رێنووس ئەم چەند دێرە دەنووسینەوە

"لە سەردەمانێکدا کە ئیمپریالیزمی جیهانی هەموو رامیاریەتی دەوڵەتیو نادەوڵەتی پێشێل دەکا! لە رۆژگارێکدا لە هەر شوێنێکدا بۆی بلوێ بە خورتی لە باری بابەتی یا نابابەتیدا، بە خەڵەتاندنی پروپاگەندەی رامیاری یا پلانی سەربازیو پارەو پول لە زۆر کاتدا هەموو لەمانە تێکڕا بەکاردێنێ. دەکەونە سەرپەرشتی بە پێشەنگی سوپای ئەمریکاییو هاوسەگانی درێغی ناکەن لە لێدانو هەوڵدان بۆ گەمارۆدانو هەڵلوشینی هەر بزووتنەوەیەکی دیموکراسیو پێشکەوتنخوازو وە یا سەرکردایەتیکردنی پلانی دژ بە شۆرشو جەماوەر "بە قەڵەمی (لیژنەی بەڕێوەبەری گۆڤاری خوێندکاری کورد) نووسراوەو بریتییە لە وتەی ژمارە/٦، ۱۹۸۵.

ئەمە دەق وەڵامـی ئـەو بۆچـوونەی پێـشەوەمان دەداتـەوە، کـە ئـەو نووسـینە بـە عەرەبی نووسراوەو وەرگێڕانی وشە بە وشەی بـۆ کـراوە، یـاخود هـەر لـە بنـەمـادا بـە کوردی بیر نەکراوەتەوە، بەڵام بە کوردی دارێژراوە.

بۆ زمانو رێنووس ئەگەر پلەی بەراورد لە نێوان رۆژنامەگەریـی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپـا دابنـێین بڵاوکـراوەو گۆڤارەکـانی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات (ئـەکـسا)و گۆڤـاری (خوێنـدکاری کـورد)ی رێکخـراوی خوێنـدکارانی سۆشیالیـستی کـورد (سۆکـسە) بـە کوردییـەکـی رێـکو پێـکو زمانزانانـە نووسـراونو هەوڵیشیان داوە بەیەك رێنووسی دیاریکراو بنووسنو بابەت بڵاو بکەنـەوە، بـەڵام هـیچ کـام لـە رێکخراوەکـان چوارچـێوەیەکـی زمانـەوانییـان نـەبـووە، تـا یـەك رێنووسـی پەیڕەوکراو لە بڵاوکراوەو گۆڤارەکانیاندا پێڕەوی بکەن.

## هەواڵ

هەواڵ هەر تەنیا ئەو رووداوە نییە کە لـە کـاتی دارِشـتنیدا وەڵامـی پرانـسیپەکـانی چۆنیەتیی دارِشتنی هەواڵ بداتەوە، بەڵکو زۆر ئاساییە رووداوێـك بـە وتـار دابرێـژرێتو باری سەرنجی نووسەریش بنووسرێت. بـە کـورتی رۆژنامـە رووداو دەگێڕێتـەوە، بـەڵام لەبەرئەوەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە نەك رۆژنامە (رۆژانە) بەڵکو هەفتەنامـەشـی نەبووە بۆیە ئاستی هەواڵ چ وەك گواستنەوەی رووداو چ وەك دابـەشـکردنی رووبـەری بڵاوکـراوەو گۆڤارەکـان نزمـە، بـۆ چـۆنیەتیـی دارِشـتنی هەواڵـەکانیش جیـاوازی لـە رێکخراوێك بۆ رێکخراوێکیتردا زۆرەو تا لە نێوان بڵاوکـراوەو گۆڤـارێکیترداجیـاوازترە، لە هەندێك بڵاوکراوەو گۆڤاردا هونەری هەواڵو کاریگەرییو بایەخی هەواڵ نەزانراوە.

ئـەو هەواڵانـەی کـە رۆژنامـەگـەریـی خوێنـدکارانی کـورد لـە دەرەوەی وڵات بڵاویانکردوونەتەوە زیاتر بریتین لە چالاکیو کۆنگرەی کۆمەڵـە خوێندکارییـەکـان، لـە هەواڵەکاندا شێوازی پەخشان بەسەر دارِشـتنەکانـدا دیـارو زاڵـە، بـۆ دەرخـستنی رووی راستی هەواڵەکان وەك بەڵگە چەند هەواڵێك دەگوازینەوە:

## یەکەمین خەلاتی جیهانی بۆ هونەرمەندێکی کورد

لە ماوەی ٢٨/ حوزەیران– ٣٠/ تەموز/١٩٨٧ پێشبڕکێیەکی جیهانی بۆ هونەری هەلکۆلین (سمبوزیوم) لە ناوچەی سەردینیای شاری بودوزلوی ئیتالیا سازکرا کە تیایە هونەرمەندە گەورەکانی هەلکۆلین لە یابان، ئەلمانیای رۆژئاوا، کەنەدا، شیکاگۆ، ئیتالیا، یوگسلافیاو هونەرمەندی کورد فوئاد عەلی بەشدارییان کردبوو، خەلاتی یەکەمی جیهانی بۆ هونەرمەندی هەلکۆلین هونەرمەندی گەورەمان فوئاد عەلی وەریگرت، کە ئەندامی دەستەی کارگێڕی گشتییە لە کۆمەلەکەماندا، خەلاتەکەشی لەسەر تابلۆیەك وەرگرت بە ناوی (ئاشتی).

لە کاتێکدا کە پیرۆزبایی گەرم لە دلەوە لە هونەرمەند دەکەین بۆ داهێنانو سەرکەوتنەکەی، وای دەبینین کە هونەرمەندی گەورەمان سەلماندی کە هونەرو هونەرمەندانی کورد بەشێکی دانەبڕاون لە هونەری جیهانی کە خەباتی خۆی تەرخانکردووە لە پێناوی ئاشتیو کێشەکانی مرۆڤایەتیدا.

**سەرچاوە:** دەنگوباس، ژمارە/٨، لاپەڕە/٣.

**سەرنج:** ئەو هەوالە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو بلاوکراوەتەوە من بۆ سەر زمانی کوردیم وەرگێڕاوە.

## دیداری هاوکاری

لەسەر داخوازی یەکێتیی خوێندکارانی جیهان کۆمەلەکەمان[٦] بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا کرد کە بۆ شێوازی هاوکاری لەگەل ڕێکخراوە خوێندکاریو گەلە چەوساوەکان لە ماوەی ٣٠–١٩٨٨/١٠/٣١ سازکرابوو، کۆمەلە کۆمەلێك پێشنیاری لەو رووەوە پێشکەشکرد.

**سەرچاوە:** نشرە إخباریە، ژمارە/١، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ل/٣.

سەرنج: ئەو هەوالە بە عەرەبی نووسراوەو بلاوکراوەتەوە من بۆ سەر زمانی کوردیم وەرگێڕاوە.

**لە مۆسکۆ پایتەختی ئاشتی**

**دوازدەمین میهرەجانی لاوانو خوێندکاران سالی ١٩٨٥ سازدەکرێت،** خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڕیاری کۆمسمولی لینینی یان بە خۆشحالییەوە وەرگرت

که میهرەجانی دوازدەمینی لاوان لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٨٥ بەرێوەدەچێت،خوێندکارانو لاوانی کورد لە ئەوروپا کار بۆ ئەوە دەکەین کە باشو بەیەکگرتوویی بەشداری لەو رووداوە گرنگە لە ژیانی لاواندا بکەن. سڵاو لە کۆمسمولو سەرکەوتنیش بۆ دوانزدەمینی میهرەجانی لاوان.

**سەرچاوە:** نشرة إخبارية، ژمارە/١، شوباتی ١٩٨٤ ل/٣.

**سەرنج:** ئەو هەواڵە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە من وەرمگێراوەتە سەر زمانی کوردی.

**کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ خوێندکارانی بێگانە لە وڵاتانی سەرمایەداری ئەوروپاییو ئەمریکای باکوور**

کۆمەڵەمان بەشداری لە کۆنگرەی جیهانی بۆ خوێندکارانی بێگانە کرد کە لە ٣/٢٠ بۆ ١٩٨٧/٣/٢٢ لە یۆنان بەرێوەچوو لە ژێر دروشمی (دۆزینەوەی چارەسەری پێویستو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکارانی بێگانە لە وڵاتانی سەرمایەداری ئەوروپاییو ئەمریکای لاتین).

نوێنەرمان چەندان جار بەشداری لە گفتوگۆکاندا کرد، چەندان دیداری لەگەڵ رێکخراوە خوێندکارییە هاورێو دۆستەکان کردو (١٨) رێکخراوی خوێندکاران یاداشتنامەیەکی هاوکارییان لەگەڵ خەباتی نەتەوەی کوردمان لە پێناوی مافە نەتەوەییە شەرعییەکان ئیمزاکرد.

کۆمەڵەکەمان ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەبوو.

سەرچاوە: (Bulletin) KSSE ژمارە/٧، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل/٦.

**سەرنج:** ئەو هەواڵە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە من وەرمگێراوە بۆ سەر زمانی کوردی.

## ☒ ناونیشان، مانشێت

لە رۆژنامەدا ناونیشان هەڵێنجراوی ناوەرۆکی هەواڵو وتارو ریپۆرتاژە، هەڵبژاردنو دانانی ناونیشان بەندە بە زیرەکیو دنیادیدەییو خوێندنەوەو دانەبڕان لەگەڵ پرۆسەکانی گۆڕانکاریو شارەزابوون لە بواری رۆژنامەگەرییو هەبوونی زانیاری سەبارەت بە پێشڤەچوونەکانی ناونیشانو مانشێت. ئەگەرچی کەسی شارەزا لە بواری سیاسەتو خوێندەوارو رۆشنبیر لە بواری رۆژنامەگەریی خوێندکاران لە دەرەوەی

کوردستان کاریان کردووە یاخود چاودێری دەرچوونی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکان بوونە، بەڵام بۆ دانانی ناونیشانو هەڵبژاردنی مانشێت سەلیقەی وردیان بەکارنەهێناوە، تا هەندێك جار هەست دەکرێت بیرکردنەوەو قوڵبوونەوەی تێدا رەچاو نەکراوە، هەروەها دەیان ناونیشان دووبارەو سێ بارە بوونەتەوە کە خوێنەر بۆ بابەتەکان کێش ناکەن تا بیانخوێننەوە:

ئێستا چەند ناونیشانێك دەگوازینەوە:

- کوردستان لەسەر کام ئەستێرەیە؟ (خوێندکاری کورد، ژ /١٠، ئایاری ١٩٨٧، ل/٢)، هی (سۆکسە)یە.
- چاوگێڕانێك لە رۆژنامەو گۆڤاری کوردی کۆن دا (یەکێتی، ژ/٣، ئاداری ١٩٨٤، ل/٧)
- ئافرەتو کۆمەڵ چەند سەرنجێك (تریسکە، ژ/١، ١٩٨٣، ل/١٨)
- بۆ هەمیشەیی لە بیرو ویژدانی گەلە چەوساوەکەتدا دەمێنێتەوە. (دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ژ/١، ئازاری ١٩٨٧، ل/٧)
- مێژوو لە بیری چوو. وێژە خستیە رێی نەمران (کوردستان، ژ/٣، ١٩٨٣، ل/٢٣)
- کۆنگرەی تاران‌و چارەنووسی گەلی عێراق (هەنگاو، ژ/١١، نیسانی ١٩٨٧)
- بەهاری نەورۆزو ئافرەت، ئاشتی‌و سەرکەوتن– مانشێت (دەنگ، ساڵی سییەم، ژ/١، ١٩٨٧)
- نەورۆز رۆژی تێکۆشان‌و راپەڕینە (کۆڵنەدان) ژ/٣، تەمموز، ل/١.
- کوردستانیەت لە نێوان نووسین‌و کرداردا (پرشنگ، ژ/٢، تەمموزی ١٩٨٥، ل/٤)

بەجارێکی‌تردا هەڵدانەوەی گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکان دەتوانرێت ناونیشانی سەرکەوتووو ناسەرکەوتوو ئاماژەیان پێبدرێت.

## ☒ هونەریتر.. بۆچوونیتر

ئەگەر وردتر لە بواری هونەری رۆژنامەگەریی بڕوانین‌و وەك كارێكی پراكتیكی خوێندنەوە بۆ تێكستی نێو رۆژنامەو گۆڤارەكان بكەین، دەبینین ئەو هونەرە چوارچێوەیەكی دیاریكراوی بۆ نییەو هەر یەكێك لەو شەش خالەی پێشەوە لق‌و بەشی لێ دەبێتەوە، بەلآم لەبەر ئەوەی كارەكەی ئێمە پەیڕەوی رێبازی وەسفی– مێژوویی كردووە، بۆیە وردكارانەتر درێژەمان بە خوێندنەوەی هونەرەكان نەدا، بۆ نموونە ریپۆرتاژ هونەرێكی زیندووی رۆژنامەگەرییەو ڕووداوێك بە پەیڕەوكردنی هونەركاریی ئامادەكردن‌و نووسینی ریپۆرتاژ باس دەكات، بەلآم وەك پەراوێزێكی ئەم چەند دێرە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین كە رۆژنامەگەریی خوێندكاران لە دەرەوەی كوردستان گرنگی بە بلآوكردنەوەی ریپۆرتاژ نەداوە، وتاریش هونەرێكیتری رۆژنامەگەرییە كە لە ڕووبەری رۆژنامەگەریی خوێندكاراندا پانتایی باشی بۆ تەرخانكراوە، بەلآم زۆربەی وتارەكان وەك هونەرێكی رۆژنامەگەریی دانەڕێژراون‌و رەچاوی هونەری نووسینی وتار بۆ رۆژنامە نەكراوەو پەخشان بەسەر نووسینەكاندا زالە.

### پەراوێزەكانی بەشی دووەم

١. (أ.ف.) كورتكراوەی (ئیحسان فوئاد)ە.
٢. چەندان بلآوكراوەیتر بۆ نموونە (نضال الطلبة) دیسانەوە بە دەستخەت نووسراوەتەوە.
٣. (سوكسە)و ksseی پراگ دوو گۆڤاریان هەبووە، بە ناوی (خوێندكاری كورد)، هەروەها لەشێستەكانیش د. جەمال نەبەز لە ئەڵمانیا گۆڤارێكی خوێندكارییانەی بە هەمان ناو دەركردووە.
٤. دوای یەكگرتنەكەی ساڵی ١٩٨٨، ناوەكە كراوەتە (نشرة الأخبار)و (دەنگو باس).
٥. (یۆكسی)ش گۆڤارێكی بە هەمان ناو هەبووە.
٦. واتە كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوە(ئەكسا).

# بەشی سێیەم

## هەڵبژاردەی بابەتەکان
## بە گوێرەی هونەرەکانی نووسین

# سەرەتا

کارکردن لەسەر دۆکیومێنتو نووسراوی کۆن پێویستی بە ساغکردنەوەی بابەتییانە هەیە تا پرانسیپە زانستییەکان لەدەست نەدرێن، باشترین خاڵی بەڵگەنەویستیش خوێندنەوەو بینینو گواستنەوەو نووسینەوەی ناوەڕۆکو فۆڕمی بەڵگەکانە، بۆ لێکۆڵینەوەش لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بینینی ئۆرژینالّی ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارانەیە کە بە مەبەستی توێژینەوە کاریان لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەی بابەتەکان گومان لە لایەن خوێنەران نەمێنێ، پێویستە هەم چەند لاپەڕەیەك دەقاودەق وێنەیان لە بەر بگیرێتەوەو بڵاوبکرێنەوە هەم چەند بابەتێك بنووسرێنەوەو بگوازرێنەوە.

ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستان پێویستی بە بەڵگەی زیاترە لە پێناوی دەولەمەندکردنی بابەتەکەو لابردنی گومانی خوێنەران، بۆیە پێم گونجاو بوو کە کۆمەڵێك بابەت لە بوارەکانی هەواڵ، وتار، ئەدەب، هونەر، فۆلکلۆرو کەلەپوور، مێژوو، دەقاو دەق بنووسمەوە تەنیا لە چەند شوێنێکدا سووکە دەستکارییەکی ڕێنووسەکانم کردووە، زیاتریش بۆ باش درککردن بووە بەچەند وشەیەك بە تایبەتیش لە کاتی دانانی سەرو بۆرو ژێردا.

بە خوێندنەوەی بابەتە گوازراوەکان دەکرێت خوێنەران زانیاری فرەترو وردتر لەمەڕ چالاکییەکانو بارودۆخی ئەوساو کاری پیشەیی خوێندکاران پەیدا بکەن، هەروەها دەتوانرێت لە ئاستی هونەریی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەندەرانیش بگەن.

❖ **هەواڵ**

ئەم هەواڵانە دەقاودەق لە باری دارشتنو شێوازدا دەگوازینەوەو دەنووسینەوە، هەواڵەکان بریتین لە چەند دێرو لاپەڕەیەك لە مێژووی نەتەوەکەمان، دەکرێت چ وەك مێژوو، سەرچاوە، زانیاری، سوودیان لێوەربگیرێت، هەواڵەکان تەنیا لەیەك گۆڤار یاخود بڵاوکراوە وەرنەگیراون بەڵکو سەرچاوەی گواستنەوەیان جیاوازە،جیاواز لە ساڵو ڕێکخراوو ژمارەی بڵاوکراوەکاندا.

## له چالاكی لقه‌كانی كۆمه‌ڵه

- له ژێر دروشمی (یه‌كیه‌تی بزووتنه‌وه‌ی خوێندكارانی پێشكه‌وتووی كورد خزمه‌ته بۆ خه‌باتی میلله‌تی كوردو هه‌موو ئاواته‌كانی) كۆمه‌ڵه‌ی خوێندكارانی كورد لقی یه‌كیه‌تیی سۆڤیه‌ت كۆنگره‌ی ساڵانه‌ی به‌ست.
- لقی كۆمه‌ڵه‌كه‌مان له یه‌كیه‌تیی سۆڤیه‌ت محازه‌ره‌یه‌كی به ناوی (مه‌سه‌له‌ی كورد له نووسراوه‌كانی رۆژهه‌ڵاتزانه‌كانی)دا.
- سییه‌مین بڵاوكراوه‌ی لقه‌كه‌مان هه‌ر له یه‌كیه‌تیی سۆڤیه‌ت بۆ بیره‌وه‌ری كۆچ كردنی شاعیری پێشكه‌وتنخواز مامۆستا گۆران ته‌رخان كرا.
- لقی كۆمه‌ڵه‌كه‌مان له بولگاریا له رۆژی پاڵپشت كردن له‌گه‌ڵ خه‌باتی میلله‌تی فه‌له‌ستینی به‌شداربوو.
- هه‌روه‌ها لقی بولگاریا به‌شداری كرد له پێشبڕكێی گۆرانیی سیاسی سرودێكی كوردی پێشكه‌ش كرد، توانی سه‌رنجی گشت جه‌ماوه‌ره ئاماده‌بووه‌كان راكێشێ.
- لقه‌كه‌مان له ئیتالیا به‌یاننامه‌یه‌كی ناڕه‌زایی بڵاوكرده‌وه به‌هۆی ناسۆری ژیانی كورده‌كانی ئێران.
- لقه‌كه‌مان له ئیتالیا هه‌روه‌ها پوسته‌رێكی چاپ كرد ده‌رباره‌ی خه‌باتی گه‌لی كورد.
- به‌شدار بوونی لقه‌كه‌مان له ئیتالیا له ئاهه‌نگی رۆژنامه‌ی (یۆنیتا).
- لقی ئیتالیا هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ یه‌كیه‌تیی نووسه‌رانو هونه‌رمه‌ندانی عێراق ئیواره‌یه‌كیان گرت له‌گه‌ڵ شیعری شاعیری لاو عه‌بدوڵلا په‌شێو.
- لقی چیكۆسلۆڤاكیا به‌یانێكی ده‌ركرد به بۆنه‌ی یادی (٣٣) ساڵه‌ی له سێداره‌دانی شه‌هیدانی میلله‌تی كورد (عیزه‌تو خیراللهو قودسیو خۆشناو).
- هه‌روه‌ها لقی چیكۆسلۆڤاكیا به‌یانێكی تری به بۆنه‌ی جه‌ژنی نه‌ورۆزی پیرۆزه‌وه ده‌ركرد.
- هه‌مان لق ژماره‌یه‌ك له گۆڤاری (ده‌نگی كوردستان)ی ده‌ركرد به بۆنه‌ی رۆژی مناڵانی جیهان.

**سه‌رچاوه:** (ksse) ژماره/٢، مانگی ١٩٨١/١١، ل/٢. (١)

## چالاکییەکانمان لە بواری لیژنەی هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵەکەمان و AKSA [٢]

- **ئاهەنگێڕان بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی کورد، جەژنی نەورۆز بەم شێوەیە:**

١. بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق.
٢. گەشتێك بە هەمان بۆنە کە چالاکیی هونەریو راگەیاندنی تێدا پێشکەشکرا.
٣. دەرکردنی بڵاوکراوەی (نەورۆز) کە پێك هاتبوو لە چەندان بابەتی هەمە ڕەنگ.

- **بەشداریکردن لە ئاهەنگی یادی (٤٨) ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی بەم شێوەیە:**

١. ناردنی بروسکە نامەیەك بەو بۆنەیەوە کە تیایدا باس لە خەباتی حزبی شیوعی کرا، بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی نەتەوەیی کوردمانەوە لە عێراقدا هەیە.
٢. پێشکەشکردنی گۆرانیو هەڵپەرکێی کوردی کە بووە جێگای رەزامەندی ئامادەبووان.
٣. بەشداربوون لە ئاهەنگی رۆژی خاكو پێشکەشکردنی بروسکەو هەڵپەرکێی کوردی.

**سەرچاوە:** بانگی کوردستان، ژمارە/٢، تەمووزی ١٩٨٢، ل/١٣.

## کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی کورد

لە١٢–١٩٨٣/١٠/١٤، پەیمانگای لێکۆڵینەوە بۆ میللەتانی چەوساوە (RIOP) لە ئەمستەردام– هۆڵەندا کۆنگرەیەکی سازکرد دەربارەی (رۆڵی لایەنە کولتوورییەکان لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورددا) ئەوانەی ئەم کۆنگرەیان رێکخست بریتی بوون لە دکتۆر پیتەر ئیدەنبروگ دامەزرێنەری پەیمانگاکەو یارمەتیدەرەکەی پێر ڤاڵین لەگەڵ بەڕێز فوئاد محەمەد حوسەین (ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی گشتی ئەکسا کە سەرۆکی کۆنگرەکە بوو).

بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسان بە دەعوەتکردنی رۆشنبیرانی سیاسی کوردو ئەورووپی ئەمە یەکەم کۆنگرە بوو لە ئەورووپا کە شێوەیەکی زانستی گرتبووەبەر سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

لـه دوو رۆژی یـەکـەمـدا، دکتـۆر عـصمەت شـەریف فـانلی، هـەژیـری تـەیموریـان (رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی تـایمزی لەنـدەنیو کارمەنـد لـە ئێـستگەی bbc )، دکتـۆر کمال فوئاد، دکتۆر مەجید جافر، دکتۆر گەرارد چالّند (لە فرەنسا هاتبوو)، پرۆفیسۆر فرانکۆیس هۆوتارد سەبارەت بە مەسەلەی کورد قسەیان کرد، دوابەدوای هەر راپۆرتێك گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە سەر ئەکرا لـە لایـەن ئامادەبووانـەوە (کوردەکـان، هۆڵەندییەکانو ئەوانەی لە وڵاتانی ئەورووپاوە هاتبوون).

لە سێیەمین رۆژدا دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ ئامـادەبوو، دەربـارەی بـارو زروف ناوچـە رزگارکراوەکـانی کوردسـتانی ئێـران قـسەی کـرد. لـە هـەمـان کـاتی کـۆنگرەدا ئێـوارەی کولتـووری کـوردی دەسـتی پـێ کـرد بـە پێـشکەشـکردنی ئاهـەنگو ئـاوازی کوردی، خوێندنەوەی شیعر، پیشاندانی هەردوو فیلمی یولماز گونای: یۆڵ، سۆرو.[٣]

**سەرچاوە:** دەنگی خوێندکارانی کوردستان، ژمارە/١–٢، نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ١٩٨٣، ل/١.

## هەواڵێك

باڵوێزخانەی رژێمی عەفلەقی لە پایتەختی رۆمانیا هەستا بـە کێـشانی پـەسـاپۆرتی زیاتر لە (٤٠٠) قوتابی لایەنگرانی رژێـم، ئـەویـش لـە ئـەنجـامی وەڵام نـەدانـەوەی ئـەو قوتابیانە بۆ بانگەوازی باڵوێزخانە کە داوای وازهێنان لەخوێنـدنو گەڕانـەوە بـۆ عێـراق بۆ بەشداری کردن لە قادسیەی رسواکراو...

**سەرچاوە:** یەکێتی، ژمارە/٣، ئاداری ١٩٨٤، ل/١٧.

خۆپیشاندانێکی هاوکاری لەگەڵ گەلەکەمان

لە یەکێك لە سەرماترین رۆژ کە شـاری لنـدن ٤٠ سـاڵە بـەخۆیـەوە نـەدیـوە، وە لـە رۆژی ٨ی شباگ وە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٣ ساڵ بەسەر کودەتا فاشـیەکـەی ١٩٦٣، کـادری (کۆمیتـەی دژی قەلاچـۆکردن وە بـۆ مـافی دیمـوکراتی لـەعێراق) ، هـەسـتا بـە رێکخستنی خۆپیشاندانێکی زۆر سەرکـەتـوو کـە زیـاتر لـە (٦٠٠) کـەس لـە نوێنـەرانـی نقاباتی بریگانی وە قوتابیان وە لاوان وە ئافرەتان وە رێکخراوە پێـشکەوتوخوازەکـان خۆیان وە درووشمەکانیان کۆبونەوە لـە هایـدپارك وە بـە نـاو جادەکـانی لنـدن بـەرەو سەفارەتی بەعسی فاشی وە بۆ ریسواکردنی تاوانە دڕندانەکـانی ئـەم رژێمـە خوێناویـە

وه پاڵپــشتی تێكۆشــانی میللــەتی عێــراق بــۆ روخانــدنی ئــەم رژێمــە وه هێنانــەدی سیــستمێكی دیمــوكراتی كــە گــەلــی كــورد تیایــا ئۆتۆنــۆمی بــەدی ئــەهێنێــت، خــۆ پیشاندانەكه نزیكەی ٤ سەعاتی خایاند.

**سەرچاوه:** كۆڵنەدان، ژماره/٤، مارتی ١٩٨٦، ل/١.

**له چالاكیەكانی یەكێتیمان له ساڵی رابوردوودا**

١. له ١٩٨٤/٧/١٤ شەوێكی ئاهەنگێكی كوردیمان گێڕا به بۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەكێتیەكەماندا، كه پێكهاتبوو له شانۆگەری دەرویشەكان بـه دوای راسـتیدا دەگەڕێن، له نووسـینی مـصگفی حـلاج، وەرگێڕانـی مامۆسـتا مـەحمـود[٤]، لەگـەڵ چـەند گۆرانیو مۆسیقای كوردیو توركیو فارسی.

٢. له ١٩٨٤/٩/١٢ سیمینارێكمان گێڕا به ناوی خەباتی نەتەوەییو چینایەتی كه زیاد له پێنج سەعاتی خایاند.

**سەرچاوه:** دەنگی خوێندكارانو لاوان، ژماره/٢، بەفرانباری ١٩٨٥، ل/٣.

### ❖ وتار

بۆ ئـەوەی لـە ئاسـتی وتارەكـانو ئامـانجی كـاری بڵاوكـراوەو گۆڤارەكـان بگـەیـنو بەرنامەی كاروبارەكانیان چۆن بەڕێوەبردووەو ئەو قەڵـەمانـەی وتارەكانیـان نووسـیوه چۆن سوودیان له هونەری رۆژنامەگەریی، نووسینی وتار وەرگرتووە، چەند سەروتارێك دەنووسینەوه:

## وتاری پرشنگ

له كاتێكدا گەلی كوردمان له هەمـوو مـافێكی زانیـاریو نـەتـەوایـەتـی بـیٚ بـەشـە ، سەرەڕای ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەی داوای كەمترین مافی زانیاریو نەتەوایـەتیـی خـۆی ئەكات، بەرەنگاری هێرشێكی دڕندانـە ئـەبێـت كـە مـاڵو دێهـاتی تیـا وێـران ئـەكرێنو ئـافرەتو منـداڵی سـاواو پـیرو لاوی تیـا ئـەكـوژرێنو دەربـەدەر ئـەكـرێن، كۆمەڵـەی خوێندكارانی كورد له ئەوروپا، كه هەمیشه سەربازێكی دڵسۆز بووه له پێناوی چاكەو سوودی گەلو نیشتمانی خۆشەویستمانا، خۆی به بەختیار ئەزانێت كه یەكەم ژمـارەی گۆڤاری ( پرشنگ) بخاته بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز بـە نیـازی پركردنـەوەی نـەختێك

لەو بۆشاییە گەورەیەی ئەمڕۆ لە جیهانی نووسینو بڵاوکردنەوەی کوردیدا بەرچاو ئەکەوێت.

گۆڤاری (پڕشنگ) لە کاتێکدا دەرئەچێت کە لەسەرتاسەری کوردستان رێگای دەرچوونی تاکە یەك رۆژنامە یا گۆڤار یا هەر جۆرە نوسراوێك بە زمانی کوردی بەربەرست کراوە. نوسراوی کوردی مەگەر تەنیا لەو بڵاوکراوانەدا بەرچاو بکەوێت کە جاروبار لە لایەن رێکخراوە سیاسیەکانەوە دەرئەچن کە ئەوانیش بە زۆری هەر لە بارەی سیاسەتەوە ئەدوێنو تینوێتی گەلەکەمان لە رووی وێژەو زانستیەوە ناشکێنن، بۆیە کۆمەڵە دەرکردنی گۆڤارێکی وێژەیی زانستیو کۆمەڵایەتی وەکوو گۆڤاری (پڕشنگ) نەك تەنیا بە کەڵكو سوودمەند بەڵکو بۆ زۆر پێویستو بە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی خۆی ئەزانێت.

بێ گومان خوێنەرانی بەرێز گەلێك کەمو کورِی لەم ژمارەیەدا ئەبینن چ لە رووی شێوەی چاپکردنەوە چ لە رووی کەمی وتارەکانەوە چ لە رووی هەڵەی زمانو نووسینەوە. هۆی ئەم هەڵەو کەمو کوڕییانەش ئەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم– چونکە کۆمەڵە ئۆرگانێکی چاپکردنی خێرای نییە، دووەم– سەرەڕای گەلێك دووبارەکردنەوە بێجگە لە وتارەکانی ئەم ژمارەیە هیچ وتارێکی کەمان پێ نەگەیشتووە، سییەم– وتارەکانمان چۆن بۆ هاتووە، بێ هیچ دەسکارییەك لە شێوەی نووسینی وشەکانو داڕشتنی رستەکانیا کە بە لای ئێمەوە گەلێك هەڵەی تێدایە وا چاپمان کردوون، چوارەم– بێ دەرامەتی کۆمەڵە، کە گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ، نەك تەنیا دەرکردنی گۆڤارێك بەڵکو هەتا دەرکردنی بەیانێکمان بە لاوە ئەرکێکی زۆر گرانە. جا لەبەر ئەم هۆیانەو گەلێکیتر هیوامان وایە خوێنەرە بەرێزەکان زۆر تانووتمان تێ نەگرنو ئێمەش ئەو مافە ئەدەین بە خۆمان کە داوایان لێ بکەین ئەوانیش لەگەڵمانا هەوڵ بدەن بۆ نەهێشتنی ئەم کەمو کووڕییانە بە نووسینو ناردنی وتارو چیرۆكو شیعر بۆمانو خۆخەریك کردن لەگەڵیانا تا لە رووی بەکارهێنانی وشەکانو داڕشتنی رستەکانەوە کەمتر هەڵەی زمانو نووسینی تێدا بێتو لەگەڵمانا هەوڵ بدەن بۆ زاڵ بوون بەسەر تەنگوچەڵەمەی کەم دراوی کۆمەڵەدا کە تا رادەیەکی زۆر جوانکردنی شێوەی چاپکردنی کۆمەڵەی لەسەر وەستاوە.

هەرچۆنێك بێت وا ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەمان ئەخەینە پێش چاو، هیوامان وایە ئەوەندەی پێ نەچێ ژمارەی دووەمی لە دوا بێت لەبەرگێکی رەنگینترو ناوەرۆکێکی رازاوەترو دەولەمەندترا، ئەوەش ئەوەندەی ئێمە لەسەر کۆششی ئێوە وەستاوە. هیچ پێشی ناوێ لەسەر گرنگی دەرچونی ئەم گۆڤارەو پێویستی گەشەپێدانی بە تایبەتی لەم رۆژەرەشەدا کە گەلەکەمانی پیا تێئەپەرێ زیاتر بنووسین چونکە ئەم گرنگیو پێویستە لای هەموو کوردێکی هوشیارو دڵسۆز روونو ئاشکرایە. ئیتر خۆتانو شیرتان.

دەستەی نووسەران

حوزەیران/ ١٩٦٦

**سەرچاوە**: پرشنگ، ژمارە/١، ساڵی/١، حوزەیرانی ١٩٦٦.

## وتەی ژمارە

دۆزی (قضية)ی یەکگرتنی جووڵانەوەی خوێندکارانو لاوان لە ئەوروپا دۆزێکی گرنگە، بە تایبەتی لەو قۆناغە مێژوویییە ناسکەی کە جووڵانەوەی نیشتمانی کوردستانی پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەروەها لەوکاتەی کە ئیمپریالیستو کۆلۆنیالیست هێرشی توندی خۆیان دەکەنە سەر کوردستانو میللەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەر لە سەردەمی هەرەسهێنانی جووڵانەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥ لە کوردستانی خواروو، جووڵانەوەی خوێندکاران تووشی پارچە پارچە بوونو لێکترازانی ئەندامانی هات. چەند ساڵێکە بۆ یەکگرتنەوەی ئەم جووڵانەوەیە هەوڵێکی زۆری بۆ دەدرێ، تا لە ساڵی رابردوودا کۆنگرەی یەکێتی چەند کۆمەڵەی کوردیو کوردستانی بەسترا، هەر لە ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەدا یەکێتیی خوێندکارانو لاوان لە ئەوروپا سازکرا.

بە راستی پێکهێنانی یەکێتیەکی ئاوا هەنگاوێکی مەزنو شۆڕشگێڕانەیە هەر لە ناویدا گەلێك هێزی کوردستانی بەشدارن گومان لەوەدا نەماوە کە یەکێتیمان بنکەیە بۆ یەکێتیی گشتی.

بە بیروڕای ئێمەدا یەکگرتنی کۆمەڵەی کوردیو کوردستانی لە ئەوروپا گەلێك پێویستو گرنگە بۆ خورت کردنی تێکۆشانیان بۆ دەستگیرکردنی ماف چارەنووسو دامەزراندنی وولاتێکی سەربەخۆ.

دوای دیتن‌و وەرگرتن‌و ستاندنێکی زۆری نێوان یەکێتیمان‌و کۆمەڵەی کوردی لە سوێد– بڕیارماندا کۆنگرەی یەکێتی لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا لەسەر ئەم بنچینانەی خوارەوە ببەسترێ:

- یەکێتی کۆمەڵەیەکی سیندکاتی– دیموکراتی– سەربەخۆ– کوردستانی– پێشکەوتنخوازە.
- تێکۆشان بۆ ستاندنی مافی چارەنووس لە هەر چوار پارچەی کوردستان‌و دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆو دیموکراتی پێشکەوتنخواز.
- کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیالّ کراوە.
- بەرگری کردن لە مەسەلەی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان‌و خەبات کردن دژی چەوساندنەوەی کۆلۆنیالّی کە کوردستانیان بەش بەش کردوە.
- یەکێتی نابێ سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی بێ.
- ئێمە مەترسی لە شەڕی براکوژی نێوان تەوژمو لایەنەکانی جووڵانەوەی کوردیدا دەبینین، وە بە بەرژەوەندی دوژمنانی گەلی کوردی دەزانین، زیانێکی گەورە دەگەیەنێتە دۆزی کوردستان، بە توندی دژی ئەم جۆرە شەڕە دەوەستین‌و داوای پێکهێنانی یەکێتی‌و بەرەیەکی فراوان لە نێوان هێزەکانی کوردستان دەکەین.
- بەهێزکردنی پێوەندی تێکۆشان لە نێوان خوێندکاران‌و لاوان‌و کارگەرانی کوردستان، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی تەنگو چەڵەمەیان، هەروەها ڕوونکردنەوەی گرنگی خوێندن کەوا لە تێکۆشانی نیشتمانی کەمتر نییە، بەڵکو تەواوکەرێتی، پێویستە خوێندکاران لێکۆڵینەوەی زانستی خۆیان بە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە ببەستن.
- هەر لقێك لەو وڵاتەی کە لێیەتی مافی ئەوەی هەیە هاوکاری یا فیدراسیۆن لەگەڵ کۆمەڵەی کوردی دیکەدا بکات.
- پێشنیار دەکەین بەشدار بوون لە کۆنگرەدا بە نوێنەرایەتی بێت.
- هاواری گشت ڕێکخراوانی سیندکاتی کوردستانی دەکەین بۆ خۆلێك نزیك کردنەوە، بە لایەنی کەمەوە کۆمیتەیەکی هاوکاری لە نێو خۆیاندا پێك بهێنن.

بژی یەکێتی جووڵانەوەی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستانی شۆڕشگێڕ لە ئەوروپا.

**سەرچاوە:** کوردستان، گۆڤاری یەکێتی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستانە لە ئەوروپا، ژمارە/ ٢، ئابی/ ١٩٨٣،لاپەرە/ ٨٠

ئەم ساڵیش وەك هەموو ساڵێ، کۆمەڵەکەمان کۆنگرەی گرت، زیاتر لە سێ ڕۆژ لێدوان‌و لێکۆڵینەوەی گرنگ سەبارەت بە (باری سیاسی ئێستای کوردستان‌و ناوچەکەو جیهان‌و پەیوەندیان بەسەرجەمی خەبات‌و شۆڕشی گەلە قارەمانەکەمانەوە، سەبارەت

بە ئەرك‌و خەباتی ئیمڕۆی کۆمەڵەکەمان، وەك بەشێکی گرنگ‌و نەپچڕاو لە خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، بە تایبەتی لەم کاتەدا، کە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە گۆڕانێکی بەهێزدایەو، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ لە شۆڕشەکەماندا دەگێڕێت) کرا.

یەکێك لەو خالە زۆر بە نرخانەی کۆنگرەمان بایەخی پێدا، هەولّدان بۆ دەرکردن‌و بەردەوام بوون‌و پەرەپێدانی گۆڤاری دەنگی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بوو، بەجۆرێ کە بتوانێ جێی خۆی لە ناو خوێندکاراندا بکاتەوەو ببێتە یەکێك لەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی خەباتی گەلەکەمان‌و هەواڵەکانی رابگەیەنێت‌و ببێتە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری‌و لێکۆڵینەوەی باری سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەلایەتی گەلی کوردستان‌و بلاوکردنەوەی بیروڕای پێشکەوتنخوازو بەرپەرچدانەوەی هەموو جۆرە بیروڕایەکی کۆنەپەرستانەو ناسیونالیستی تەسك بێن.
ئێمە هەولّ ئەدەین کە لە ڕێبازی کۆمەڵەمان بە وردی بکۆڵینەوە لە بارەی داڕشتنی بناغەی یەکیەتی‌و هاوکاری هەموو خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەسەر بنچینەی پرنسیپە سەرەکییەکان (پێشکەوتنخوازی، کوردستانی، دیموکراتی، سەربەخۆیی).

دلّسۆزانە هەموو ئەو بیروڕا بەکەڵکانە بلاوئەکەینەوە کە ئەبنە یارمەتیدەری لە یەك نزیك بوونەوەی هێزە سیاسیە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان. وە هاوکاری کۆمەڵەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە دووپات ئەکەینەوە بۆ هەموو پارت‌و ڕێکخراوە کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکان بە بێ جیاوازی‌و لەسەر بناغەی (تێکەلاو نەبوونە ئیشوکاری یەك).

بێگومان ئەم کارانەش هەولّدان‌و ئیشی زۆریان ئەوێت، کە دەستەی نووسەران بە تەنیا ناتوانێ جێ بەجێیان بکات‌و ئەکەوێتە سەرشانی گشت لایەکمان، زۆر بە دەگمەن یەکێك هەولّی دابێ بەشێکی بچووك وەك (نووسین) یاخود ناردنی (هەوالێك)ی خستبێتە ئەستۆی،سەرەڕای ئەوەش گلەیی زۆر لە باش دەرنەچونی گۆڤارەکە یان دواکەوتنی ئەکرێت، بەهەر جۆرێ بێ گۆڤار گەلێ گرنگە بەلام توانای دەرکردنی زۆر گرنگترە، ئەویش مەحالە بێ هاوکاری گشت لایەك.
دەستەی نووسەران

**سەرچاوە:** دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ژمارە/١-٢، نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ١٩٨٣، لاپەڕە/١.

## به راگرتنی شەڕی عێراقو ئێران شەڕ له کوردستان گەرم بوو

ئاخریەکەی شەڕی عێراقو ئێران راگیرا، بەداخەوە ئێمە نەمانتوانی سوود لە دەرفەتی نێزیکەی هەشت ساڵانی ئەو شەڕە وەربگرین، بزووتنەوەو شۆڕشەکەمان لە پەراوێزی شەڕەکە بەلاتر بەرین، چ وەك تەرەفێکی موعادەلەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستو چ وەکو ئەوەی خۆمان بخستایە سەر بارێ کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیو عێراقو ئێرانو دەڵاڵانی (شەڕ راگر) حسێبیان بۆ شەڕی کوردستانو عێراقو شۆڕشەکەمان بکردایە.

کەچی رژێمی ئیستعماری ئیستیگانی عیراقی راگرتنی شەڕەکەی لە یەکەم رۆژەوە قۆستۆتەوەو بە هەموو هێزیو بە چەکی کیمیاویو تەقلیدییەوە پەلاماری کوردستانو بنکەو مەڵبەندەکانی پێشمەرگەی کوردستانی داوە، کە دەیانو سەدان هەزار کوردیان بەم دیواو دیوی سنوردا ئاوارە کردووەو سەدانو هەزاران شەهیدو برینداری کیمیاویان بە بەرچاوی هەموو دنیاوە، لەگەڵە بێ پشتیوانەکەمان خەسارداوە. کارەساتو میحنەتێ بەسەر گەلەکەماندا دێنێ نوسخەیەکی نوێترو درندانەتری ئەوەیە بەسەر (ئەرمەنی)و (جوولەکە) دا هێنراوە، جیاوازییەکی هەبێ ئەوەیە لە کارەساتی (ئەرمەنی)و (جوولەکە) دا کەمو زۆر دەوڵەتو دەزگاو رێکخراوی نێودەوڵەتیو دنیا هەبوون،بە جۆرێ لە جۆرەکان پشتگیریو کۆمەکیان پێ کردوونو کەم تا کورتێ بۆیان قەرەبوو کردوونەتەوە، ئەوە تەنیا چاوی پێشکەوتووو ئاشتیخوازە بێ شەرەفەکانی دنیا لە ئاستماندا نابینێو پترۆڵو دۆلار کوێری کردوونو هەراجی بیروباوەڕو دروشمە درۆزنانەکانیان پڕکردوونو گوێی خۆراوای بە درۆی دیموکراسیو ئازادیی مافی مرۆڤی ڕوو ڕەشو نامەردی لە ئاستماندا تەپاندووە،ئینسانیەتی درۆزنو رواڵەت گەشو ناوەڕۆك چڵکن بیانەوێو نەیانەوێ بەشداریی ئەو تاوانە بێ سابیقەیەی بەعسیانی داگیرکەرن.

لێرەوە با خەڵکی کورد، دەبێ وەك رێخکراوو پارتە سیاسیو کۆمەڵەو دەزگا پیشەییەکانی وەك تاکە تاکەو بە کۆمەڵو دەستە جەمعی راپەڕنو چوارچێوە سواوە تەقلیدییەکەی خەبات بشکێنن، بەوەی دەکرێ چاوو گوێی کوێرو کەڕی ئەم دنیایە

بەسەر کارەساتی گەلەکەماندا بکەنەوە، بەوەی دەکریۆ دەستی پێیدا رادەگات بۆ تۆلەی پیرۆز، تۆڵەی شەرافەت لەو داگیرکەرو هاوکارو بەرژەوەندیانەی هەیانە بکرێتەوە.. ئێمە دڵنیاین لەوەی نەتەوەکەمان بەسەر ئەم کۆسپەشدا زاڵ دەبێت هەروەك لە مێژووییدا بەسەر دەیان کۆسپی وادا زاڵ بووە، لەم کارەساتە گەورەیە ئەوەی دەستکەوتی ئێمەی کورد بێ ئەوەیە:

١. ئەو کیانە ئیستعماریانەی کوردستانیان زەوت کردووە دواکەوتووترینو درندەترین رژێمی ئیستیعماریانەی سەردەمن. ئەوانە داگیرکەرانی کوردستاننو دەبێ خەباتی گەلی کورد بۆ هەڵتەکاندنو لەبەین بردنی ئەو کیانە سیاسییە ئیستیعماریانە بێت.
٢. ئیستیعماری ئیستیگانی عیراقی درندەترین شێوەی ئیستیعماری کۆنو نوییە، عیراق بەکیانو ئاڵا،سنوورو بوونێکی هەیەتی دژو دوژمن بە کوردەو هەرگیز ئێمە ناتوانین لە هیچ بارێکدا لە چوارچێوەیەکی وادا هەڵبکەین.
٣. هەموو دەنگو رەنگێکی عیراقچێتی لە ژێر هەر ناوو دروشمێکدا بێت ریسواکەینو مەسەلەکەمان وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی بن دەستو داگیرکراوو ئیستیعمارکراو بخەینە رووو مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.
٤. بەتەمای کەس نەبینو بە دروشمو بانگەشەی سەوزو سوورو زەردو چڵکنی کەس بڕوا نەکەین. کەی پترۆڵو دۆلاری دزراوی کوردستان کەوتەوە بن دەستی خۆمان ئەوانەی کە ئیمڕۆ درزێ بەروماندا ناکەنەوە، وەك سەگ بۆ ئێسك لەبەر دەرگاماندا هەڵدەتووتێن!
٥. رۆژی ئەوە هاتووە بیری جدیو کوردانە لە پاشەڕۆژی خۆمانو نەتەوەکەمان بکەینەوە، هەمووان هەرچی هەینونین، سەر بەهەر بیرو ئایدۆلۆجیەتو فەلسەفەو جیهان بینینیە بۆ سوودو بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان دەست بەکاربین (پێش ئەوەی هەر شتێ بین، باکوردبین بۆ کوردبین)..
٦. ئەورۆژە سەختانەش لەبیر نەکەین!...

دەستەی نووسەران

**سەرچاوە:** خوێندکاری کورد، ژمارە/١٢/، ئەیلولی ١٩٨٨، لاپەڕە/٢.

---

بزووتنەوەی خوێندکاران وەك هەر بزووتنەوەیەکی تری جەماوەی، لەگەڵ رووداوە رامیاریو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا وا لە گۆڕانو گەشەکردندا. بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستانیش وەك هەر بزووتنەوەیەکی تری خوێندکاری رۆڵێکی کاریگەری بینیوەو ئەبینێ لە توندو تیژکردنی پێشکەوتنو گەشەکردنی کۆمەڵدا لە وولاتەکەماندا.

کێشەی نەتەوایەتی ئەمرۆی گەلەکەمان پتر لە هەر کاتێکی پێشوو گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوەو ئەبینێ،لە لایەك پێشکەوتنی خەباتی چینایەتیو بە ئاگابوونی چینە چەوساوەکانی گەلو لەلایەکی دیکەوە یەکگرتنی بورژوازی کورد لە یەکخستنی بەرنامەیاندا بۆ چەواشەکردنی ئەو بزووتنەوە جەماوەریەو بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانو گەورەکانیان بە گەرم کردنی گۆڕەپانی خەبات بەشەرێکی ناڕاستو سەر لێ شێوانی دانیشتوان تا بتوانن بە زۆرەملێ بەرنامەی خۆیان بسەپێنن بەسەر خەڵکیدا.

بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری گەلەکەمان ئەمرۆ لەهەر کاتێك پتر پێویستی بەیەکگرتنو پەرەپێدانی خەباتی هەیە بۆ روون کردنەوەی راستیو چونە گژی بەرنامەو نەخشەکانی بورژوازیداو رۆڵی خۆی ببینی لە پێشخستنی خەباتی چینایەتی چینە چەوساوەکانی گەلەکەمانداو ئەرکی سەرشانی خۆی بە جێ بهێنی لە خەباتی دژ بەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستدا کە تەنها رێگای رزگاری گەلەکەمانە لە چەوسانەوەو ستەمو رزگاری وڵاتەکەمان لە دەستی رژێمی فاشی بەعسو هێنانە سەرکاری رژێمێکی گەلیو بنیاتنانی سۆشیالیزمو شادبوون بە ژیانێکی یەکسانو ئاسایش لە وڵاتەکەمانداو گەیشتنی گەلی کوردمان بە مافی چارەنووسی خۆی.

**سەرچاوە:** هەنگاو، ژمارە/ ١١، نیسانی ١٩٨٧، لاپەڕە/١.

## یادی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

لەگەڵ گەرمەی خەباتی رەوای میللەتی کورد بۆ بەدی هێنانی ژیانێکی سەربەستو کامەران لە وەدەست هێنانی خواستە نەتەوایەتیە رەواکانی وەکو هەموو میللەتانی جیهان، دەستەیەك خوێندکاری کورد کە لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا دەیانخوێند هەستیان بە پێویستی بوونی رێکخراوێکی قوتابیانە کرد بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەکی راگەیاندنو کانگایەکی بەتین بۆ ناساندنی میللەتی کوردو کێشەکانی نەتەوایەتیو

چینایەتیو جۆرەکانی چەوسانەوەی کورد کە دووچاری بووە، وە داواکردن لە گەلانی جیهان بۆ کۆمەك کردن لەگەڵ خەباتی رەوایدا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٦ دا هەڵسان بە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی دیموکراسی بۆ خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی ببێت بەبنکەیەك بۆ هاندانی خوێندکارانی کوردو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریو ئەکادیمی پێویست.

هەر لەدامەزراندنیەوە ئەو کۆمەڵەیە ناوی نرا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد(٥) لە ئەوروپا، کە زۆربەی خوێندکارانی دەرەوەی وڵاتی لە خۆی گردکردبووە. ئەو پرۆگرامەی دەستەی دامەزرێنەر ئامادەی کردبوو بۆ کۆنگرەی یەکەم تەواو دەگونجا لەگەڵ خواستی خوێندکارانی کورد لە هەموو بواری نیشتمانپەروەریو نەتەوایەتیو ئەکادیمیدا ئیتر بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو بەبێ رەچاوکردنی بیروڕای رامیاری قوتابیانی کوردی لەخۆی گردکردبووەوە، کە ئەم راستیە لە هەڵبژاردنی دەستەکانی کارگێڕی بە تەواوی دەرکەوتو کۆمەڵە بوو بە شانۆیەکی واقیعیو رەنگدانەوەی خەباتی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان، ئیتر دەوری کۆمەڵە بە شێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ دەرکەوت لە پشتگیری کردنی خەباتی میللەتی کورد لەکوردستاندا وە بە تایبەتی شۆڕشەکەی کوردستانی عێراق، وە لە نێو دەستەکانی کارگێڕی گشتیو لقەکاندا نوێنەری خوێندکارانی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو (تورکیا– ئێران– عێراق– سوریا) ئەوە بوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد رۆڵێکی باڵای بینی لە ناساندنی خەباتی میللەتی کوردو مێژووو رۆشنبیریو خووڕەوشتی کورد بە گەلانی ئەوروپا لە رێگای بڵاوکراوەو کۆبوونەوەو سیمینارەکان و... هتد. بەڵام شکستیو لادانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە رێبازە پێشکەوتنخوازەکەیدا، راستەوخۆ کاری کردە سەر رەوتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردو ئەوەش بووە هۆی نوشستی هێنانی چالاکیەکانی کۆمەڵە بۆماوەیەکی درێژ، لەلایەکیتریشەوە بووە هۆی دروست بوونی پتر لە ناوەندێك بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بەڵام ئەو واقیعە تاڵەی کە ئێستا کوردستانو میللەتی کورد پێدا تێپەردەبێ،خوێندکارانی کوردی خستۆتە بەر هەست کردن بەلێ پرسینەوەو خەبات کردنو هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو تەگەرانەی کە هاتبوونە بەردەم رەوتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد.وە مەسەلەی یەکگرتنەوەو هەوڵدانی گشت قوتابیانی کورد لە رێکخراوێکی خوێندکاراندا بۆتە مەسەلەیەکی گرنگو پێویست.

دەستەی نووسەران
**سەرچاوە:** دەنگ، ژمارە/٢–٣، ساڵی ١٩٨٦، لاپەڕە/٢.

❖ **ئەدەب**

ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد بایەخێکی دیاری بە بڵاوکردنەوەی دەقی خۆماڵی داوە بە تایبەتیش شیعر، زیاتریش شیعری شاعیرە ناسراوو دیارەکانی وەك شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو– یان بڵاوکردۆتەوە، زۆربەی شیعرەکان دووبارەو چەند بارە بڵاوکراونەتەوە، هەر بۆ نموونە وەك بەڵگە چەند شیعرێك دەنووسینەوە:

## دیاریەک بۆ پێشمەرگە...

بە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕشەکەی کوردستانی خواروو– عیراق پاش هێرشە تاوانبارەکەی دامو دەستگای فەرمانڕەوایانی عێراقی تاوانبارەوە...(ا.ف)

دیسان بە دەستی زۆرداری بە هەشتی سەرزەمینەکەم،
نیشتمانە شیرینەکەم! خاکو خۆڵە ڕەنگینەکەم!
لە ئاگرو خوێناوایە میللەتە شۆڕە سوارەکەم
قوڵپ ئەدات خوێنی ڕژاوی کورد، دڵ بریندارەکەم
بۆیە ئەمڕۆ وەکو کوردی، وەکو مرۆڤی، ئینسانی...
وەك خاوەن هەستو شعورێك دەروونێکی پاك، ویژدانی
وەکو ئەمانە بە گشتی، ئەمەویٚ پێنووسی دڵم
شعوورە ئاگراوییەکەی مرۆڤایەتی بە کوڵم
بخەمە کار بەرامبەری قامچی زۆرداری سەر کوردم
دڵۆپیٚ بم لەو زەریایەی پێشەنگی نەتەوەی مەردم
هاوڕێکانم! هەرچەن ڕێگا خوێنەو فرمێسکەو ئەسرینە
هەرچەن ڕێباز، زۆران بازی تەوری مەرگوگوڵی ژینە!
هەرچەن دوژمن گەرای مەرگ جانەوەرانە ئەچنیٚ
چاوی سوورە! ڕقی تیٚزاوە کوردستان ئەسووتێنیٚ
لە تەك ئەمانەشا دڵم بە ئێوە پڕ گڕو تینە
ئەم کۆششەی ئێوە مایەی شانازییە نەك ئەسرینە

چونکە ئێوەن ڕۆڵەی ڕاستی ئەم خاکو خۆڵە زێڕینە
ئەم شۆڕشەی ئێوە بۆ کورد، داینەمێتی ڕاچەنینە
بۆ سەهۆڵ بەندانی دیلیی هەتاوی گەرمی هاوینە!
سا ئاگری قینی پیرۆز! بەرپیی دوژمن دالەرزینە
پێشمەرگەکەی مەرگ بەزێن، تانکی دوژمن هەڵتەکێنە
من گیانی خۆم دایە دەست تۆ، تۆش ئازادیم بۆ بسێنە

**سەرچاوە:** پرشنگ، ژمارە/١، ساڵی/ ١، حوزەیرانی ١٩٦٦.

## ڕوخسارت

ڕوخسارت وەك ئاسۆ دەنوێنێ
ڕوخسارت وەك سەراب
وەك ونبوون
وەك دەریا دەنوێنێ
ڕوخسارت. شەپۆلی هەتاوە
لە کێلگەی گەردوونا
دەمچێنێ
ڕوخسارت. دووڕیانی مردنو ژینە
نەو گیانە
دووڕیانی مردنو مردنە
لە بەردەم نهێنی و
سەرسامی و
سووتانا ڕام دەگرێ و
بەشێتم دەچوێنێ

**ڕەفیق سابیر**

**سەرچاوە:** کوردستان، ژمارە/ (٤) ساڵی ١٩٨٤، لاپەڕە (٣٢).

---

## مەل

خۆڵو دۆیان کرد بەسەری
باخچەیەکی "ئەسمەرە" داو

به پشتاو پشت
گوله‌كانیان
سواری پشتی چله‌كان
داره‌كانی دارستانیان شاربه‌ده‌ر كرد
هه‌ردوو چاوی ئاویان كوێر كرد
له‌به‌ر ئه‌وه‌ی مه‌له‌كانی ئه‌و باخچه‌یه
به یه‌كه‌وه هه‌ڵ ئه‌فڕینو قۆڵ له قۆڵدا
بۆجێ ژوان. ئه‌ڕۆیشتن
پێكیشه‌وه له‌مه‌یدانی گه‌وره‌ی شاردا
به منداڵان ئه‌گه‌یشتن
له‌به‌ر ئه‌وه‌ی مه‌له‌كانی ئه‌و باخچه‌یه
ئه‌چوونه سه‌ر.. هه‌وره‌بانی
ماڵی پاشا ئه‌یانخوێندو
هه‌ڵ ئه‌نیشتن

**شێركۆ بێكه‌س**

**سه‌رچاوه:** كوردستان،ژماره/٣، كانوونی دووه‌م/١٩٨٤، لاپه‌ڕه/١٤.

## بۆ قه‌ره‌جێك

ئاسمانی تۆ سه‌ری لووته !
چاوت شۆڕكه
ملت كه‌چ كه
چاو مه‌گێڕه بۆ ئاسمانو
ئه‌ستێره‌و خوا
ئه‌وه‌ی بستێك خاكی نه‌بێ
خواو
ئه‌ستێره‌و
ئاسمانی
كوا؟!

**عه‌بدوڵڵا په‌شێو**

**سه‌رچاوه:** خوێندكاری كورد، ژماره/٦، ئایاری ١٩٨٦، ل/٢٤.

---

## بۆرژوازی

بۆرژوازی لەدەستی دێ
هەموو کارێك ئەنجام بدا
دەتوانێ زۆرترین خەڵك لە ناوببا
پیی دەکرێ بەشەڕ هەڵگیرسان،
وڵاتان تێكو پێك بدا
لە دەستی دێ ئابڕووی کچی خەڵکی ببا
توانای هەیە رۆلە زۆرەکانی خەڵك
لەشەڕی بەرژەوەندی دا، بە کوشت بدا
لە دەستی دێ بە گەلێ کاری گێلانە
مردنی خۆی نزیك بکا
هەم دەتوانێ مردنەکەی وەدوابخا
بەڵام قەتو قەت ناتوانێ
خۆی لە مردنی مسۆگەر رزگار بکا

**أ. خۆشناو**(٦)

سەرچاوە: دەنگ، ژمارە/١، ساڵی سێیەم ، ١٩٨٧، لاپەڕە/٩.

---

## سکاڵای دڵ

تاقە ئەستێرەی ئاواتی شـــەوم
بۆچی نایەیتە مێوانی خەوم
شەوگاری دڵم بێ بزەی لێوت
بێ کوڵمی سووری وەك شەکرپێوت
بێ چاوی رەشی نەختێ خەواڵووت
بێ فەریك مەمی تازە پشکووتووت
بێ زەردەخەنەی دەمی شیرینت
بێ پرچی خاوی ئاوریشمی چینت
بێ لەنجەو لاری ئەندامی جوانت
بێ نالە ناڵو نازی شەوانت
بێ گڕی گەرمی دەروونی کەیلت
بێ خورپە خورپی دڵی پڕ مەیلت
خەمبارو بێ خەو چۆڵو وێرانە

خەوی من تەنها بۆتۆیە گیانە
تاقە ئەستێرەی ئاواتی شەوم
بۆچی نایەیتە مێوانی خەوم

**هـ/ کافرۆشی**

سەرچاوە: پرشنگ، ژمارە/ (١) مارتی ١٩٨٥، لاپەڕە (٣٠).

---

دەقی ئەدەبی نێو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی خوێندکارانی کورد هەر تەنیا شیعر نین، بەڵکو چەندان دەقی چیرۆکی خۆماڵیشیان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکەکان:

## ڕەشەبا

وێنەی چ تابلۆیەك بکێشمو بە ڕووی ئەم دیوارەوە هەڵواسم؟ کاتێ کە خۆم کوشت دەرگا دەکرێتەوە، سەیری تابلۆکە دەکەنو سەریان سووڕ دەمێنێ! چاکترە هەر ئێستا خۆم بکوژم، ئەوا گوریسەکە لە گەردنم گیردەکەمو شەقێکیش لە مێزەکەی ژێر پێم دەدەمو بە یەکجاری مالآوایی لە کوێرەوەریم دەکەم، نهێنیەك جێ بهێڵم؟ نا. دیوارەکە ڕووتەو تا ئێستا تابلۆیەکم پێدا هەڵنەواسیوە، جا بۆ تابلۆکانی ئەمڕۆ تەعبیر لە چی دەکەن؟! با خۆم تابلۆیەك بکێشمو دوارۆژی خۆم بە دەروونی مرۆڤانێکەوە وا بەستە بکەم کە ناتوانن نهێنییەکان لای یەك بدرکێنن!. بەڵام پاش ئەوەی کە خۆم دەکوژم تابلۆکەشم دەسووتێنن! مەبەستم ناگاتە ئەو مرۆڤانەی کە دەروونیان لەگەڵمدایە، چاکتر وایە هەر خۆم بکوژم، بۆ خۆم بە تابلۆیەکەوە ماندوو بکەم؟!.. نا، تابلۆیەك دەکێشم با ژوورەکە لێم تێ بگا، بەڵام ژووری مادەی ڕەقو تەق؟ ژوور دەنگیان دەرنایا مرۆڤی ئەمڕۆش هەر بەم جۆرەن، کەواتە خۆ کوشتنەکەم باشترین چارەسەرە.

ئەمە فایلێکی سپییە، تابلۆیەکی جوانی لەسەر دەکێشرێو فڵچەکەشم وا بە دەستەوەیە. دووخەت دەکێشم، بێ مانایە! دەزانم، بەڵام فەیلەسووفەکان، دوای خۆکوشتنەکەم دێنو لەو دوو هیلە دەکۆڵنەوەو لە خەڵکی دەکەن بە ئەفسانەیەكو بڕوایان پێ دێنن.

خۆم دەکوژم، جا چاوەڕوانی چیی دەکرێ؟! بەڵام دوایی دیوارەکە لە نهێنی یەکەم دەگات تابلۆ؟.! دروست دەکەمو بە دیوارەکەتەوە هەڵدەواسم، دەست پێ دەکەم.

(ئەم هێڵە زەوییە. ئەم مرۆڤانەش لە سەری دەژین، بەڵام هەموویان ناپەسەندو دزێوو مشەخۆرەکانی ئەم زەمینەن، کەواتە کەس تیایدا لە مرۆڤی راستگۆ ناچێ بەلای چەپی تابلۆکەدا، مرۆڤێکی لاوازو بچووك کە تا چاك تێی نەنواڕێ نایبینیو نایدۆزیتەوە، خاڵێکی بچووکەو دەبزوێ، مێشکی تیشکی زێڕینی راستگۆیی پێوە دیارە، نابێ ژێر زەوییەکە هەر وا بە ئاسانی جێ بهێڵم! چونکە لەوێش کۆمەڵێ مرۆڤ، سپیو سوورو زەردو رەش پێکەوە دەژین، دەیانەوێ بەسەر زەویدا هەڵگەڕێن، بەڵام جارێ خەریکی دروستکردنی پەیژەن!)

تابلۆکە کۆتایی پێ هات، بە دیوارەکەوەم چەسپاندو دوو هەنگاوی لێ دوور کەوتمەوەو تێم روانی، زەوی یەك کۆمەڵێ مرۆڤی درندەی تێدا دەژین، لە ژێر زەوی یەکەش کۆمەڵێ مرۆڤیتر تێدەکۆشن، دەیانەوێ وەکو بورکان لە ناخی زەوییەوە درزێ بدۆزنەوەو بتەقێنەوە! لە نێوان هەردووکیاندا نوێنەرێ دەژیو دەبزوێ، کونو قوژبنی شارەکان دەپشکنێ تا پەیژەیەك پەیدا بکا.

ئەمەش تابلۆیەکە دە ئەنجا خۆت بکوژە!

چوومە سەر مێزەکەو ئاوڕێکم لە تابلۆکە دایەوە، هەروا دەمێنێ یان دەگۆڕێ؟ کەواتە بۆخۆم بکوژم؟ با دەرگا بکەمەوەو هاوار بکەم، خۆم ناکوژم! بەڵام گۆڕانی تابلۆکە چەند ساڵێکی پێ دەوێ، خۆ کوشتنەکەم باشترە چونکە ناتوانم ئەم هەموو ساڵانە چاوەڕوان بم، ئێستا وا لەسەر مێزەکەم بە هەر دوو دەستم گوریسەکەم لە ملم ئاڵاند، دەبا شەقێکیش لە مێزەکەی ژێر پێم هەڵدەمو ماڵاوایی بکەم، ماڵاوا ئەی ژوورە پڕ لە ئارامیو ماتەمینەکەم، دواجار ئاوڕێك لە تۆ دەدەمەوە ئەی تابلۆ نەمرەکەم! ئەوە ئەو مرۆڤە لە نێوتا دەبزوێ؟ پەیژەی بە دەستەوەیە؟! من ئەو پەیژەیەم نەکێشاوە! ئەوە لە کوێوە هات؟! دەبێ کەس لەم ژوورە هەبێو پێم نەزانیبێ؟!

بە پەلە لەسەر مێزەکە دابەزیو دەرگای لەخۆی واڵاکرد، لەپڕ رەشەبایەکی بەهێز تەوژمی هێناو ئەمی خستە سەر زەوی هەستایە سەرپێو بینی مێزو فڵچەو گوریسو تەپڵەکو شوشە شەرابەکەی بە ژوورەکەدا کرد. تابلۆکەش سەرەو خوار کرابوو!..

خەندەیەك هاتە سەر لێوی‌و لە ژوورەکە دەرپەڕی.

**بەختیار قادر**

**سەرچاوە:** خوێندکاری کورد، ژمارە/١٠، ئایاری ١٩٨٧، لاپەڕە/٣٠.

❖ **مێژوو**

چەندان بابەتی مێژوویی نووسراوو وەرگێڕدراو لە دووتوێی بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی خوێندکارانی کورد بڵاوکراونەتەوەو ناکرێت زۆربەی بابەتەکان بنووسینەوەو هەر بۆ نموونە بۆ ئەرشیفو بۆ یادکردنەوە ئەم بابەتە دەگوازینەوە:

## بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان، بزووتنەوەیەکی بابەتی‌و مێژوو کردەو رەنگدانەوەی واقعی ویستەکانی پتر لە بیست ملیۆن گەلی کوردستانییە، ئەو گەلەی هەر لە زووەوە لە پێناوی رزگاری‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیداو گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا لە بارودۆخێکی سەختدا خەباتی بۆ دەکات.

گەلی کوردستان پێویستە وەك سەرجەم گەلانی‌تری دنیا بە مافی چارەنووسی خۆی بگات بۆ ئەوەی بە ئاسایی بشتوانێت رێگای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خۆی دیاری بکات.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەشمان، رۆژ بە رۆژ لەبەرەو پێشەوە چوون‌و فراوانی‌و پتەوبوونی رۆڵی خۆی لە پرۆسەی شۆڕشگێڕی ناوچەکەو جیهانی دا دەبینێتەوەو تا دێت وەك بوویەکی بابەتی‌و واقعیش معامەلەی لەگەڵدا دەکرێت.

مێژووی رابردووی دوورو نزیکی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان، پڕن لە ئەزموون‌و وانەی راپەڕین‌و شۆڕش، کەوا هەمیشە گەلەکەمان وە بە تایبەتی خەڵکی چەوساوەی گەلەکەمان درێغیان لە ئامادەبوون‌و قوربانیدان‌و بەشداریکردن لەو راپەڕین‌و شۆڕشانەدا نەکردووە، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە رەوا دیموکراسیەکانی تەڤگەرەکە لە سەربەخۆیی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا.

ئەگەرچی سەرجەم راپەڕینو شۆڕشەکانی رابردوو نەیان توانیـوە بـە ئامانجـەکـانی خۆیان بگەنو زۆربەیان بە ئـاگرو ئاسـن لـە نێـو گـۆمی خـوێنی رژێمـە کۆنـەپـەرسـتو شۆڤێنیەکانو ئیمپریالیزمدا نقوم بوونو تێکشکێنراون یـاخود تێکـشاون. کـە ئـەمـەش بەندە بە رەنگدانەوەی گەلیٚ لایەنی ئەو ڕیـزە بابـەتـیو خۆییانـە کـە بزووتنەوەکـە لـە هەردوو بوارەوە دووچاری بووە.

<u>لە باری بابەتییەوە (مەوزوعیەوە)</u>

کوردستان، ولاتێکەو لە بـاری جیوسیاسـیو دەولـەمـەنـدیی ئابووریـەوە شـوێنێکی گرنگی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دا گرتۆتەوەو یەکێکە لە دراوسێکانی یـەکـێتی سۆڤیەتیش. هەر بۆیە لە زووەوە ئیمپریالیزمی جیهانیو کۆنەپـەرسـتانی ناوچـەکە بـە چاوێکی گران بەها تیٚ ی دەڕوانن‌و بێوچانیش لە پـیلان نانـەوەدان لـە دژی تـەڤگـەرە رزگاریخوازەکەی راوەستاون.

دابـەشـکردنی کوردسـتان بـۆ جـاری دووەم لـە دوای جـەنگـی یـەکـەمـی جیهـانیی ئیمپریالیزمیەوە وەلام دانەوەیەك بوو بۆ ئەم واقیعـە..و لـەو سـاکەوە کوردسـتان وەك لەشێکی زامدارو لە ژێر چەپۆکی شۆڤێنیستو داگیرکەرەکانو ئیمپریالیزم دەنالێنێـتو لەو زەمەنە مێژوویشەوە چۆنیەتی خەباتی بزووتنـەوەی گـەلـی کوردسـتان بـە بـارێکی تردا داشکایەوەو جارێك گەمارۆدرایە بەردەوامیش..

ئەو رژێمە پاشکۆیانەی ئیمپریالیزم هەولی گەمارۆدانو لـە نـاوبردنی بـە هاوبـەشـی کوردسـتانیان داوەو لـە دژی تـەڤگـەرە رزگاریخوازەکـەی راوەسـتاونو بـەردەوامـیش هەرچی گۆشەیەکی لاوەکی خۆیـان هـەبووبێت لـەو رووەوە وەلایـان نـاوەو ویـستویانە یەکتر لە نێو چالی نقوم بووندا رزگاربکەن.

هەر بۆیە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لـە بـارودۆخێکی سـەخـتو دژواردا بەرەو پێشەوە دەڕوات.

<u>لە باری خۆییەوە(ژاتییەوە)</u>

شتێکی ئاشکرایە، کە کۆمەلی کوردستان وەك هەر کۆمەلێکیتری مرۆڤایەتی بەندە بە کۆمەلیٚ یاسای پەرەسەندنی کۆمەلایەتیو چـەند قۆنـاغێکی جیـاوازی مێژوویـیـەوە وەك قۆنـاغی سـەرەتـای مرۆڤایـەتـیو کۆیلایـەتـیو دەرەبـەگایـەتـیو لـە دایـك بـوون

وپەرەسەندنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە.و لە چەندان چینو توێژی کۆمەڵایەتی جیاجیای دژ بەیەکەیش پێك هاتوون. وەك:

دەرەبەگەکان

جوتیارەکان

بۆرژوازی گەورە

وردە بۆرژوازی

چینی جووتیار

هەر بۆیە بیرکردنەوەی کۆمەڵەکەمان بریتی نیە تەنیا لە یەك بیرکردنەوەی ئیدیۆلۆژیەوە بەڵکو هەر چینەو خاوەنی ئیدیۆلۆژیەتی تایبەت بە خۆیەتیو هەڵوێستو بیرکردنەوەی جیاوازیش بۆ چارەنووسی گەلەکەمان بەدی دەکرێتو هەر چینەی لە ئاست بەرژەوەندیە چینایەتی یەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە لایەنەکانی کۆمەڵو دوارۆژی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردستان لە قۆناغێکی گواستنەوە (انتقالی) لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری بەولاوە زیاتر نییە، یانی قۆناغێکە کە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تیا نەشونمای کردووەو لە لایتریشەوە هێشتا بە پاشماوەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتییەوە بەندە.

مادام، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان بوویەکی بابەتییەو هەڵقوڵاوی ئەو واقعەیەو بریتییە لە ئەلقەیەکی شۆڕشگێڕی هەرگیز نەپچڕاوی ناو زنجیرەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلانی تازە پێگەیشتوو لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمانیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا خەبات دەکات. پێویستە لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانیو زایۆنیزمو کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوە بە توندی رابوەستێتو بە هیچ شێوەیەك لە دۆستو هاوپەیمانە راستەکانی گەلی کوردستانو بزووتنەوەکەی دوور نەکەوێتەوە، یانی لە وڵاتانی سۆسیالیزمو بە تایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەتی دۆستو سەرجەم هێزی شۆڕشگێڕی ناوچەکەو جیهانیەوە دوور نەکەوێتەوە کە خۆیان لە هەرسێ باڵەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهانیدا دەبیننەوە وەك: بزووتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانییەکانو بزووتنەوەی کرێکاری لە وووڵاتانی سەرمایەداریو وڵاتانی سۆسیالیزم بە پێشەنگی یەکێتی سۆڤیەت، کەواتە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دژ بە

بـیری شۆڕشـی دیمـوکراتی نیـشتمانی کوردسـتان سـەر هـەڵبـدات. پێـچەوانەی بـیری شۆڕشگێڕی هاوچەرخی بزووتنـەوەکـەمانـەو لـە ئـەنجامیـشدا هـەر تووشـی شکستیو سەرنەکەوتن دێت. هەروەكو چۆن ئەزموونی راپەڕینی بزووتنـەوەکـانی مێـژووی دوورو نزیکی گەلەکەمان لە ژێر سەرکردایەتـی بـیرو دەسـەڵاتـی عـەشـیرەتگەریو بۆرژوازیـدا ئەوەیان سەلماند.

هـەروەهـا مێـژووی نـوێ ی هاوچـەرخی گـەلانـی تـازە پێگـەیـشتووو تـەڤگـەری گەلەکەمان ئەوەیان سەلماند کە بـیرو هێـزی ووردە بـۆرژوازی کوردسـتانیش ناتوانێـت سەرکردایەتی تەڤگەرەکـەمـان بکـات. لەبـەر سروشـتی چـینایەتـیو ئاسـۆی داخـراوی مێژووییەوە، بەڵکو تاقە هێزی هەتا سەر شۆڕشگێڕو پێشڕەوی بزووتنەوەکەمان خـۆی لە بیرو سەرکردایەتی چینی کرێکـارانی تـازە پێگـەیـشتووی کوردسـتاندا دەبینێتـەوەو خاوەنی ئاسۆی دوارۆژێکی کراوەو گەشی مێژووییە.

جا بۆیە ئەم هێزە تازە پێگـەیـشتووە لـە کۆمـەڵی کوردسـتاندا وەك پێویـستیەکـی بابەتیو مێژووییەوەو دەبێت خاوەنی رێکخـراوی سیاسـی پێـشڕەوی خـۆی بێـتو بـە هێزی ئەویش لە سەربەخۆیی ئیدیۆلۆژیو رێکخراوەییدا دەبینێتەوە. چونکە تەنیا هـەر ئەو چینەیـە بـە هاوبـەشـی سـەرجـەم زەحمـەتکێـشانیتـر دەتوانێـت بـە شـێوەیەکـی رادیکالیانە ئامانجو ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتیکی کوردسـتانی بهێنێتـەدیو کۆمـەڵ بەرەو سۆسیالیزمو وەدەست هێنانی مافی چارەنووسی خۆی بەرێت.

شتێکی ئاشکرایە، کە پاش رێککەوتنە خیانییە کۆنەپەرستەکەی ٦ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ی نێـوان رژێمـی کۆنـەپـەرسـتی عێراقـیو ئێرانـی لـە ژێـر چـەتری ئیمپریـالیزمی جیهانیداو تێکشکانی شۆڕشی گەلەکەمان لە کوردستانی خوارووودا، زامێکی گەورەی لە لەشی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازیی گـەلەکـەمانـدا جـێ هێـشتو.. دوژمنـانی داگیرکـەرو ئیمپریالیزمی جیهانی دژ بە تەڤگەری رزگاریخوازیی گەلەکـەمان،لـەو بڕوایـەدابـوون کـە جارێکیتر یا هەر هیچ نـەبێـت لـە داهاتوویـەکـی نزیکـدا راپـەڕینو شۆڕشـی نیـشتمانی گەلەکەمان سەر هەڵنادادتو ئیتر چووەتە گۆڕێ، بەڵام نەیـانزانی کـە تـەنیـا تێکـشکانی سەرکردایەتی عەشیرەتگەری بۆژوازی کوردستانی بوو، هەر بۆیە زوو بە زوو دوای یـەك ساڵ جارێکیتریش نارەزایی گەلەکەمان لە کوردستانی خوارووودا بەشێوەو نەوعیەتێکی نوێ بەرزبۆوەوە،کە بەراستی بۆ دوژمنانو دۆستانمان رووداوێکی کتوپڕ بوو. هەروەهـا

دوای سێ ساڵیتر بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانی رۆژهەلاتیشدا سەری هەڵداو بزووتنەوەیەکی فراوانی رزگاریخوزانەو پێشکەوتنخوازانەش لە کوردستانی سەرووو رۆژئاوا پێگەیشتو لەبەرەوپێشەوە چوونە..

تێکشکانەکەی شۆڕش لە ١٩٧٥دا برینێکی مەزنی لە لەشی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دا جێ هێشت، بەڵام لە راستیدا ناڕاستەوخۆ زەمینەیەکی واقعی فراوانی بۆ لەدایك بوونو گەشەکردنی بیری پێشڕەوایەتی، بیری سۆسیالیزمی زانستیو ئینتەرناسیونالیزمی چینی کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان خۆشکرد. کە چاوەنواڕی دوارۆژێکی گەشی تیا بەدی دەکرێت بۆ بزووتنەوەکەو خەڵکی چەوساوەی میللەتەکەمان. **نەجمەدین کەریم**

**سەرچاوە:** دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ژمارە/١، ئازاری ١٩٨٧، لاپەڕە/٣.

❖ **فۆلکلۆرو کەلەپوور**

زۆربەی بڵاوکراوەو گۆڤارەکان فۆلکلۆرو کە لەپووری کوردییان فەرامۆش نەکردووەو بە گوێرەی دەرفەت بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە، دەکرێ سەیری ئەم چەند نموونەیە بکرێت:

قەسەم بەو باڵای چین چینت
بەم ئەگریجەی ژێر پۆشینت
کافربووم هاتمە سەر دینت
شیرنێ لەیلانێ لەیلانێ
چاوی رەشت بەخومارەوە
خوا پێ ی داوی مەی شارەوە
شیرنێ با بچینە سەیرانێ
جووتێ ساقی گوارە زێرن
مەی لە مەیخانێ دەگێڕن
عاشقان لە دین وەردەگێڕن
شیرنێ بابچینە سەیرانێ
قوربانت بم ئەی بای شەوێ
خەوبێ لە چاوم ناکەوێ

دڵ مەجنونەو لەیلای دەوێ

شیرنێ بابچینە سەیرانێ

**سەرچاوە:** پڕشنگ، ژمارە/ (١) مارتی ١٩٨٥، لاپەڕە (٢٤).

هونەرمەندی ناسراویش **قادر دیلانی** رەحمەتی ئەم چەند پەندی پێشینانەی کۆکردۆتەوە:

- باران باری ترێی رەش خۆش بوو.
- لە هەموو هەورێ باران ناباری.
- هەوری سوور بارانی دوور تەقلە تەنوور لە شارەزوور.
- گۆم هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشە.
- لە سەد ئاو ئەدا قولە پێی تەڕ نابێ.
- سەرێکی هەیەو هەزار سەودا.
- دۆست ئەوەیە ئەت گریەنێ، دوژمن ئەوەیە ئەت کەنینێ.
- نان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە.
- سواربوون یەك شەرمەزاری، دابەزین دوو.
- بە گوڵێ بەهار نایێ.
- ئەڵێی هات هاتەکەی ڕۆمە.
- ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار.
- هەر دەوەنە دەبێ بە دار.
- پڵاوو بامێ قوبولی‌و تاسکەبابی.

**سەرچاوە:** کوردستان، ژمارە/ (٤) ساڵی ١٩٨٤، لاپەڕە (٣٨).

## دوو حیکایەت

لە حاتەمی تەیان پرسی: کەست لە خۆت بە تواناترو نانبدەییتر دیوە، یان ناوت بیستووە؟ گوتی: بەڵێ دیومە (ڕۆژێ چل حوشترم کردە قوربانی لە هەموو پاشای عارەبانم گێڕایەوە، لە هەموو لایەکی بیابانەوە هاتە مێوانداریم، تەنیا یەك دارکەرم بینی نەهاتبووە سەر داوەتەکەم، پێم گوت: ئەوە چۆنە تۆ نەهاتویتە سەرخوانی حاتەم، خەڵك هەموو هاتوون؟

کابرا گوتی:

کێ بە ڕەنجی شان نانی پەیدا بکات

حەز لە منەتی مام حاتەم ناکات

ئەو کەسەیە کە لە من جوامێر ترو بەتواناترە.

دوو برا هەبوون، یەکێ خزمەتکاری سوڵتان بوو، بەڵام ئەوەی دی بە ڕەنجی شانی خۆی دەژیا، ئەوەی خزمەتکاری سوڵتان بوو بە براکەی دی گوت کە دەروێش بوو: بۆ وەکو من نابی بە خزمەتکار تا لەم ئەزیەتە رزگار بیت؟

ئەی تۆ بۆ تێ ناکۆشیت تا لەم ژێر چەپۆکیە رزگار بیت؟

گوتویانە: نانی خۆی بخۆیو دابنیشی لەوە باشترە کە مل کەچی بیو پشدێنی زێڕ ببەستی.

ئاسن گەرم کەی بیکەی بە هەویر

نەك دەست درێژکەی بۆ خوانی ئەمیر.

**ئامادەکردنی: سەرکەوت**

**سەرچاوە:** یەکێتی، ژمارە/ (٣) ئاداری ١٩٨٤، لاپەڕە (١٢).

---

### ❖ هونەر

بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی خوێندکاران بە پێی پێویستو ویستی خوێندکاران بایەخیان بە بابەتی هونەری نەداوە، بەڵام وە نەبێت بەدەربن لە بابەتی هونەری، وەك نموونە ئەم دوو بابەتە دەنووسینەوە:

## هونەرو ئەمڕۆی کورد

زۆر جێی دڵ خۆشییە کە زۆر هونەرمەندی کوردی لاو بە هەموو توانای هونەریی خۆیان بە تەواوی تەرخان کرد بۆ ئەوەی کە بتوانێ بڵێ کە میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتەهای جیهان هونەری هەیەو دەتوانێ بەو زوبانە لەگەڵ میللەتانی جیهان دا گفتوگۆ بکات، زۆر لەو هونەرمەندانە قیروسیایان کردووە لە ئارەزوو، لە ژیانی رۆژانە یا زیاتر لەوە دەربەدەریان باشترە لەوەی کە هونەرەکەیان بکەنە جۆگەیەك کە تۆوی دوژمنانی پێ ئاودەن. جا لەم بارەیەوە هەریەکێ لەم هونەرمەندانە رێو شوێنێکی تایبەتی گرتوە، جار جار ئەو لە رێ بەتەنها دەڕوا وە لەگەڵ دوو ئاواتەکانیتر تێکەڵاو نابێ...

مەبەستم چیە لەمە؟ مەبەستم دوو راستیە..

یەکەمیان ئەوەیە، کە جۆری ژیانی سەختی میللەتی کورد کە زۆر دەمێکە لە شۆڕشدایە بۆ هێنانەدی مافە رەواکانی زۆر لێ کردووە، کە چەند بیروباوەڕێك هاتبێتە کایەوە هەریەکێ لەو بیروباوەڕانە بەخۆی بە ڕاست تر دائەنێ بۆ ئامانجی برینی ژانای میللەتی کورد، وە بۆ هێنانەدی ئامانجو مافە نەتەوەییەکانی.

هەموو ئەم جۆرە بیروباوەڕانە ئاراستەیە بۆ یەك مەبەست دەبێ بژین، بژین وەك گەلانیتر بژین بەسەربەستی بژین بەئاشتی، بژین بە کامەرانی..

دووەمیان ئەوەیە کە هونەرمەندانی کورد بۆ ئەوەی زیاتر لە جیهان بگەن یاخود زیاتر هونەری کورد بەو شێوەیەی کە خۆیان بڕوایان پێیە بیخەنە بەردەس هونەر خۆشەویستان، لەبەر ئەم هۆیە رێی لاسایی زۆر زیاتر دەگرن لەوەی کە پێویست بکات بۆ ئەم رۆی هونەر بۆ خزمەتی کوردو کوردستان، وە هەرە چەندە ئەو هونەرمەندە خۆشەویستانە لەو بڕوایەدان کە بەم شێوەیە ئەوپەڕی یارمەتی پلەی ژیانی ئەمڕۆی کوردەواری دەدەن.

یەکێ لەو لاساییانە ئەوەیە کە هونەری کوردی بە تەواوی پاك بکرێتەوە لە سازو ئاوازی بێگانەی تێکەڵ (مەبەستم بە تایبەتی لە هونەری ئەو میللەتانەیە کە بە هەر جۆرێ بێ یا بە زۆر ئێمە لە گەڵیاندا دەژین)

ئەم ڕاکردنە لە راستی توشی پلەیەکی بێگانە پەرستیترمان دەکات وە بە تایبەتی کە زۆربەی هونەرمەندانی لاوی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لەبەر ئەوەی کە

هیچ توانایەکی زانیاریو فێربونیان بۆ تەرخان نەکراوە یاخود لییان قەدەغە کراوە کە بە شێوەیەکی راستەقینەو زانستی گەشە بە هونەریان بدەن لەبەر ئەوە وادەزانن کە جۆری ئاوازی بازاڕی رۆژئاوا ئەگەر بهاڕدرێ باتێکەڵ کریٚ لەگەڵ چەند ئاوازێکی تازەی هونەرمەندانی کورد، قالبێکی راست دروست دەکات یاخود نیشانەیەك دەبیٚ بۆ بەرزیەتیو نەشئەی هونەری کورد. لێرەدا دەڵێم بە بیرو بڕوای من پێویستی هەموو هونەرمەندانی سازو ئاوازە،وە بە تایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە ئاوازی نوێ ساز دەکەن، تەواوەتی پەنابەرنە بەر سامانی نەتەوایەتی میللەتی کورد. ئاوازی هەڵپەڕکێ کان، ئاوازەکانی لادێ، ناو خێلەکان وە بەهرە وەرگرن بۆ موسیقەیەکی راستو رەوانو رێكوپێکی کوردی.

**قادر دیلان**

**سەرچاوە:** کوردستان، ژمارە/ (٣) ساڵی ١٩٨٣، لاپەڕە (٣١).

## گوتوزۆ.. ماڵ ئاوایی هونەرمەندێك

(ئازیزم گوتوزۆ. هەواڵی ماڵ ئاواییت چاومی پڕ لە فرمێسك کرد هاوڕێیەتی ئێمە وەکو برایەتی بووە، هەر بەم هەستەش خۆتو نەخشەکانت لە یادم دەمێنێن/ مانزو)

رۆژی ١٩٨٧/١/١٨ لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانو رۆژنامەگەرانو هونەرمەندانی دیموکراتی عێراقی چەندەها پیرۆزباییو سلاوی هونەرمەندانو ئەدیبانی ئیتالی خوێندرایەوە، یەکێك لەو نامانەی کە ئاراستە کرابوو لە لایەن هونەرمەندی مەزنی ئیتالی رێناتۆ گوتوزۆ بوو، کە پیرۆزبایی وە خۆشحاڵیو سەرکەوتنی کۆنگرەی تیا دەربڕیبوو. لە پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ هەواڵێکی غەمناکمان پێ گەیی ئەویش ماڵ ئاوایی هونەرمەندی ناوبراو بوو.

گوتوزۆ یەکێك لەو هونەرمەندە جیهانیانەیە کە توانی بە هۆی کارەکانی شوێنی خۆی بچەسپێنێ لە مێژووی هونەری تەشکیلی.

هەر لە پاش جەنگی جیهانی دووەم تا دوارۆژی ژیانی گوتوزۆ بێووچان خەریکی کاری هونەریو رامیاری بوو لە پێناو راژەی مرۆڤایەتیو نیشتمانەکەی وە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستو نوێنەری (سێناتۆر) کۆماری ئیتالی. گوتوزۆ ئەو پەنجا ساڵەی ژیانی دوایی وەکو هونەرمەندێکی بە جەرگو خەباتکارێکی چاو نەترس

تێدەکۆشا دژی فاشیزم شان بە شانی شۆڕشگێڕان بۆ بەدی هێنانی ئیتالیای نوێو دیموکراتی. هەر ئەم هەڵوێستانەی بووە هۆی ئەنجام هێنانی چەند تابلۆیەکی هونەری گرنگ وەکو تابلۆی بە ناوبانگی (کوشتن) کە دیاری کرد بەگیانی گارسیا لۆرکا هەروەها تابلۆی (ماچ) کە مرۆڤێکی ئاسایی لە شێوەی مەسیح دەنوێنێ بێ گومان زۆر رەخنەی لێ گیرا دەربارەی نەگونجانی ناوەڕۆکی تابلۆیەکە لەگەڵ بیروڕای ئایدۆلۆژی هونەرمەند.

جا خۆی مانگێك بەر لە مردنی ئەم تابلۆیەی لەگەڵ دە تابلۆی تر دیاری میری کرد.

**ئامادەکردنی: فوئاد عەلی**

**سەرچاوە:** یەکێتی، ساڵی ١٩٨٧، لاپەڕە (٢).

---

سەرنج: ئەم بابەتە لەم چەند دێرە درێژتر بوو، بەلام بە پێویستم نەزانی هەمووی بنووسمەوە.

## پەراوێزەکانی بەشی سییەم

١. ( ل) واتە لاپەڕەو (ژ) واتە ژمارە.
٢. ئەو چەند هەواڵە بە زمانی عەرەبی نووسراون من وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.
٣. ئەو راپۆرتە هێشتا ماویەتی، بەلام من تەنیا ئەو چەند دێرەم لێ گواستەوە.
٤. واتە مامۆستا (مەحمود مەلا عیززەتی) خوا لێ خۆشبوو.
٥. لە دامەزراندنییەوە ناوی لێنرا (کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا).
٦. (أ.خۆشناو) ئیمزای (ئەبوبەکر خۆشناو)ی شاعیرو نووسەرو وەرگێڕە.

# بەشي چوارەم

## رابەرێك بۆ رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپاو ئەمریكادا ١٩٤٩-١٩٩١

## سەرەتا

لـە کـاتی ئامـادەکردنـی ئـەم رابـەرە زیـاتر رەچـاوی نـاوی بڵاوکـراوەکـە، کـێ دەریکردووە، ژمارە، ساڵی دەرچوون کراوە، تا یەکەم: وەك بەڵگەیەکی زیندوو چاو لە کارەکەم بکرێت، دووەم: ئەو رابەرە ببێتە سەرەتاو سەرچاوەیەك بۆ پـشکنینی زیـاترو وردتر بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بوارێکیتر لە بوارەکانی رۆژنامەگەریـی خوێنـدکارانی کورد لە دەرەوە.

بـۆ دڵنیابوونـەوەی خوێنـەران لـە راسـتیو دروسـتی بـوونی ئـەو کۆمەڵـە رۆژنامـەو بڵاوکراوەو گۆڤارە، زۆربەیان لە ئەرشیفی تایبەتـی خـۆم پـارێزراون، یـاخود بینیـومن، تـەنیـا چـەند دانـەیـەکیـان نـەبێـت لـە رێگـای سـەیرکردنـی چـەند سـەرچـاوەیـەکدا وەرمگرتـوونو لـە کۆتـایی کتێبـەکـەشـدا وەك ئـەمانـەتێکـی زانـستی ئامـاژەم بـە سەرچاوەکان داوە.

زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەر کاغەزی فۆلسکابو نیـو فۆڵسکاب چاپکراون، زۆربەیان بە تایپی ئاسایی دەستی تایپکراون، چەند دانـەیـەکیـان نەبێت بە دەستخەت نووسراونەتەوەو پاشان کۆپیێ کراون.

تەنیا لە چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکدا بـۆ بـەرگ بێجگـە لـە رەنگـی رەش رەنگـیتـر بەکارهاتووە کە زیاتر رەنگی سوورەو ناونیشانەکانیش خەتخۆشێك نووسـیونی یـاخود پیتچنین کراون. زۆربەی هەرە زۆریـان بـریتی بوونـە لـە بڵاوکـراوەو رۆژنامـەو گۆڤـاری رۆشنبیریی گشتی.

تەواوی ئەو بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارانە دەچنە خانەی رۆژنامەگەریـی نهێنییـەوە، بۆیە دەبینین ناوی سەرنووسەرو دەستەی نووسەران بـەسـەر بڵاوکـراوەکانـدا نیـەو تـا زۆربەی بابەتەکـانیش بـە بـێ ئیمـزای نـاوی نووسـەران بڵاوکراونـەتـەوە، یـاخود نـاوی خوازراو دانراون.

لە ریزبەندکردنی بڵاوکراوەکانـدا رەچـاوی رۆژو مـانگو سـاڵی دەرچـوونیان کـراوە، بەڵام ئەو بڵاوکراوانەی کە ژمارە یەك– یەکیان نەدۆزراوەتەوە، لە شوێنێکی تا ئاستێك گونجاو ریزبەند کراون.

بۆ ژمارەی لاپەرەی گۆڤارو بڵاوکراوەکان لە ٤ لاپەرەی تێدایە تا زیاتر لە ٥٠ لاپەرە.

## دەنگیٚ كوردستان- سویسرا/١٩٤٩
## La Voix Du Kurdistan

ئۆرگانی گەنجانی كورد بووە لە ئەوروپا، بە زمانی فرەنسی بووەو لە فرەنسا چاپكراوە، بەلاّم چەند وتارێكی بە زمانی كوردی بلاّوكردۆتەوە، بارەگای رێكخراوەكە لە سویسرا بووە:

ژمارە/ ١، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە.

ژمارە/ ٢، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە.

ژمارە/ ٣-٤ لە مانگەكانی ئەیلولو تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٤٩ دەرچوون.

ژمارە/ ٥، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە.

**سەرنج:** ئەو رێكخراوەی ئەم بلاّوكراوەیەی دەركردووە، بایەخی بە ژیانی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا داوە.

## كوردستان- بریتانیا/١٩٥٨

ئۆرگانی كۆمەڵەی زانستی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا بووە،
لە كۆنگرەی ٣دا كە ناوی كۆمەڵەكە كرا بە كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا ئۆرگانیەتی گۆڤارەكەش گۆڕدراوە،١٦ ژمارەی لیٚ دەرچووە، زمانی نووسینی بابەتەكان كوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانییە :

ژمارە/١، لە مارتی ١٩٥٨ دەرچووەو بریتیە لە ٣٨ لاپەرەو لە قەبارەی٢٠ بە ٢٦ سم.

ژمارە/٢، ٣، ساڵی ١٩٥٨ دەرچووەن.

ژمارە/ ٤، ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە.

ژمارە/ ٥، ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە.

ژمارە/ ٧و ٨ ساڵی ١٩٦١ دەرچوون.

ژمارە/ ١٣، ساڵی ١٩٦٩ دەرچووە.

ژمارە/١٦ لە مانگی شوباتی ١٩٧٢ دەرچووە.

بۆ چەند ژمارەیەك سەلاحەدین محەمەد سەعدوڵلا سكرتێری نووسینی گۆڤارەكە بووە.

## هیڤیا وەلات- ئەلمانیا/١٩٦٣

دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە، تەنیا ٣ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە:

ژمارە/١، لە رەزبەری ١٩٦٣ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە گوڵانی ١٩٦٤ دەرچووە.

ژمارە/٣، لە نەورۆزی ١٩٦٥ دەرچووە.

سەرنج: حەمرەش رەشۆ سەرنووسەر بووە.

## The Kurdish Journal/ ١٩٦٣

رێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەمریکا وەرزانە بە زمانی ئینگلیزیو کوردی دەریکردووەو زۆربەی ژمارەکان لە قەبارەی ٢٨ بە ٢١ سم بووە:

بەرگی١، ژمارە/١، لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ دەرچووە.

بەرگی١، ژمارە/٢، لە ئاداری ١٩٦٤ دەرچووە.

بەرگی١، ژمارە/٣، لە حوزەیرانی ١٩٦٤

بەرگی١، ژمارە/٤، لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤رچووە.

بەرگی٢، ژمارە/١، لە ئاداری ١٩٦٥ دەرچوون.

بەرگی٢، ژمارە/٢، لە حوزەیرانی ١٩٦٥ دەرچووە.

بەرگی٢، ژمارە/٣-٤، لە ئەیلول- کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ دەرچووە.

بەرگی٣، ژمارە/١، لە ئاداری ١٩٦٦ دەرچووە.

بەرگی٣، ژمارە/٢، لە حوزەیرانی ١٩٦٦ دەرچووە.

بەرگی٣، ژمارە/٣، لە ئەیلولی ١٩٦٦ دەرچووە.

بەرگی٣، ژمارە/٤، لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ دەرچووە.

بەرگی٤، ژمارە/١، لە ئاداری ١٩٦٧ دەرچووە.

بەرگی٥، ژمارە/١-٢، لە ئادار- حوزەیرانی ١٩٦٨ دەرچوون.

بەرگی٦، ژمارە/١، لە ئاداری ١٩٦٨ دەرچووە.

### النشرة الكردية- ئەمریکا/١٩٦٥

گۆڤاری لقی ئەمریکای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بووەو بە زمانی عەرەبی دەریانکردووە:

ژمارە/٢، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٥ دەرچووە.

### کاروان- چیکۆسلۆڤاکیا/١٩٦٥

دەستەیەك لە خوێندکاری کورد بە زمانی کوردیو عەرەبی لە یۆگسلاڤیا دەریانکردووە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٦٥ دەرچووە.

### خوێندکاری کورد- ئەڵمانیا/١٩٦٦

دەنگی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا- نوکسە بووە، بە زمانی کوردی دەرچووە:

ژمارە/١، لە ١٩٦٦/٢/١ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە ١٩٦٧/١٠/٧ دەرچووە.

تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

### Kurdistan Information/ ١٩٦٦

بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا- نوکسە بووە، بە زمانی ئەڵمانی دەرچووە:

ژمارە/١، لە ٢٤/٤/ ١٩٦٦، دەرچووە.

ژمارە/ ٨، لە رۆژی ١٩٦٨/٤/٢٠ دەرچووە.

ژمارە/ ١٤، لە ٢١ی ئازاری ١٩٧٠ دەرچووە.

ژمارە/ ١٦، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ دەرچووە.

ژمارە/ ٢٢، لە رۆژی ١٩٧٥/٣/٢٧ دەرچووە.

ژماره/ ٢٣، له رۆژی٢٨/٨/١٩٧٥ دەرچووه، دوا ژمارەیه، بەلام له ساڵی ١٩٧٧ که یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد له ئەوروپا خۆی هەڵوەشاندەوه، رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لقی ئەوروپا– سۆکسه وەك درێژەپێدەری ئەو بلاوکراوەیه ژماره/ ٢٤و ٢٥ی لێ چاپو بلاکردۆتەوه، بەسەریەکەوه ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووه.

## پڕشنگ – ئەڵمانیا/١٩٦٦

گۆڤارێکی وێژەیی زانستی کۆمەلایەتی بووەو له لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد له ئەوروپا دەرچووه، تەنیا ٤ ژمارەی لێ دەرچووه به زمانی کوردی بابەتی بلاوکردۆتەوه، له قەبارەی ٢٤ به ١٨ سم بووه:

ژماره/١، ساڵی ١ حوزەیرانی ١٩٦٦.

ژماره/٢، ساڵی ١له ئابی١٩٦٧.

## Die Kurdishe Revolution١٩٧١

واته شۆڕشی کورد، بلاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد له ئەوروپا لقی ئەڵمانیا بووه، بابەتی به زمانی ئەڵمانی بلاوکردۆتەوه:

ژماره/١، له ساڵی ١٩٧١ دەرچووه.

ژماره/٢، له ساڵی ١٩٧٢ دەرچووه.

ژماره/ ٤، له نیسانی ١٩٧٢ دەرچووەو دوا ژمارەیەتی.

## ١١ی ایلول/١٩٦٩

بلاوکراوەیەکی وەرزانه بووه، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد له ئەوروپا لقی بریتانیا هەر چوار مانگ جارێك به زمانی عەرەبی له ١١ی مانگەکانی ئەیلولو کانوونی یەکەمو مارتو حوزەیران بلاویکردۆتەوه.

ژماره/١، ئەیلولی ١٩٦٩.

٩ ژمارەی لێ دەرچووه، که دوا ژمارەی له ساڵی ١٩٧٢ دەرچووه.

### دەنگی کۆمەڵە/١٩٧٢

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە:
ژمارە/ ١، لە ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە.
ژمارە/ ٨– ٩، کانوونی دووەمو شوباتی ١٩٧٤.
ژمارە/ ١٠، مارتی ١٩٧٤.
ژمارە/ ١٢، کانوونی دووەمی١٩٧٥ [1].

### کوردستان– بریتانیا/١٩٧٢

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە زمانی ئینگلیزی لە بریتانیا دەرچووە:
ژمارە/١، ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە.
ژمارە/ ١٧ ساڵی ١٩٧٤ دەرچووە.
ژمارە/ ١٨ ساڵی ١٩٧٦ دەرچووەو ئەمە دوا ژمارەیەتی.

### مەشخەڵ– هۆڵەندا/١٩٧٥

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا– لقی هۆڵەندا بووە، بە زمانی کوردیو عەرەبی بابەتی بڵاوکردۆتەوە:
ژمارە/ ١، لە مانگی ئابی ١٩٧٥ دەرچووە.
ژمارە/ ٣، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ دەرچووە.
ژمارە/ ٤، لە مانگی نیسانی ١٩٧٦ دەرچووە.
ژمارە/ ٥، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٦ دەرچووە.

### پەیمان/١٩٧٦

گۆڤارێك بووە لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا دەرچووە:
ژمارە/ ٤، ساڵی١، ساڵی ١٩٧٦ دەرچووە.

**ئاسۆ- سوید/١٩٧٦**

دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لـە دەرەوەی وڵات لقـی سـوید بـووە، بـە زمانی کوردی دەرچووە:

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٧٦

ژمارە/ ٢ ساڵی١٩٧٦

ژمارە/ ٤، ساڵی ١٩٧٧ دەرچووە.

ژمارە/ ١٢، ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

**کۆڵنەدان- ئینگلتەرا/١٩٧٦**

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کـورد لـە ئـەوروپـا بـووە، ئـەم بڵاوکـراوەیـە بـۆ یـەکـەمـین جـار سـاڵی ١٩٧٦ دەرچـووە، بـەڵام سـاڵی ١٩٧٩ وەسـتاوەو سـاڵی ١٩٨٤ جارێکیتر دەسـتی بـە دەرچـوون کردۆتـەوەو بۆتـە بڵاوکـراوەی لقـی ئینگلیـستان-ی کۆمەڵەی ناوبراو، بابەتەکانی ژمارە/١، خولی تازەی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتـەوە، بەڵام ژمارەکانیتر ئەوەی کە من بینیومن بابەتەکانیان بە زمانی کوردین.

ژمارە/١، ساڵی/١، ساڵی ١٩٧٦ دەرچووە.

ژمارە/١، ساڵی/٤ ، ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.

ژمارە/١، لە نیسانی ١٩٨٤.

ژمارە/٢، لە شوباتی ١٩٨٥.

ژمارە/٣، لە تەمموزی ١٩٨٥.

ژمارە/٤، لە مارتی ١٩٨٦.

ژمارە/٥، لە ئایاری ١٩٨٦.

ژمارە/٦، لە ئەیلولی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/ ٧، ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە.

**سەرنج:** ساڵانە زنجیرەی ژمارەکانی لە ژمارە/١، دەستی پێکردۆتەوە.

**ئارمانج- نەمسا/١٩٧٧**

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لـە ئـەوروپـا- لقـی نـەمـسا بـووە، بـە زمـانی کوردی بابەتی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٧ دەرچووە.

## Free Kurdistan/١٩٧٧

واتــە كوردســتانی ئــازاد، كۆمەڵــەی خوێنــدكارانی كوردســتان لــە دەرەوەی وڵات– ئەكسا– لقی بریتانیا بە زمانی ئینگلیزی دەریكردووە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٧٧ دەرچووە.

ژمارە/٥، ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە.

ژمارە/٨، لە مانگی مارتی ١٩٧٩ دەرچووە.

## چوار چرا- ئەڵمانیا/١٩٧٨

بڵاوكراوەیەك بووە لە ئەڵمانیای رۆژئاوا لــە لایــەن كۆنفیدراسـیۆنی كـوردی جیهـانی خوێندكارانی ئێرانی بە زمانی كوردی دەرچووە:

ژمارە/١، ساڵی ١، رێبەندانی ١٣٥٦– فوریەی ١٩٧٨

## راستی- ئەڵمانیا/١٩٧٨

بڵاوكراوەی رێكخراوی لاوانو خوێندكارانی دیموكراتی ئێران بووە، بە زمانی كـوردی دەرچووە:

ژمارە/١، لە نەورۆزی ١٣٥٧، كە دەكاتە كۆتایی مانگی مارتی ١٩٧٨ .

## بڵێسە- هۆڵەندا/١٩٧٨

ئۆرگـانی ناوەنـدی كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات بـووە، كۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لـە دەرەوەی وڵات – ئەكسا، بە زمانی كوردی دەریكردووە:

ژمارە/١، لە مانگی كانوونی دووەمی ١٩٧٨ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە.

## دەنگی كۆمەڵە- ئەڵمانیا/١٩٧٨

دەستەی كارگێڕیی گشتیی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئـەوروپـا دەریكـردووە، بە زمانی كوردیو عەرەبی بووە:

کۆمەڵەکەی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق دەریکردووە.

ژمارە/١، شوباتی ١٩٧٨ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.

ژمارە/ ٤، تەمووزی ساڵی ١٩٨٢.

ژمارە/ ٥، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٢.

ژمارە/ ٦، ئەیلولی ١٩٨٤.

ژمارە/ ٧، حوزەیرانی ١٩٨٥ .

## الشعله- هۆڵەندا/١٩٧٨

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بووە، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا– بووە، بە زمانی عەرەبی دەرچووە:

ژمارە/١، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە.

ژمارە/١، ساڵی ٢، لە مانگی نیسانی ١٩٧٩ دەرچووە.

**سەرنج:** هەمان دەستە بڵاوکراوەی بلێسەو الشعله– ی دەرکردووەو هەردوو بڵاوکراوەکە تەواوکەری یەکترن.

## مەشخەڵ/١٩٧٩

بڵاوکراوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا– بووە، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەریکردووە، بە زمانی کوردی بابەتی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.

ژمارە/٢و ٣، لە مانگی ئابی ١٩٧٩ دەرچوون.

## ئاسۆ- هۆڵەندا/١٩٧٩

بڵاوکراوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا– بووە، بە زمانی عەرەبی دەرچووە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.

ژمارە/٦، لە مانگی مارتو نیسانی ١٩٨٠ دەرچووە.

### (تێکۆشین) تێکۆشەر- بەلجیکا/١٩٧٩

گۆڤاری یەکێتیی کرێکارو خوێندکارانی کورد لە بەلجیکا بووە، تەنیا ژمارە/١، بە ناوی تێکۆشین بڵاوکراوەتەوە پاشان ناوەکەی بۆ تێکۆشەر گۆڕدراوە:
ژمارە/١، لە مانگی تەمووزو ئابی ١٩٧٩ دەرچووەو ژمارە/٤٣، دوا ژمارەی گۆڤارەکەیەو لە مانگی مارتی ١٩٨٩ دەرچووە.
لە ژمارە/٣و٤ تا١٧و ١٨ بە جووت ژمارەیی دەرچووە.

### رۆژی کوردستان- ئەڵمانیا/١٩٧٩

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا بووە، لە ئەڵمانیای رۆژئاوا، بە زمانی کوردی دەرچووە:
ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.
ژمارە/٣، لە رۆژی١٥/١١/١٩٨٠ دەرچووە.
ژمارە/٦، لە ئەیلولی ١٩٨١ دەرچووە.
ژمارە/٧، لە مانگی ئایاری ١٩٨٢ دەرچووە، بە گشتی (١٢) ژمارەی لێ دەرچووە.

### هەنگاو- ئەمریکا/١٩٧٩

ئۆرگانی رێکخراوی خوێندکارانی کوردستانی عێراق لە ئەمریکا بووە، بە زمانی کوردی بابەتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە یەك دوو ژمارەدا بە زمانی کوردیو عەرەبی، یاخود کوردیو ئینگلیزی بابەتی بڵاوکردۆتەوە:
ژمارە/١، ساڵی ١ لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ دەرچووە.
ژمارە/١٠، لە مانگی تەمووزو ئابی ١٩٨٥ دەرچووە.
ژمارە/١١، نیسانی ١٩٨٧، دوای ئەم ژمارەیە وەستاوە.

### خبرنامە کوردستان- سوید/١٩٧٩

هەواڵنامەیەکی تایبەت بووە بە رووداوەکانی ئەو کاتەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا- لقی سوید بە زمانی فارسی دەریکردووە:
ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.
ژمارە/٥، لە رۆژی ١٣٥٨/٦/١٩ هەتاوی کە دەکاتە ١٩٧٩/٩/١٠ دەرچووە.

**دەنگی خوێندکار- ئیتاڵیا/١٩٨١**

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لـە دەرەوەی وڵات- ئـەکسا- لقـی ئیتاڵیا بووە، بە زمانی کوردی دەرچووە:

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٨١ دەرچووە.

**راپەڕین- ئەمریکا**

بڵاوکـراوەی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات (ئـەکسا) لقـی ئەمریکای باکوور بووەو بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە:

ژمارە/٧، ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

**THE VOICE OF KURDISTAN/1981**

واتە دەنگی کوردستان، گۆڤـاری کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات- ئەکسا- لقی بریتانیا بووەو بە زمانی ئینگلیزی دەریکردووە:

ژمارە/١، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨١ دەرچووە.

ژمارە/٣، لە ١٨ی مارتی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

**خوێندکاری کورد- ئەڵمانیا، سوید، نەمسا/١٩٨١**

ئۆرگانی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئـەوروپـا(سۆکسە) بووە،لـە یـەك دوو بابەت بترازێت کە بە زمانی عـەرەبـین، ئـەگـەرنـا هـەمـوو بابـەتـەکـانیتـری بـە زمـانی کوردین،قەبارەکـەی ٢١×١٥ سـم، ڕێبـازی ئـەم گۆڤـارە بـەشـێك بـووە لـە سیاسـەتـی پێڕەوکراوی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆك)، بابەتـەکـانی زیـاتر وتـاری سیاسـیو رەخنەو لێدوانن لە بزاڤی خوێندکارانی کورد.

ژمارە/١، شوباتی ١٩٨١.

ژمارە/٢، مارتی ١٩٨٣.

ژمارە/٣، مارتی ١٩٨٤.

ژمارە/٤، کانوونی دووەمی ١٩٨٦.

ژمارە/٥، مارتی ١٩٨٦.

ژمارە/٦، ئایاری ١٩٨٦.

ژماره/٧، ئابی ١٩٨٦.
ژماره/٨، تشرینی یەکەمی ١٩٨٦،.
ژماره/٩، نەورۆزی ١٩٨٧.
ژماره/١٠، ئایاری ١٩٨٧.
ژماره/١١، شوباتی ١٩٨٨.
ژماره/١٢، ئەیلولی ١٩٨٨.
ژماره/١٥، ئەیلولی ١٩٨٩ تایبەتە بە کۆچی دوایی ئازاد مستەفا.
ژماره/١٦، ئاداری ١٩٩٠.
ژماره/١٩، لە نەورۆزی ١٩٩٤ دەرچووە.
ژماره/٢٠، لە نەورۆزی ١٩٩٥ دەرچووە.
ژماره/٢١، لە ساڵی ١٩٩٥ دەرچووە.
ژماره/٢٤—٢٥، ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە.
ژماره/٢٦، لە مانگی تەمووزی ١٩٩٨ دەرچووە.
ژماره/٢٨، لە ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە،گوایە دوا ژمارەیە.

**سەرنج:** لە ژماره/ (١١)ەوە، وشەی (ئۆرگان) کراوەتە (گۆڤار)، واتە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نووسراوە: (گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لەئەوروپا) کە پێشتر ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە نووسراوە: (ئۆرگانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەوروپا) لە ژماره/(٨)ەوە زاراوەی (ڕێکخراو) بۆ ئەو دەستەواژەیەی پێشەوە زیادکراوە.

## kssa – **چیکۆسلۆفاکیا**/١٩٨١

**هەواڵنامەیەك بووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە زمانی کوردیو عەرەبی دەریکردووە.**

ژماره/٢، مانگی ١٩٨١/١١.
ژماره/٥، ساڵی ١٩٨٢.
ژماره/١، ساڵی ١٩٨٣.
ژماره/١، ساڵی ١٩٨٣، ئەم ژمارەیە بە زمانی ئینگلیزییە.

هەر ساڵی ١٩٨٣ لە مانگی تشرینی دووەمدا ژمارەیەکی‌تری چوار لاپەڕەیی لەگەڵ پۆستەرێك بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە،لەسەر ئەم ژمارەیە نووسراوە ژماره/٢.

ژماره/١، شوباتی ١٩٨٤.
ژماره/٢، ئایاری ١٩٨٤.
ژماره/٥، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥.

ژماره/٧، ئابی ١٩٨٦.

ژماره/٦، نیسانی ١٩٨٦

ژماره/٧، حوزەیرانی ١٩٨٧.

ژماره/٨، ئەیلولی ١٩٨٧.

ژماره/٩، کانوونی دووەمی ١٩٨٨.

**<u>سەرنج</u>**: ئەم بڵاوکراوەیە ساڵانە ژمارەکانی نوێ کراونەتەوە، تەنیا ژمارەی/٨، ١٩٨٧و ژمارەی/٩، ١٩٨٨ تەواوکەری یەکن.

## الاتحاد- سوید/١٩٨١

گۆڤارێکی وەرزی بووە (جمعیە الگلبە العراقیین فی السوید- فرع اتحاد الگلبە العام فی الجمهوریە العراقیە) بە زمانی عەرەبی دەریکردووەو ناوبەناویش چەندان بابەتی بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، ئەم کۆمەڵەیە لقی یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق بووە.

ژماره/٥، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١، یەکەمین ژمارەیە کە بینیوومە.
ئەم ژمارەیە(٩٦ لاپەڕەی قەبارە نیو فۆلسکابە، هەواڵو وتارو دەقی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە،هەروەها دوای ئەم ژمارەیە ئەم ژمارانەشم بینیووە، کە لە پاڵ زمانی عەرەبی چەند بابەتێکیشیان بە زمانی کوردی تێدایە:

ژماره/١، تشرینی یەکەم، ساڵی پێنجەم، ١٩٨٤.

ژماره/٢، ئازار- نیسان، ١٩٨٦.

ژماره/٣-٤، ساڵی ١٩٨٦.

ژماره/١، ساڵی ١٩٨٧.

ژماره/١، ساڵی ١٩٨٩.

ژماره/٢، ئایاری ١٩٩٠

## الوحدة- نەمسا/١٩٨٢

لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات - ئەکسا- بڵاوکراوەتەوە، بە زمانی عەرەبی دەرچووە:

ژماره/١، لە کانوونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە.

**نضال الطلبة- هەنگاریا/١٩٨٢**

گۆڤارێکی وەرزی بووە، لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان -ئەکسا- لە دەرەوەی وڵات- لقی هەنگاریا بە زمانی عەرەبی دەرکراوە:

ژمارە/١، ئاداری ١٩٨٢

**سەرنج:** لەسەر بەرگی ئەم ژمارەیە نووسراوە: گبع کردنو بڵاوکردنەوەی لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لقی رۆمانیا.

**صوت الرابطة (دەنگی یەکگرتن)/ ١٩٨٢**

لە لایەن (رابطة الطلبة العراقيين في النمسا) بە زمانی عەرەبیو کوردی دەرچووە:

ژمارە/ (١) لە تەممووزی ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە.

**روانگەی ئازاد**

رێکخراوی سۆشیالیستی کورد لە ئەوروپا دەریکردووە:

ژمارە/ ٤، لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٩٨١ دەرچووە.

**کورد- ئەمریکا/١٩٨٢**

بڵاوکراوەی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەمریکاو کەنەدا بووە، بابەتی بەزمانی کوردیو ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە.

ژمارە/١، لە تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٨٢ دەرچووەو هەر تەنیا ئەم تاقە ژمارەیەی لێ دەرچووە.

**Uprising/١٩٨٢**

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا- لقی ئەمریکای باکوور بووەو بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٤ دەرچووە.

## نەورۆز- هەنگاریا [٢] ١٩٨٢

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی هەنگاریا دەریکردووە، ئەم بڵاوکراوەیە بە هاوکاری (ئەکسا) دەرچووە.

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٢.

## نامەی کوردستان- یۆنان/١٩٨٢

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی یۆنان دەریکردووە.

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٢.

## خوێندکاری کورد- یوگسلافیا/١٩٨٢

لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- لقی یوغسلافیا بڵاوکراوەتەوە، پاش چەند ژمارەیەك ناوی لێنراوە گۆڤار، بابەتی بە زمانی کوردیو عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، لەچەند ژمارەیەکیشدا بابەتی بە زمانی یوگسلافی بڵاوکردۆتەوە.

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٨٢.

ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٣ .

ژمارە/٣، ساڵی ١٩٨٣.

ژمارە/٤، ساڵی ١٩٨٤.

ژمارە/٥، ساڵی ١٩٨٥.

ژمارە/٨، ساڵی ١٩٨٥.

ژمارە/٩، ساڵی ١٩٨٦، ئەمە دوا ژمارەیەتی.

## بانگی کوردستان- هەنگاریا [٣]/ ١٩٨٢

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- لقی هەنگاریا بووە، بەزمانی کوردیو عەرەبی دەرچووە:

ژمارە/١ لە ساڵی ١٩٨٢.

ژمارە/٢، تەمموزی ١٩٨٢.

ژمارە/٤ نیسانی ١٩٨٣.

ژمارە/٥، تەمموزی ١٩٨٤.

ژمارە/٧ ئاداری ١٩٨٦ .

### خەباتی قوتابیان- سوید/١٩٨٣

گۆڤارێك بووە یەكێتیی قوتابیانی كوردستان دەریكردووەو ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە، گوایە پاشان ناوی ڕێكخراوەكە بۆتە یەكێتی خوێندكاران و لاوانی سۆسیالیستی كوردستان.

ژمارە(٠) سفر، كانوونی دووەمی ١٩٨٣

### دەنگی خوێندكارانی كوردستان - ئەڵمانیا/١٩٨٣

گۆڤاری كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات -ئەكسا- بووە، بە زمانی كوردی دەرچووە:

ژمارە/١، كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە/١-٢، تشرینی دووەم و كانوونی یەكەم ١٩٨٣دا دەرچوون.

ژمارە /٣، مارس- ئەپریلی ١٩٨٤ دەرچووە.

ژمارە /٤، ئایار- یونی ١٩٨٤ دەرچووە.

ژمارە/١، ئاداری ١٩٨٧ دەرچووە.

**سەرنج:** ئەم گۆڤارە زۆربەی ساڵەكان زنجیرەی ژمارەكانی لە ژمارە/ ١ دەستی بە دەرچوون كردۆتەوە.

### دەنگی لاوانی كوردستان/١٩٨٣

بڵاوكراوەیەكی ناوبەناو بووە ڕێكخراوی لاوان و خوێندكارانی سۆسیالیستی كوردستان لە دەرەوەدا بە زمانی كوردی و عەرەبی دەریكردووە:

ژمارە/١، لە مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

### بەلجیكا INFO- BLAD/١٩٨٣

گۆڤارێك بووە یەكێتی كرێكارو خوێندكارانی كورد لە بەلجیكا بە زمانی هۆڵەندی دەریكردووە:

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە

ژمارە/٦، دوا ژمارەیە لە ساڵی ١٩٨٨ دەرچووە.

## BILAN– بەلجیکا/١٩٨٣

گۆڤارێك بووە یەکێتی کرێکارو خوێندکارانی کورد لە بەلجیکا بە زمانی فرەنسی دەریکردووە:

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە/٣، لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە.

ژمارە/٥–٤، لە یەك بەرگدایە، ساڵی ١٩٨٦–١٩٨٧ دەرچووە، ساڵی ١٩٨٨ لە دەرچوون وەستاوە.

## کوردستان– ئەڵمانیا/١٩٨٣

دەنگ( گۆڤار)ی یەکێتی خوێندکارانو لاوانی کوردستان لە ئەوروپا(یۆکسی) بووە:

ژمارە/١، نیسانی ١٩٨٣

ژمارە/٢، ئابی ١٩٨٣

ژمارە/٣، کانوونی دووەمی ١٩٨٤

ژمارە/٦، ئەیلولی ١٩٨٧

ژمارە/١، خولی دووەم، شوباتی ١٩٨٩

**سەرنج:** لە ژمارە/ ٢دا نووسیویانە گۆڤاری یەکێتی خوێندکارانو لاوانی کوردستانە لە ئەوروپا، بەڵام لە ژمارەکانیتردا وەك ژمارە/ ١ نووسراوە (دەنگی یەکێتی خوێندکارانو لاوانی کوردستانە لە ئەوروپا)

## راپەڕین– یەکێتی سۆڤیەت

بڵاوکراوەیەك بووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی سۆڤیەت بە زمانی کوردیو عەرەبی دەریکردووە:

تەنیا ژمارە/٢، دیارە، ئەویش ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.

## نشرة الطلبة

(جمعیە الگلبە العراقیین ڤی الدانمارك فرع اتحاد الگلبە العام ڤی الجمهوریە العراقیە) بە زمانی عەرەبیو چەند لاپەڕەیەکیشی بە زمانی کوردی دەرکردووە.

ژمارە/٤، تەمووزی ١٩٨٥، بریتییە لە (١٦) لاپەڕە، چوار لاپەڕەی بە زمانی کوردییە.

**السباع**

گۆڤـاری (رابطـة الطلبـة العـراقيين في الاتحـاد الـسوفيتي) يـەو بـە زمـانی عـەرەبـی دەرچووە، بەڵام لە چەند لاپەڕەیەکدا بابەتی بە زمانی کوردیش بڵاوکردۆتەوە.

ژمارە/٤، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، بریتیە لە (٤٤) لاپەڕەو لە (٥) لاپەڕەدا بابەتی بـە زمـانی کـوردی بڵاوکردۆتەوە.

**تریسکە- سوید/١٩٨٣**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی سوید بووە، بابەتی بە زمـانی کوردیو عەرەبی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٣.

**دەنگی کۆمەڵە- رۆمانیا/١٩٨٣**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی رۆمانیا دەریکردووە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٣

**دەنگـو باس- یەکێتی سۆڤیەت/١٩٨٣**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی یەکێتی سۆڤیەت دەریکردووە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٣.

**یەکێتی- ئیتاڵیا/١٩٨٣**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی ئیتاڵیا بە زمانی کوردی دەریکردووە.

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە/٣، ئاداری ١٩٨٤.

بێ ژمارەیەك، ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە.

**کوردستان- پۆلۆنیا**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی پۆلۆنیا بڵاویکردۆتەوە:

ژمارە/٥، لە مایسی ١٩٨٤.

ژمارە/١، ساڵی سێیەم، ١٩٨٦.

**سەرنج:** ئەم بڵاوكراوەیە ساڵانە لە ژمارە/١، دەستی بە دەرچوون كردۆتەوە.

### دەنگی كوردستان- بریتانیا

ئۆرگانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات -ئەكسا- لقی بریتانیا بووە:

ژمارە/٣، ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە.

### كوردستان- چیكۆسلۆڤاكیا/١٩٨٣

گۆڤاری كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا بووە، بە گوێرەی زانیاریی ئێمە ئەم گۆڤارە، گۆڤاری ناوەندی ڕێكخراوی ناوبراو بووەو بە هەردوو زمانی كوردیو عەرەبی بەرهەمی بڵاوكردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە/٣، ساڵی ١٩٨٣.

ژمارە/٤، ساڵی ١٩٨٤.

ژمارە/٥، ساڵی ١٩٨٥.

ژمارە/٦، ساڵی ١٩٨٦.

ژمارە ٧ لە مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٨٧ دەرچووە.

**سەرنج:** هەروەها گۆڤارێكیتر لە چیكۆسلۆڤاكیا بە ناوی (دەنگی كوردستان) دەرچووەو لە سەری نووسراوە، ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٢.

### ئاسۆ- ئەڵمانیا/١٩٨٤

كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات - ئەكسا- لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بە زمانی ئەڵمانی بڵاویكردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٤.

ژمارە/٤، ساڵی ١٩٨٥.

### پێشڕەو- سوید/١٩٨٤

ئۆرگانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا لقی سوید بووە، بە زمانی كوردیو عەرەبی بابەتی بڵاوكردۆتەوە:

ژماره/١، ساڵی یەکەم ١٩٨٤.

ژماره/٢، ئابی ١٩٨٤.

ژماره/٣، تشرینی دووەمی ١٩٨٤.

ژماره/٤، لە ساڵی ١٩٨٥.

ژماره/٨، ساڵی سێیەم، پوشپەڕی ٢٥٨٩ی کوردی.

**سەرنج:** گوایە لە ساڵی ١٩٨٢ گۆڤارێکیتر هەر بەم ناوە لە سوید لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- لقی وڵاتانی باکووری ئەوروپا دەرچووە.

**Der Horizont/١٩٨٤**

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا- بە زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا دەرچووە:

ژماره/١، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە.

**KURDISTAN STAR**

ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی ووڵات -ئەکسا- لقی باکووری ئەمریکا بووەو بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە:

ژماره/١١، لە نەورۆز (مارت)ی ١٩٨٦ دەرچووە.

**مەهاباد- بولگاریا**

بڵاوکراوەیەك بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی بولگاریا دەریکردووە:

ژماره/٤، لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە.

**K.S.S.C. A.C VOICE/١٩٨٤**

مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات/ ئەمریکا، بە زمانی ئینگلیزی دەریکردووە.

ژماره/١، لە پایزی ١٩٨٤دا دەرچووە.

**سەرنج:** گوایە تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ دەرچووە.

**كوردستان، دەنگی خوێندکارانو لاوان- ئینگیلتەرا/١٩٨٤**

یەکێتیی خوێندکارانو لاوانی کوردستان لە ئەوروپا(یوکسی) لقی بریتانیا بڵاویکردۆتەوە، بابەتی تەنیا بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە بەفرانباری ١٩٨٤دا دەرچووە.

ژمارە/٥، ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/٦، ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/٧، ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە.

ژمارە/٨، لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧دا دەرچووە.

ژمارە/١، خولی دووەم، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە.

**سەرنج:** لە زۆربەی ژمارەکاندا ناوی گۆڤارەکە (کوردستان، دەنگی خوێندکارانو لاوان)ە، بەڵام لە ژمارە/ ٢ دا بۆ ناوی گۆڤارەکە نووسراوە: ( دەنگی خوێندکارانو لاوان)و لە ژێریشی نووسراوە: **هەواڵ** نامەیەکی خولی رۆشنبیری گشتییە لە لایەن یەکێتیی خوێندکارانو لاوانی کوردستان لە ئەوروپا لقی بریتانیاوە دەردەچێ.

**الاتحاد- یوگسلافیا**

بڵاوکراوەیەك بووە، یەکێتیی خوێندکارانو لاوانی کوردستان لە ئەوروپا- یۆکسی- لقی یوگسلافیا بە زمانی عەرەبی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦- ١٩٨٧ دەریکردووە، ئەم زانیارییە لە پاشکۆیەکی ژمارە/٦، گۆڤاری ( کوردستان) ی یەکێتیی خوێندکارانو لاوانی کوردستان- یۆکسی- وەرگیراوە، پاشکۆی ناوبراو بریتییە لە کورتەیەك لە چالاکی لقەکانی یەکێتیی ناوبراو.

**النشرة:**

لە لایەن (جمعیە الگلبە العراقیین فی المملکە المتحدە فرع اتحاد الگلبە- العام فی الجمهوریە العراقیە) بە زمانی عەرەبی دەرچووە، ناوە ناوەش لە یەك دوو لاپەڕەدا بە زمانی کوردی نووسینی بڵاوکردۆتەوە.

ژمارە/١، سەرەتاکانی ئاداری ١٩٨٤، ساڵی سیو دووەمین، بریتییە لە(١٦) لاپەڕە، تەنیا لەیەك لاپەڕەدا بە زمانی کوردی بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

## پڕشنگ- ئەڵمانیا/١٩٨٥

لــە لایــەن کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کوردســتان لــە دەرەوەی وڵات (ئــەکــسا) وەك پاشــکۆی گۆڤــاری (دەنگــی خوێنــدکارانی کوردســتان)ی ئۆرگــانی ناوەنــدی کۆمەڵــەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا) بە یارمەتی لقــی بــەرلــینی رۆژئــاوا دەرچووە.

ژمارە/١، مارتی ١٩٨٥.

ژمارە/٢، تەمموزی ١٩٨٥.

ژمارە/٣، ئابی ١٩٨٦.

ژمارە/٤، مارتی١٩٨٧.

ژمارە/٥، ئایاری ١٩٨٨ دەرچووە .

## تروسکە- ئەڵمانیا/١٩٨٥

دەنگــی خوێنــدکارانی سۆسیالیــستی کــورد (سۆکــسە) لقــی بــەرلــینو ئــەڵمانیــای رۆژئاوایە، بە زمانی کوردی دەرچووە:

ژمارە/١، لە مانگی مارت ١٩٨٥ دەرچووە.

## دەنگ- سوید/١٩٨٥

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی سوید دەریکردووە، بابــەتــی بــە زمــانی کوردیو عەرەبی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی ١٩٨٥ .

ژمارە/١، ساڵی دووەم، ١٩٨٦.

ژمارە/٢-٣، ساڵی ١٩٨٦.

ژمارە/١، ساڵی سییەم، ١٩٨٧.

**سەرنج:** ئەم گۆڤارە ساڵانە، لەژمارە/ (١)ەوە دەستی بە بڵاوکردنەوە کردۆتەوە.

## الحریە- هۆڵەندا/١٩٨٥

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی هۆڵەندا دەریکردووە:

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە.

## هێمن- چیکۆسلۆڤاکیا/١٩٨٦

بڵاوکراوەیەکی گشتی بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی چیکۆسلۆڤاکیا دەریکردووە، بابەتی بە زمانی کوردیو عەرەبی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی یەکەم، ١٩٨٦.

## ئاڵای ئیسلام- مالیزیا، کەنەدا/١٩٨٦

گۆڤارێك بووە لە لایەن پەیوەندیی قوتابییانی موسڵمانی کورد دەرچووە: ماوەیەك لە وڵاتی مالیزیاو ماوەیەکیش لە وڵاتی کەنەدا دەرچووە، بابەتی بە زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی ١، لە مانگی تەمووزی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/ ٢ لە مانگی ئابو ئەیلولی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/ ٣ لە مانگی تشرینی یەکەمو دووەمی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/ ٤ لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە/ ٦ ساڵی ١ لە مانگی مارتو نیسانی ١٩٨٧ دەرچووە

ژمارە/ ١ ساڵی دووەم، لە مانگی حوزەیرانو تەمووزی ١٩٨٧دەرچووە.

ژمارە/ ٤ بەرگی دووەم ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە.

ژمارە/ ١ ساڵی سییەم، لە مانگی مارتی ١٩٨٩ دەرچووە.

دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی خواروو لە مالیزیاو کوردستان ئامادەکراوەو چاپکراوە، نزیکەی ١٥ ساڵ ناوە ناوە دەرچووە.

## مەشخەڵ/١٩٨٧

یەکێتیی ئیسلامی قوتابییانو لاوانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان دەریکردووە، بەڵام شوێنی دەرچوونی لەسەر نیە :

ژمارە/١، لە ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە مانگی گوڵانی ١٩٨٧ دەرچووە.

**Kurdistan Info/١٩٨٧**

کۆمیتەی هاوکاریی کرێکاران‌و خوێندکارانی کوردستان– هەڤکۆم لە وڵاتی نەمسا بە زمانی ئەڵمانی دەریکردووە:

ژمارە/ ١ لەسەرەتای ١٩٨٧ دەرچووە.

ژمارە/ ٢ لە مانگی مارتی ١٩٨٧ دەرچووە.

ژمارە/ ١٤ لە ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

**دەنگی یەکێتی/١٩٨٨**

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لقی ئەڵمانیای رۆژئاوا بووە، بە زمانی کوردی بابەتی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، مارتی١٩٨٨ دەرچووە.

ژمارە/٢، ئاوریلی ١٩٨٨ دەرچووە.

**وەڵام – هەنگاریا/١٩٨٨**

دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا– لقی مەجەرستان بووەو بە زمانی کوردی‌و عەرەبی بابەتی بڵاوکردۆتەوە:

ژمارە/١، ساڵی یەکەم، ١٩٨٨ دەرچووە.

ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە.

**کینەم ئەم– ئەڵمانیا/١٩٨٩**

گۆڤاری کۆمەڵەیا جوانێن کوردستانێ بووەو لە ئەڵمانیا بە زمانی کوردی، تورکی، ئەڵمانی دەریکردووە:

ژمارە/ ١ لە ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە.

ژمارە/ ١٢ لە ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە.

ژمارە/ ١٤ لە ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە.

**سەرنج:** ئەم رێکخراوە تایبەت بووە بە لاوان‌و خوێندکاران.

**النشرة الأخبارية- ئەڵمانیا/١٩٨٩**

بڵاوکراوەیەك بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ،وەك بڵاوکراوەیەکی دوای کۆنگرەی یەکگرتنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەریکردووە:

ژمارە/ ١ کانوونی دووەمی ١٩٨٩ بە زمانی عەرەبییە.

**Kurdistan Aktuell/١٩٩٠**

ئۆرگانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد- سۆکسە- بووەو لە ئەڵمانیا بە زمانی ئەڵمانی دەرچووە:

ژمارە/ ١، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە.

**دەنگی خوێندەڤانان- یوگسلاڤیا/١٩٩٠**

یەکێتیی خوێندەڤانانی وڵاتپارێزی کوردستان لقی یوگسلاڤیا بە زمانی کوردیو عەرەبی دەریکردووە:

ژمارە/١، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە.

ژمارە/ ٤ لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

ژمارە/ ٥ لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

**دەنگی خوێندەڤان- بولگاریا/١٩٩٠**

یەکێتیی خوێندەڤانانی وڵاتپارێزی کوردستان لقی بولگاریا بە زمانی کوردیو عەرەبی دەریکردووە:

ژمارە/١، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە.

ژمارە/٢، لە ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١. سەیری بەشی سەرچاوەکانی ئەم کتێبە (د. شێرکۆ فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني‌ء حركة تحرر القومية الكردية في العراق ١٩٤٦—١٩٧٥، السليمانية—٢٠٠٤، بكە، لاپەڕە ٢٦٢

٢. بۆم روون بۆتەوە ئەم بڵاوکراوەیە هەر ئەم ژمارەیەی لێدەرچووەو بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە بووە.

٣. بە هۆی ناوەرۆکی گۆڤارو بڵاوکراوەکان بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵەکەی سەر بە پدك— عیراق، یاخود کۆمەڵەکەی سەر بە حشع ئەو گۆڤار یان ئەویتری دەرکردووە، بۆ نموونە، چونکە هەردوو لایان هەڵگری ناوی ئەو کۆمەڵەیە بوون کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٦— ١٩٧٥ کارو چالاکی پێشکەش دەکرد.

# بەشی پێنجەم

## ناساندنی گۆڤارێکی خوێندکاران، وەك نموونە

# گۆڤاری پڕشنگ[1]
# ناساندن و لێکۆڵینەوە

## سەرەتا

لە پێناوی باشتر ناساندن و وردبوونەوە لە بزاڤی رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاو ئەمریکادا وەك نموونە باس لە گۆڤاری پڕشنگ دەکەم.

سەبارەت بە پڕشنگ، تا ئێستا لە چەند دێڕێکی پڕ لە کەموکوڕی بترازێت ئەگەرنا هیچ نووسینێکی وردو زانستی سەبارەت بە گۆڤاری پڕشنگ نەنووسراوە، پاش ئەوەی چوار ژمارەی گۆڤاری ناوبراوم دەست کەوت، هەستم کرد گۆڤارێکی سەنگینی وەك پڕشنگ حەیفە لە دوو توێی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی باس نەکرێت و شوێنێکی شایستەی پێ رەوا نەبینرێت، سەبارەت بە گۆڤاری ناوبراو لە سەرچاوەیەکدا هاتووە: (پڕشنگ، گۆڤارێکی رۆشنبیری، وەرزیی نارێك، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات AKSA ، ژ/١،١٩٨٥ ژ/٣،ئابی ١٩٨٦، ڤیەننا– نەمسا– بە زمانی کوردی–سۆرانی– لەوانەیە ئەم گۆڤارە درێژەی پڕشنگەکەی د.کەمال فوئاد بێ لە ١٩٦٦) [2]. نووسەر کە باسی پڕشنگەکەی ساڵی ١٩٦٦ دەکات و دێتە سەر ئەم پڕشنگ–ە دەنووسێت: (گۆڤارێکی دیکە بە هەمان ناو لە ڤیەننا لە ئابی ١٩٨٦دا دەرچووە) [3] ، وەك دیارە لە یەك نووسیندا هەلە لە ساڵی دەرچوونی گۆڤاری پڕشنگدا کراوە، هەروەها لە هیچ شوێنێکی گۆڤارەکەدا نەنووسراوە کە (وەرزانەیە) [4]. وەك فەرهاد نووسیویەتی.

لەم نووسینەدا سەرەتا گۆڤارەکە دەناسێنم، چونکە لە کوردستاندا ئەوەی پرسیومەو تێبینیم کردووە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە نووسەرو رۆژنامەنووس و پسپۆرو لێکۆڵێنەرانی بواری رۆژنامەگەریی زانیارییان سەبارەت بەو گۆڤارە هەیەو کە رەنگە تەنیا یەك دوو ژمارەیان لە گۆڤارەکەدا بینیبێت، دوای ناساندن بە کورتی ئاماژە بە ناوەڕۆك و فۆرمی گۆڤارەکە دەدەم، لە کۆتاییشدا ئیندێکسی ژمارەکان دەنووسمەوە،لە پاشبەندێکدا بە زانیاریی تر ئاشناتان دەکەم.

### سەرنجێک

من لە چوار ژمارەی پڕشنگ دواوم بەڵام سەرنووسەری گۆڤارەکە کە عەبدولموئمین دەشتییە دەڵێت: ئەو پڕشنگ-ە پێنج ژمارەی لێدەرچووەو دیارە خۆشی ژمارە پێنجی دەست نەکەوتۆتەوە.

### ناساندن

لەبەر ئەوەی زانیارییەکانی سەر بەرگی هەر چوار ژمارەکە لە چەند وشەو رستەیەکدا جیاوازییان هەیە بۆیە باشترە دەقی سەر بەرگییان بنووسمەوە.

لە ژمارە/١، دا نووسراوە:

( پڕشنگ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، پاشکۆی گۆڤاری دەنگی خوێندکارانی کوردستان[٥]، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات- ئەکسا-یە، بە یارمەتی لقی بەرلینی رۆژئاوا دەردەچێت) ، ئەم ژمارەیە لە مارتی ١٩٨٥ دەرچووەو بریتییە لە ٣٦ لاپەرە، نرخی لەسەر دانەنراوە.

لە ژمارە/٢ دا نووسراوە:

(پڕشنگ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات — ئەکسا-وە دەردەچێت) ئەم ژمارەیە لە تەممووزی ١٩٨٥ دەرچووە، بەڵام لەسەر هەمان بەرگ بە دیوی ناوەوەدا زانیارییەکان بەم شێوەیە نووسراون: (پڕشنگ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە بە یارمەتی لقی بەرلینی رۆژئاوا وەکو پاشکۆیەك بۆ ئۆرگانی ناوەندی/ ئەکسا/ دەنگی خوێندکارانی کوردستان ناوە ناوە دەردەچێت) ئەم ژمارەیە ٣٦ لاپەرەیە.

لە ژمارە/٣ و٤ دا هەمان زانیاریی نووسراوەتەوە تەنیا لە رووی زمانەوانییەوە کەمێك دەستکاری دەستەواژەکە کراوە، ژمارە/٣، لە ئابی ١٩٨٦ دەرچووەو ٤٠ لاپەرەیە، بەڵام ژمارە/٤، لە مارتی ١٩٨٧ دەرچووەو بە هەمان شێوە ٤٠ لاپەرەیە، لەسەر بەرگی ژمارەکانی ٤،٣،٢ بۆ نرخەکەی نووسراوە: ( دانەی بە یەك دۆلارە یان بەرامبەرەکەی) لە هەمان رووەدا ناونیشانی گۆڤارەکە نووسراوە( Aien-Austria

Aksa post Fach١٢٢ ١٠٩٦) لەسەر بەرگی دواوەشدا بە لای دەرەوەدا گۆڤارەکە بە تیپی کوردی لاتینی ناسێنراوە.

بابەتەکانی پرشنگ بە تایپی ئای بی ئێم تایپکراون، بەلاّم هەندێکیان بە تایپی ئاسایی واتە تایپی دەستی تایپکراون، بۆ دەنگەکانی( ۆ)و (ڕ)و (ێ) بە دەست نەك بە تایبەت چوکلە دانـدراون، ناونیشانی بابەتەکانیش بە دەست لەسەر کاغەز یاخود ستێنسل نووسراون، یان پیتچنین کراون، بۆ ئامێری چاپکردنیش بە ئۆفسێت چاپکراوە، رووکاری ئامێری فۆتۆکۆپیش بە هەندێك لاپەرەدا دیارە، دروشمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان– ئەکسا– کە بریتییە لە مەشخەڵێکو کۆمەڵێك دەست بەرزیان کردۆتەوە، لەسەر بەرگی ژمارەکان (بەرگی پێشەوەو دواوە) داندراوە، ئەمە هەمان دروشمە کە لە ساڵی ١٩٥٦– ١٩٧٥ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بەرزی کردبۆوەو لە دوای ئەو مێژووە زۆربەی کۆمەڵە خوێندکارییەکان بەرزیان کردەوە، نەخشەسازیی هەر چوار ژمارەکە بریتییە لە شێوەیەکی ئەندازەییو لە هەر چوار ژمارەکەدا دووبارە بۆتەوە، لە بەرگدا تەنیا رەنگی رەش بەکارهاتووە تەنیا رەنگی کارتۆنی بەرگەکان گۆڕدراون.

ئەوەی بۆم ساغ بۆتەوە کارەکانی گۆڤاری پرشنگ زیاتر لە لایەن عەبدولموئمین دەشتیو خوالێخۆشبوو فریا محێدین رایی کراون.

## ئامانج

بۆ تێگەیشتن لە ئامانجی دەرکردنی گۆڤارەکە چەند رستەیەك لە (وتەی ژمارە/١)ی گۆڤارەکە دەنووسمەوە: (کۆمەڵەکەمان کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولاّت زۆر خۆشحالە بەوەی یەکەمین ژمارەی– پرشنگ– بکاتە دیاری نەورۆزو پێشکەشی خوێندکارو خوێندەوارە ئاوارەکانی نەتەوەکەی بکات/ هەروەکو دەبینن لەم ژمارەیەدا هەوڵمان داوە ئەم گۆڤارە زیاتر روویەکی ئەدەبی پیشانی خوێندەواران بداتو لە پاڵ ئەمەشدا لە دەنگو باسی رامیاری شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان بێ بەش نەبێت ل/٣) لە شوێنێکیتری هەمان ژمارەو لاپەرەدا نووسراوە: (یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارەمان دەخەینە بەرچاوی ئێوەی ئازیزو بەو هیوایەی پەسەندی بکەنو بە رەخنەو تێبینیو بەرهەمی وێژەییو زانستیو

کۆمەڵایەتیەکانتان ژمارەکانی داهاتووی برازێننەوە/ ناوی ئەم پاشکۆیەمان نا — پڕشنگ—بەو هیوایەی بتوانین لەسەر هەمان گۆڤارە مەزنەکەی— پڕشنگ— کۆنە ئۆرگانی کۆمەڵەکەمان لە ساڵانی ١٩٦٦—١٩٦٧ بڕۆینو دەنگی پڕشنگ دەنگی یەکێتیو یەککبوونی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات زیندوو بکەینەوە) ئەمەو لە ژمارە/ ٢ دا زیاتر ڕێبازو ئامانجی گۆڤارەکە روونکراوەتەوە: (گۆڤاری پڕشنگ گۆڤاری هەموو کوردێکی پەڕاگەندەیە، ئامادەیە بەرهەمو نووسینی هەموو لایەك بڵاوبکاتەوە بە بێ هیچ رەچاوکردنێك دەربارەی لایەنی سیاسی نووسەر، تەنها ئەوانە نەبێت کە دژ بە نەتەوەکەمانن، گۆڤاری پڕشنگ هەموو نووسینێك بڵاودەکاتەوە کە لە مەیدانی رۆشنبیریدا سوود بەخش بێت بۆ خوێنەرە خۆشەویستەکانی، هەروەکو لە ژمارەی رابردوودا وتمان..کۆمەڵەکەمان کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات— ئەکسا— زۆر بە پێویستی زانی کە شان بە شانی گۆڤاری دەنگی خوێنکارانی کوردستان، گۆڤارێکی وەکو پڕشنگ تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری گشتی دەربکات، واتە ئەدەبیو هونەریو زانستیو کۆمەڵایەتی، ژمارە/٢، ل٣) ئەم دێرانە پێویستیان بە لێکدانەوە نیە چونکە روونو ئاشکرایە کە مەبەستو ئامانج چی بووە لە دەرکردنی گۆڤاری پڕشنگدا.

## ئەکسا چییە؟

لە دووتوێی ئەم نووسینەدا لە چەندان شوێندا وشەو زاراوەی( ئەکسا) دێتە بەرچاو، وشەکە بریتییە لە کورتکراوەی ناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان— لە دەرەوەی کوردستان) بە زمانی ئینگلیزی، لە پێناوی رووناکی خستنەسەر مێژووچکەیەکی کۆمەڵەی ناوبراوو ناوی ئەکسا چەند دێریك لە نووسینی: ( ٣٠ ساڵ کۆمەڵەی خوێندکاران ١٩٥٦—١٩٨٦) وەردەگرین کە لە ژمارە/٣ی گۆڤاری پڕشنگدا بڵاوبۆتەوەو پاشان لە چەندان شوێنیتریشدا وەك وتارو نامیلکەی سەربەخۆش بڵاوکراوەتەوە:

(حەڤدە خوێندکاری کورد کە ئەو کاتە لە ئەوروپا دەیانخوێند بە هاندانو دەستپێشکەریی دوکتۆر نورەدین زازا، لە ١٥— ١٦/ ئاب/ ١٩٥٦ لە شاری ڤیزبادن لە ئەڵمانیا کۆبوونەوەو بریاریاندا کە کۆمەڵەیەك بۆ خۆیان دابمەزرێنن، سەرەتا لەبەر

تێکدی نەکردنەوەی بیرو بۆچوونەکان ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیرییان بە ناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دامەزراند، کە تەنیا لە ڕووی ڕۆشنبیریو گۆڕینەوەی زانیارییەوە پەیوەندیی نێوان خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ڕێك بخات هەقی بەسەر سیاسەتو تێکۆشانی سیاسیو خەباتی نەتەوەی کوردەوە نەبێت، تا کۆنگرەی سییەم ناوەکە هەر بەو شێوەیە مایەوە تا لە ٤ی ئابی ١٩٥٨ کۆنگرەی سییەم گرێدراو ناوی کۆمەڵە کرا بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو خۆی لە وشەی ڕۆشنبیریی ڕزگار کرد، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵە زۆر ناوبانگی دەرکرد، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤دا پاش هەوڵو کۆششێکی زۆر کۆمەڵە بە ئەندام لە یەکێتی خوێندکارانی جیهانی IUS دا وەرگیرا ئەو ناکۆکییانەی لە وڵات لە ناوەڕاستی شەستەکانی ڕابردوو سەری هەڵدا کارێکی خراپی کردە سەر کۆمەڵەو چالاکییەکانی، بەڵام نەبووە هۆی کەرت کردنی کۆمەڵەو هەر بە یەکگرتوویی مایەوە تا کاتی بەستنی کۆنگرەی حەڤدەهەم لە هاوینی ١٩٧٥دا لەم کۆنگرەیەدا سەرکردایەتی کۆمەڵە پاش بڵاوەپێکردنی شۆڕشیش دەیویست کۆمەڵە بەو سەرکردایەتییە ببەستێتەوە کە بڵاوەی بە شۆڕش کرد خوێندکاران بەمە ڕازی نەبوون لەبەر ئەوە ئەو سەرکردایەتییەیان بە جێ هێشتو کۆمیتەیەکیان هەڵبژارد بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی حەڤدەهەم کە لە هاوینی ١٩٧٦دا لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا پێك هات، ئەم کۆنگرەیە ناوی کۆمەڵەی گۆڕی بە کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە ناسراوە بە ئەکساو ئەکساش کورتکراوەی ناوی کۆمەڵەیە بە زمانی ئینگلیزی Association of Kurdistan Students Abroad کە یەکەم پیتی وشەکانی ئەو ڕستەیە وەرگیراوەو بۆتە AKSA) خەباتی ئەکسا تا جاڕدانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو، پاش ئەو گۆڕانکارییانە چالاکییەکانی کۆمەڵەی ناوبراو بەرەو کزی چووو تێکۆشانی خۆی ڕاگرتو بوو بە بەشێك لە دۆخە تازەکە. شایانی باسە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا وردتر لە ئەکسا دواوم.

هەر چاپکراوێك هەلگری سەر نێوی یەکێك لە بوارەکانی رۆژنامەنووسی بێت پێویستە بە گوێرەی جۆرەکانی خوێندراو، بیستراو، بینراو پۆلێن بکرێت، پڕشنگ دەچێتە خانەی رۆژنامەگەریی خوێندراوو ئێستاش سەبارەت بە ئاڕاستەی کارکردنی گۆڤارەکە ناوەڕۆکی چوار ژمارەکە وەردەگرین:

## هەواڵ:

ئەو بنەمایەیە کە جیهانی رۆژنامەگەریی لەسەر دامەزراوە، گۆڤاری پڕشنگ بە گوێرەی تواناو دەرفەت بایەخی بە بلاوکردنەوەی هەواڵ داوە بە تایبەتیش هەواڵی ئەو چاپکراوانەی کە ئەوسا بلاوکراونەتەوە، لە ژمارە/١دا لە ژێر ناونیشانی ئاسۆ ئەم هەواڵە بلاوبۆتەوە: (بۆ ئەوەی بتوانین دەنگی شۆڕشی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئازیزدا بە جیهانی دەرەوە بگەیەنین دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین بە زمانی بێگانە دەنگو باسەکانی کوردستانو باری کوردستان بۆ بێگانە بگێڕینەوە، کۆمەڵەمان لەم هەوڵە درێغی نەکردووە، ئەوەتە بەم دواییە هەر لەم پێناوە پیرۆزەدا کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات ئەکسا لقی ئەلمانیای رۆژئاوا دوو ژمارەی رۆژنامە بە نرخەکەی ئاسۆی بە زمانی ئەڵمانی بلاوکردەوە) لە درێژەی هەواڵەکەدا دەست نیشانی ئەو بابەتانەی کردووە کە رۆژنامەی ناوبراو بلاویکردوونەتەوەو پیرۆزبایی لە دەرچوونی ئاسۆش کردووە، هەروەها کلێشەی هەردوو ژمارەکەشی لەگەڵ هەواڵەکە بلاوکردۆتەوە.

هەر لەم ژمارەیەی پڕشنگدا هەواڵێکیتریش لە ژێر ناونیشانی (هەواڵێکی خۆش) بلاوبۆتەوە، ئەمە دەقی پەرەگرافی یەکەمە لە هەواڵەکە: (پاش زنجیرەیەك لە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەو باس کردن دەربارەی باری ئێستای جیهانو ناوچەکەو تورکیاو کوردستان ئەم پارتانەی تورکیاو کوردستانی تورکیا: ١. پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان، ٢. پارتی کرێکارانی تورکیا، ٣. پارتی کاری کۆمۆنیست لە تورکیا، ٤. پارتی کۆمۆنیستی تورکی، ٥. پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە تورکیا، ٦. پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەرنامەیەکی یەکگرتووی خەبات دەست نیشان بکەن) لە ژمارە/٢ شدا لە ژێر ناونیشانی(پێشانگۆکەی پڕشنگ) هەواڵی چاپکردنو بلاوکردنەوەی ئەم کتێبو گۆڤارانەی بلاوکردۆتەوە: (کوێرەوەریو

بیرەوەری–هاوار، دوو تەقەڵای بێ سوود– محەمەد ئەمین زەکی، هەڵوێست–گۆڤار، هیوا– گۆڤار، دراسات کردیە–گۆڤار، دەنگی خوێندکارانی کوردستان– گۆڤار) وەك کارێکی رۆژنامەگەریی بە چەند دێڕێك ئەو گۆڤارو کتێبانە ناسێنراون، هەروەها لە ژمارەکانی ٣و٤ یشدا هەوڵدراوە بڵاوکردنەوەی هەواڵ فەرامۆش نەکرێت.

### هونەرەکانی ئەدەب

گۆڤاری پڕشنگ وەك گۆڤارێکی رۆشنبیری زیاتر بایەخی بە ئەدەب داوە، بەڵام وەك زانراوە کە رۆشنبیری هەر تەنیا ئەدەب نییەو لە چوار ژمارەکەدا بە رێژەیەکی زۆر کەم لای لە بوارەکانی‌تری رۆشنبیری کردۆتەوە، لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئاماژە بە هونەرەکانی ئەدەب دەدەین:

### شیعر:

لە هەر ٤ ژمارەکەدا کۆمەڵێك دەقی شیعر بڵاوبۆتەوە، کە هەندێك لە شیعرەکان پێشتر لە شوێنی‌تردا بڵاوبوونەتەوە، وەك (نەورۆز، کامەران، ژ/١، ل/٥– نەورۆز، پیرەمێرد، ژ/١، ل/٥، پڕشنگ لە ئاسۆی دەربەدەریا، ژ/١، ل/٢٩– کوڕی بابەگوڕگوڕ، جوامێر، ژ/٣، ل/٢٩– پاکانە، و:سەیران، ژ/٣، ل/٣١– پۆستەرە شیعر، لەتیف هەڵمەت/٤، ل/٣٤) ئەمەو هەندێك شیعری‌تریش وا تێدەگەم کە یەکەمین جارە بڵاودەکرێنەوە، بریتین لە شیعری سادەو زیاتر بۆ هاندانو بەرز راگرتنی دەستکەوتو سەروەرییەکانی کوردو خەڵکی کوردستان نووسراون.

### پەخشان:

کە باس لە پەخشان دەکرێت کۆمەڵێك لقی لێ دەبێتەوە وەك:

- **وتار:**

گۆڤاری پڕشنگ بایەخێکی دیاری بە بڵاوکردنەوەی وتارداوە بەڵام وەك حاڵی وتارەکانی نێو رۆژنامەنووسی کوردی وتارەکانی نێو گۆڤاری پڕشنگ– یش شێوە نووسینی ئەدەبی لە سەر وتارەکاندا زاڵە، بۆ نموونە دەکرێت سەیری چەند دێڕێك لەم وتارە بکەین کە لە ژێر ناونیشانی( نەورۆز.. نەورۆز) دایە: (نەورۆز.. نەورۆز! ئەی

یاقووتی وشەی کوردی، ئەی نیشانەی کۆڵنەدانو سەربڵندی، ئەی وشەی پڕ نرخو پیرۆز مایەی شانازی گەلو هۆز، ئەوا دیسان بە هێمنی بە ڕێگەوەیت.. ژ/١، ل/٢٢). هەروەها وتارێکیتر لە ژێر ناونیشانی(نامەیەك) هەست دەکرێت پارچەیەکە لە پەخشانێکی ئەدەبی:: (گۆڤاری پرشنگ ئەستێرەیەکی تازە هەڵاتووە، خونچەیەکی تازە پشکوتووە، هەسوونی تەنها دەوارێکی نێرگە کەوتووە، ئومێدی هەزاران ئەدەب دۆستی تامەزرۆیە، زیندووکەرەوەی کەلەپوورمانە ناسێنەری شوناسنامەی هۆزمانە، دەرخەری مێژووی پڕ ناسۆری عێلمانە، خەمرەوێنی هەزارەها ئاوارەی کوردستانە... ژ/٢، ل/٦) لە هەر ٤ ژمارەکەدا چەندان وتاریتری لەم چەشنە بلاوکراونەتەوە، ئەمەو سەرەڕای وتاریتر کە هەست دەکرێت هونەرکاری نووسینی وتاری ڕۆژنامەنووسییان تیایە پەیڕەو کراوەو لە ژێر ناونیشانێکیترداو لە لاپەرەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین.

❖ چیرۆك:

ژانرێکیترە لە ژانرەکانیتری هونەری ئەدەبو لە هەر چوار ژمارەکەدا تەنیا یەك چیرۆکی خۆماڵی بلاوکراوەتەوە، چیرۆکێك لە ژێر ناونیشانی(کۆچو مانەوە) یەو بە ناوێکی خوازراوی (هاوەڵ) بلاوکراوەتەوە، کە لە سانفرانسیسکۆوە بۆ گۆڤارەکە ناردراوە، بابەتی چیرۆکەکە گرتەیەکە لە ژیانی ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، خێزانێکی کوردستانی رۆژهەلات چۆن جەنگ ماڵیان وێران دەکاتو ئاوارەی کوردستانی باشوور دەبن، لەوێش رژێمی بەعس هەوڵ دەدات بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ بیانگواستەوە بەلام ئەمان ئەو بڕیارە رەتدەکەنەوەو لە دۆڵێکی سەختی کوردستاندا ڕۆژانە بە کولەمەرگی ژیان دەبەنەسەر، چیرۆکنووس بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی چیرۆکەکەی کاری لەسەر هونەرکاری نووسینی چیرۆك لەو سەردەمەدا کردووە.

❖ وەرگێڕانی ئەدەبی:

پرشنگ لە ژمارەکانیدا کۆمەڵێك دەقی ئەدەبی لە زمانی فارسی، ئەڵمانی،عەرەبی وەرگێڕدراوی بلاوکردۆتەوە، ئەمەش پەرەگرافێکە لە چیرۆکی وەرگێڕدراوی (سەمای مەرگ): (نە شا هەیە نە گەدا، نە پیر هەیەو نە گەنج، نە کچ هەیەو نە کوڕ، نە ژن

هەیەو نە پیاو، هەموو مردوون، هەموو پەیکەری هێسکین، نە کەس تاجی سەرەو نە کەس کەوای لەبەرە....)

❖ **یاداشت:**

لە ژمارە/١دا نووسینێك بە قەڵەمی عەبدولموئمین دەشتی لە ژێر ناونیشانی (ئەوێ جێناهێڵین) بڵاوکراوەتەوە، کە بریتییە لە یاداشتی چەند دیمەنو رووداوێك لە شاری هەولێر بە تایبەتیش ئەو کۆڵانو گەرەکەی کە نووسەر تێیدا ژیاوەو بە شێوازێکی جوانو وردی هونەری دیمەنو کاتەکانی گێڕاوەتەوە.

## مێژوو لە پرشنگدا

لە هەر چوار ژمارەکەدا کۆمەڵێك بابەتی مێژوویی بڵاوکراونەتەوە کە بریتین لە نووسینو وەرگێڕانو ئامادەکردن، لە ژمارە/٢،٣ دا(ا.ع) وتارێکی بە ناونیشانی (١٩١٩ لاپەرەیەکی گەشە لە تێکۆشانی کورد) نووسیوە لە برگەیەکدا بەم جۆرە باس لە یەکەمین حکومەتی کوردی دەکات: (بێ گومان کە حکومەتی سلێمانی یەکەم حکومەتی میللییە لەم ناوچەیەدا کە بە سەربەستی بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بریتانی ئەمەش لە کاتێکدا کە جگە لە حکومەتی شەریف حسین لە حیجاز کە هێشتا جێگیر نەبو بوو هەر سەریشی نەگرت چ لە تورکیا کە کەوتە نێو چنگی ئینگلیز چ لە عیراقو سوریاو ئوردن تا ئەم سەردەمەیە هیچ حکومەتێکی نیشتمانی دانەمەزرابوو) هەر لەم ژمارەیەداو لە ژمارە/ ٣ شدا لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ژیانی ئیدریسی بدلیسیو تا چەند کاریگەریی لەسەر مێژووی نەتەوەکەماندا هەبووە بڵاوکراوەتەوە، بابەتەکە تا ئاستێك وردەو لە یەکێك لە قۆناغە دژوارەکانی مێژووی کورد دەدوێت، هەروەها لە ژمارە/ ٣ دا بابەتێکی مێژوویی سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی یەکەمین رێکخراو بۆ خوێندکاران لە ژێر ئەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە: (٣٠ ساڵ کۆمەڵەی خوێندکاران ١٩٥٦-١٩٨٦)، ئەمەو سەرەڕای چەند بابەتێکیتری مێژوویی، هەروەها هەر لە ژمارە/٣ دا بابەتێکیتر بە نانیشانی ( مێژوونووسی بە ناوبانگی کورد ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی لە چەند دێڕێکدا) بڵاوکراوەتەوە، کە تەواوی زانیارییەکان وەك ئاماژەیان پێدراوە لە کتێبی(مێژوو[٦])ی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد وەرگیراون.

## بابەتی ڕۆژنامەنووسیی

یەکێك لەو بابەتـە ڕۆژنامـەنووسـییانەی کـە پڕشـنگ بـڵاوی کردۆتـەوە ئـەگـەرچـی دەچێتە خانەی مێژووەوە بەڵام گونجاوتر بوو لە ژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا ئاماژەی پێبدەم بابەتێکە لە نووسینی د.کەمال فوئاد لەمەڕ ڕۆژنامەی(بـانگی هـەق–١٩٢٣) کـە لە ژێر ئەم ناونیشانەدایە: ( بانگی هەق یەکـەمـین ڕۆژنامـەی شۆڕشـی کوردسـتان) کـە دوو بەشەو لە ژمارەکانی ١و٢ دا بڵاوبۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە چەندان ساڵ بەسـەر نووسینو بڵاوکردنەوەی بابەتی نـاوبراو تێپـەڕیووە بـەڵام هێـشتا مـشتومـڕی دەربـارە دەکرێت بە تایبەتیش لە لای لێکۆلەرەوانو لە زانکۆکانی کوردستاندا.

## فۆلکلۆر

گۆڤاری پڕشنگ کەلەپوورو فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کـوردی فـەرامـۆش نـەکـردووە، زیاتریش بایەخی بە بڵاوکردنەوەی پـەنـدو دەقـی گـۆرانی داوە، بـۆ نموونـە ئـەم دەقـە دەنووسینەوە کە لە ژمارە/١دا بڵاوکراوەتەوە:

جووتێ ساقی گوارە زێڕن<br>
مەی لە مەیخانێ دەگێڕن<br>
عاشقان لە دین وەردەگێڕن<br>
شیرنێ بابچینە سەیرانێ.

## وتاری سیاسی

بە گوێرەی پێویستی ڕۆژو ڕۆژگاری دەرچوونی پڕشـنگ بایـەخی بـە بڵاوکردنـەوەی بابەتی سیاسی داوە، بۆ نموونە هەر چوار(وتەی ژمارە)ەکەی بـریتین لـە چـوار وتـاری سیاسی وردی گونجاو بۆ ڕۆژگاری ئەوسا، هەر لە دوو توێی هەر چوار ژمارەکەدا چـەند وتارێکیتریش دێنە بەرچاو وەك: (دەرزیێ بکا بە خۆتا، جا سوژنێ بە خـەڵـك، ژ١) کـە باس لە پـەنابەرانی کورد وەك تاکو بزووتنەوەی کوردایـەتـی دەکـات بـە تایبـەتـی ئـەو تاکانەی کە تەواوی حزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردو کوردستانییەکان ڕەتدەکـەنـەوەو هەردەم ڕەخنەیان لێدەگرن، لـە ژمـارەکـانی تریـشدا وتـاریتـر بڵاوکراونـەتـەوە وەك: (کوردستانیەت لە نێوان نووسینو کرداردا،ژ/٢)،(فەرهەنگی سیاسی،ژ/٣).

## زمان

گۆڤـاری پڕشـنگ لـە کـاتی بڵاوکردنـەوەی بابـەتـەکانیـدا زۆر بایـەخی بـە لایـەنـی زمانەوانیو ڕێنووسو خاڵبەندی داوە، بە گوێرەی توانا بایەخی بە زمانی نووسـینەکـان داوە، زۆربەی نووسینەکانی پڕشنگ، بەدەرن لـە وشـەی غـەریبو بێگانـەو سـەلیقـەی نازمانەوانی، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکان بە تایپی ئاسـایی تـایپکراون، بـەڵام بایەخ بە خاڵبەندی دراوە.

ئەگەر وەك بواری زمانی ڕۆژنامەنووسیش سەیری بکەیـن ئـەوە وەك هـەر ڕۆژنامـەو بڵاوکراوەو گۆڤارێکیتـری کـوردی زمـانی ئـەدەب بـەسـەر نووسـینەکانـدا زاڵـە، دیـارە ئەمەش کێشەیەکە تا بە ئەمڕۆش دەگات بواری ڕۆژنامەگەری کوردی نەیتوانیوە خـۆی لێ ڕزگار بکات.

## بۆ بزەی لێو

ئەوانەی کە گۆڤاری پڕشنگیان دەرکردووە حەسـی ڕۆژنامـەگـەرییـان بـەهێـزو ورد بووە، بۆ پشوودانی مێشكو ماندوونەکردنی چاو، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بابەتی درێـژ بەڵام زیاترین بابەت کە بڵاویان کردۆتەوە بریتین لە کورتە بابەت، هەروەها لەو ڕووەوە قسەی خۆشیان لـە بـیر نـەکـردووە، لـە ژمـارە/٣ دا ئـەم نوکتـەیـەیـان بڵاوکردۆتـەوە: (کابرایەك کراسێکی کڕی بوو، زۆر خێراو بە پـەلـە بـەرەو مـاڵ دەڕۆیـشتەوە، لـە ڕێگـا دەگاتە برادەرێکی، برادەرەکـە لیـی دەپرسـێ هـا بـۆ وابـە پـەلـە دەڕۆی؟ لـە وەڵامـدا دەڵێت: کراسێکم لە بازاڕ کڕیوە، دەترسم تا دەگەمە ماڵ مۆدێلەکەی بگۆڕێـتو فریـای لەبەر کردنی نەکەوم).

## بابەتی هەڵبژاردە

چەند بابەتێك لە گۆڤاری پڕشنگدا بڵاوکراونـەتـەوە تـا ئێـستاش هێـزی خۆیـان لـە دەست نەداوەو دەکرێت ئەمڕۆش وەك سەرچاوە سوودیان لێ ببینرێت، بـۆ نموونـە لـە ژمارە/٣ دا بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژوویی بڵاوکراوەتەوە کە بریتییـە لـە بڕیـارەکـانی یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەیەك لە خوێندکارانی کـورد لـە ئـەورووپـا بـۆ دامـەزرانـدنی کۆمەڵەیەکی خوێندکاران، لەبەر گرنگی ئەو بەڵگەنامـەیـە وا لێـرەدا جـارێکیتـر بـڵاوی دەکەینەوە:

## بڕیارەکانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد

له ڤیزبادن[٧]/ ئاب ١٩٥٦

(کۆبوونەوە بە گشتی بڕیاری لەسەردا)

١. کۆبونەوە لەو باوەڕەدایە کە کورد یەك نەتەوەیە، خاكو زمانو مێژووو پەیوەندی ئابووریو نەریتو کولتووری نەتەوایەتی تایبەتی خۆی هەیەو هەموو[٨] ، ئەو مەرجانەی تێدایە کە نەتەوە پێك دێنن.

٢. بەندی سەرەوە نەتەوەی کورد لەو ناوچانە ئەگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، واتە کوردستان کە پارچەیەکی جوغرافی یەکگرتوو پێك ئەهێنێت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

٣. هەقی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی دوارۆژی خۆیدا هەقێکی رەوایەو هیچ گومانی تێدا نییە.

٤. باری ئێستای رۆژهەلاتی ناوەڕاست(١٩٥٦) رێگای بەکارهێنانی ئەم هەقە نادات.

٥. دەسەلاتی کۆلۆنیالیو دەرەبەگیو کۆنەپەرستی بە گشتی ئەو کۆسپانەن کە لە رێگای بەکارهێنانی هەقی دیاریکردنی دوارۆژدا وەستاون، بۆیە پێویستە خەبات بکرێت بۆ لەناوبردنی ئەم کۆسپانەو بەدیهێنانی دیموکراسیی راستەقینە لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

٦. کۆبونەوە لەو باوەڕەدایە کە دیموکراسیو خەبات دژی کۆلۆنیالیزمو رێژیمی دەرەبەگیو کۆنەپەرستی هەر بۆ ئەوە نییە کە نەتەوەی کورد بگات بە هەقی دیاریکردنی دوارۆژی، بەلکو باوەڕی وایە کە دیموکراسی راستەقینە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی بەختیاری بۆ گەلی کوردو هەر گەلێکیتر.

٧. بزووتنەوەی نیشتمانی کورد بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی دژ بە کۆلۆنیالیزمە، لەم رووەوە بەستراوە بە هەمو بزووتنەوە رزگاریخوازەکانیتر، بۆیە کۆبونەوە پشتگیریی تەواوی هەمو گەلان ئەکات لە پێناوی ئازادیو سەربەخۆیی نیشتمانی بە تایبەتی هی گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

٨. هاوکاری کردنی گەلی کورد لەگەلّ هەمو گەلانی ئازادیخواز بە تایبەتی گەلانی عەرەبو فارسو تورك ئەرکێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، چونکە بەرژەوەندیان لە نەمانی کۆلۆنیالیزمو دەرەبەگایەتیو کۆنەپەرستی، لە کارکردندا بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوکارییە پێویستە باری جیاوازی ولاتەکان رەچاو بکرێت.

٩. ئەركی سەرشانی هەمو كوردێكی دڵسۆزە بە تایبەتی رۆشنبیران كە لە مەسەلەی كورد بكۆڵنەوەو رونی بكەنەوە بۆ رای گشتیی ناوچەیی‌و جیهانی بە تایبەتی بۆ گەلانی دراوسیّ وەك هەنگاوی یەكەم بۆ بەدیهێنانی هاوكاریی پێویست لە نێوان ئەم گەلانەدا. كۆبونەوە لەو باوەرەدایە كە ئەبێت بەرگری لەم مەسەلەیە بكرێت لەبەردەمی دامو دەزگا جیهانییەكاندا .

١٠. هەولّ بۆ پێكهێنانی پەیوەندی مەعنەوی‌و ئایدیۆلۆژی‌و رۆشنبیری لە نێوان ناوچە جیاوازەكانی كوردستاندا.

١١. پێویستە كولتووری نیشتمانیی كورد لە هەموو ناوچەكانی كوردستان بلاوبكرێتەوەو پەروەردە بكرێت، بە تایبەتی خەبات بكرێت بۆ كردنی زمانی كوردی بە رەسمی لەم ناوچانەداو بۆ بەدەستخستنی هەموو مافە رۆشنبیرییەكان.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە كۆبونەوەكە لەو باوەرەدایە كە ئەركی سەرشانی هەموو كوردێكی دڵسۆزە بە تایبەتی رۆشنبیران خزمەتی كولتووری نیشتمانیی كورد بكەن لە چوارچێوەی كارەكانیانداو هەولّ بدەن بە كەسانی‌تری بناسێنن‌و هانی دامەزراندنی كۆمەڵەی پێكرایی بدەن بۆ هاوكاری كولتووری لەگەڵ گەلانی كەدا.

لەوانەی لەم كۆبونەوەیەدا ئامادەبون:

**دكتۆر نورەدین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، سەعدی دزەیی، دارا تۆفیق، یوسف ئەدیب، ئەحمەد رەسول، ئەحمەد زەمجی، دانش عارف، زاهیر حسین، عومەر رەمزی، فوئاد رەشە، تەحسین هەورامی‌و** پێنج خوێندكاری‌تر، بە داخەوە ناوەكانیانمان دەست نەكەوت، ئەگەر خوێنەرانی بەرێز بتوانن لەم بارەیەوە یارمەتیمان بدەن سوپاسیان ئەكەین.)

ئەم بریارنامەیە لە ژمارە/ ٣، لاپەرەكانی ١٤و١٥ی گۆڤاری پرشنگ بلاوبۆتەوە.

لە كاتی گواستنەوەی ئەم بەڵگەنامەیەدا هەوڵم داوە دەقاو دەق بینووسمەوە.

## ئیندێکسی ژمارەکان

بۆ باشتر ناساندنو ئاشنابوون بە بابەتە بڵاوکراوەکانی چوار ژمارەکەی گۆڤاری پڕشنگ وا لە خوارەوە ئیندێکسی ناوی بابەتە بڵاوکراوەکان دەنووسمەوە:

- ژمارە/١، مارتی ١٩٨٥


وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران. ل/٣ – ٥
دەرزییێ بکە بە خۆتا، جا شۆژنێ بە خەڵك، ك– ئاسۆ، وتار. ل/ ٦– ٩
ئاسۆ، دەستەی نووسەران، وتار. ل/١٠
بانگی هەق، یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، کەمال فوئاد، لێکۆڵینەوە..ل/ ١١– ١٨
چەند کۆپلە شیعرێك، زریڤان. ل/١٩
نەورۆز، پیرەمێرد، شیعر. ل/٢٠
نەورۆز، عوزێر، شیعر. ل/٢١
نەورۆز... نەورۆز، م. بایز،پەخشان. ل/٢٢
هەواڵێکی خۆش. ل/٢٣
دوو هۆنراوەی فۆلکلۆری. ل/٢٤، ٢٥
ئەگەر شەکە ماسییەکان مرۆڤ بان، بێرتۆلت برێشت، وەرگێڕانی: پێشەوا، چیرۆك. ل/٢٦ – ٢٨
پڕشنگ لە ئاسۆی دەربەدەریا، ا. ف، شیعر. ل/٢٩
سکاڵای دڵ، هە/کافرۆشی، شیعر. ل/٣٠
ئەوێ بەجێ ناهێڵن، عەبولموئمین دەشتی، یاداشت. ل/٣١ –٣٦


- ژمارە/٢، تەمموزی ١٩٨٥


وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران. ل/٣
کوردستانیەت لە نێوان نووسینو کرداردا، ك– ئاسۆ، وتار. ل/٤،٥
پەندی پێشینان، ئامادەکردنی: بێساران، چەند پەندێکە.ل/٥
نامەیەك، هادی بەهمەنی، وتار، ل/٦
با گوم نەبین، هادی بەهمەنی، وتار. ل/٧،٨
١٩١٩ لاپەرەیەکی گەشە لە تێکۆشانی کورد، ا.ع. ل/٩
بانگی هەق یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، بەشی دووەم، کەمال فوئاد. ل/١١ –١٧
پێشمەرگە، م/بایز، پەخشان. ل/١٨
پۆستەرە شیعر، خەبات عەزیز، شیعر. ل/٢٠– ٢٢
ئیدریسی بدلیسی ڕۆڵو کارتێ کردنی بۆ سەر مێژووی کورد، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، وەرگێڕانی: ئەزمر.... ل/٢٣–٢٩

تیڕامانی ئەم کتێبە (دوو تەقەڵای بێ سوود) عەبدولموئمین دەشتی، وتار. ل/٣١– ٣٤

پێشانگۆکەی پرشنگ، خستنەرووی چەند بڵاوکراوەو چاپکراوێکە. ل/٣٥،٣٦

- ژمارە/٣، ئابی ١٩٨٦

وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران. ل/٣،٤

٣٠ ساڵ کۆمەڵەی خوێندکاران، دەستەی نووسەران... ل/٥–١٣

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڤیزبادن/ئابی ١٩٥٦، بەڵگەنامە. ل/١٤، ١٥

ئیدریسی بدلیسی ڕۆڵو کارتێکردنی بۆ سەر مێژووی کورد، بەشی دووەم، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، وەرگێڕانی: ئەزمر، لێکۆڵینەوە... ل/١٦–٢٥

مێژوونووسی بەناوبانگی کورد ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی لە چەند دێڕیکدا، ئامادەکردنی: م. بایز، وتار. ل/٢٢

کۆچو مانەوە، هاوەڵ، چیرۆك. ل/٢٣– ٢٥

چەکوشەکە، وەرگێڕانی: ك– ئاسۆ. ل/٢٦

سەمای مەرگ، بزرگ عەلەوی، وەرگێڕانی: عەبدولموئمین دەشتی، چیرۆك.. ل/٢٧، ٢٨

کوڕی بابەگوڕگوڕ، جوامێر، شیعر، ل/٢٩–٣٠

پاکانە، مزەفەر نەواب، وەرگێڕانی: سەیران. ل/٣١–٣٦

فۆلکلۆر، هۆنراوە. ل/٣٧

فەرهەنگی سیاسی، ئامادەکردنی:نەبەز، وتار. ل/٣٨

پێشانگۆکەی پرشنگ، خستنەرووی چەند بڵاوکراوەو چاپکراوێکە...ل/٣٠،٤٠

- ژمارە/٤، مارتی ١٩٨٧

وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران. ل/٣

هونەرو هونەری ئارشیتکتۆری، وەرگێڕانی: د.ع. ل/٥

لاسکە زەیتون، وەرگێڕانی: شیرین. ل/١٠

مامەلەی مرۆڤ، ئاوارە عەزیز. ل/١٣

مرۆڤی سەر درەختەکە، وەرگێڕانی: ئازاد کەرکوکی. ل/١٤

بەهار هات، ئەحمەد دەشتی، شیعر. ل/٢٦

چوار لایلایە، وەرگێڕانی: عەتا ئەحمەد. ل/٢٧

پۆستەرە شیعر، لەتیف هەڵمەت،شیعر.... ل/٣٤

فۆلکلۆر. ل/٣٥

فەرهەنگی سیاسی، ئامادەکردنی: نەبەز. ل/٣٦

پێشانگۆکەی پرشنگ. ل/٣٩

سەرنج: ئەگەرچی باوەڕوایە کە ژمارە پێنجیش لەم گۆڤارە دەرچووە، بەلام بە داخەوە من نەمبینیووە[٩].

## کورته بەراوردێک لە نێوان هەردوو پڕشنگدا

لە بارەی ناوەڕۆکو فۆڕمدا ئەم پڕشنگەو ئەو پڕشنگەی کە ساڵی ١٩٦٦ دەرچووە زۆر لەیەکتر نزیکن، دیارە بە جارێکیتر روانینو وردبوونەوە لە هەردوو گۆڤارەکە هەست بە کۆمەڵێك لێچوون لە نێوانیاندا دەکرێت، هەر لە بەرگەوە بگرە تا بە دیزاینو شێوە نووسینو داڕشتنی بابەتەکان دەگات هەردوو گۆڤارەکە زۆر لەیەك دەچن، ناوی هەردوو گۆڤارەکە کۆپیی یەکترن، چۆنیەتی دابەشکردنو دانانی ستوونی لاپەرەکان دووبارەی یەکترن، تا میتۆدی ئیشکردنیشیان بە یەکتر دەچێت، بە کورتی ئەم پڕشنگ–ە، لە شێوەو نێوەڕۆکدا لاسایی پڕشنگی پێشووی کردۆتەوە، ئەگەرچی خۆشیان لە وتەی ژمارە/١، ئومێد دەخوازن کە لەسەر رێگای پڕشنگی پێشوو بڕۆن، بەڵام دەکرا لە زۆر رووەوە بەرگو ناخی پڕشنگی پێشوو لە خۆی دابماڵێت.

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

١. گۆڤارێکی‌تریش هەر بە ناوی پڕشنگ هەبوو کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاk.s.s.k دەریدەکردو ژمارە/١، لە حوزەیرانی ١٩٦٦و ژمارە/٢، لە ئابی ١٩٦٧ دەرچووە.

٢. فەرهاد پیربال(د.) ، بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەوروپاو ئەمریکا ١٩٨٧-١٩٩٢ چاوخشانێکی بیبلیۆگرافیایی، سەنتەری برایەتی(گۆڤار) ژمارە/٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨، هەولێر لاپەرە ١٤٩

٣. (ئابی ١٩٨٦) هەڵەیە، بەڵکو لە (مارتی ١٩٨٥) دەرچووە، ئەو مێژووەی ناوبراو باسی دەکات ئەوە مێژووی دەرچوونی ژمارە/(٣) یە نەك ژمارە/(١)

٤. خۆیان لەسەر بەرگی ژمارە/(٣) بە دیوی ناوەوەدا نووسیویانە (ناوە ناوە دەردەچێت)

٥. من ژمارە/(١-٢)ی نۆڤەمبەر- دیسەمبەری ساڵی( ١٩٨٣)ی گۆڤاری (دەنگی خوێندکارانی کوردستان)م لە لایە.

٦. واتە ئەم سەرچاوەیە: ئەحمەد، کەمال مەزهەر (د.) مێژوو، بەغدا-١٩٨٣

٧. ڤیزبادن شارێکە لە ئەڵمانیا.

٨. لە سەرچاوەکەدا واتە لە گۆڤاری ناوبراودا وشەی(هەموو) بە یەك (واو) نووسراوە.

٩. عەبدولموئمین دەشتی لە وەڵامی نامەیەکمدا زانیاریی لەمەڕ ئەم ژمارەیە نووسیوەو هەروەها کۆمەڵێك زانیاریی تریشی سەبارەت بەم گۆڤارەو خەباتی ئەکساو کۆمەڵە خوێندکارییەکان بۆ نووسیوم.

# پاشکۆ

بەڵگەنامە، نمای مێژوونووسانە، ئـەو گۆڤـارو رۆژنامـەو بڵاوکراوانـەی کـە مـن کـارم لەسەر کردوون بریتین لە کۆمەڵێك بەڵگەنامە کە دەکرێت لە چەند بـوارو بـاری جیـاوازو جیا کاریان خوێندنەوەیان بۆ بکرێت بە تایبەتیش سەبارەت بە خەباتی خوێندکاران بە تایبــەتــی وەك شــێوەیــەك لــە خــەبــاتی سیاســی– پیــشەیی لــە نێــو کۆمــەڵگا پێشکەوتووەکاندا، بە ئاراستەی بایەخ دانی لێکۆڵەران، هەر تـەنیـا وەك نموونـە چـەند بـەڵگـەنامـەیـەك لـە دوو تـوێی لاپـەرەی رۆژنامـەگـەریـی خوێنـدکاران دەنووسمـەوە، بەڵگەنامەکانم هەر تەنیا لە باری رێنووسدا سووکە دەستکارییەك کـردوون، ئـەگـەرنـا دەقاو دەق بەڵگەکانم نووسیوەتەوە.

بەڕێز سەرۆکی نووسینی گۆڤاری (هەڵوێست)

سەرکەوتوو بێت هەڵوێستی خۆشەویست

بـە نـاوی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لـە دەرەوەی وولات ( ئـەکسا) لقـی بریتانیاوە سوپاسێکی بێ پایانتان دەکەین سەبـارەت بـەو بانگـەوازەو داواکاریتـان بـۆ بەشداربوونمان.

ئـەکسا، وەکـو رێکخراوێکـی خوێنـدکاران لـە دەرەوە، کـە خـۆی بـە نوێنـەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خوێندکاران دەزانێو هەردەم زەمینەیـەك بـووە بـۆ رەنـگ دانەوەی شۆڕشی کوردستانو گەیاندنی دەنگی چەوساوەکان لە وولاتـەوە بـە جیهـان. وە هەر لە ساڵی ١٩٥٦وە تاکو ئێستە کە مێژوویەکی پڕ لـە خـەبـاتو جوولانـەوەی بـە خۆیدا تەرخان کردووە، توانیوویەتی خوێنـدکارانی هـەمـوو پارچـەکانی کوردسـتان لـە ناوخۆیـدا کۆبکاتـەوەو کوردسـتانیەت ئامـانجی بێـت.. وە لـە هـەمـوو خۆپیـشاندانو مەسەلەیـەکدا کـە خزمـەتـی گـەلەکـەمـانی تیـابوو بێـت هـەڵوێـستی گرتـووەو دەوری بنچینەیی خۆی تیدا بینیووە.

کۆمەڵەمان بە هەموو توانایەکەوە پشتگیری لەو بانگەوازە دەکات ( هەروەکو چـۆن پشتگیری لـە بزووتنـەوەی رزگـاری خـوازی گـەلـی کوردسـتان لـە هـەمـوو بـەشـەکانی کوردستان بۆ رزگاری نیشتمانیو دیموکراسی دەکات) وە هەردەم ئامادەشە بۆ هەمـوو

یارمەتیو دەست پێش خستنێك کە لە سنووری زیاتر گەیاندنی باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی گەلی کوردستان لە هەموو بەشەکاندا، بە گەلانی جیهانو بە هێز کردنی پەیوەندی بە خەباتی یەکگرتوو.

ئیتر بۆ پێشەوە لە پێناو سەرکەوتنی کۆنگرەی گەلی کوردستاندا.

**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولآت**

**کۆمیتەی لقی بریتانیا**

**سەرنج:** ئەم نامەیە وەڵامی بانگەوازێکی گۆڤاری (هەڵوێست)ە بۆ سازکردنی کۆنگرەیەك لە ژێر ناونیشانی کۆنگرەی گەلی کوردستان.

**سەرچاوە:** گۆڤاری (هەڵوێست) ژمارە/٤، ساڵی ١٩٨٥، لاپەرە/١٢٥، هەڵوێست گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتی بوو وەرزانە لە بریتانیا دەردەچوو.

## راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی
## کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا

لە رۆژانی ١٨–١٩٩٠/٨/٢١ لە شاری گراتس، نەمسا کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا بەسترا، لەژێر دروشمی (با بە پتەوکردنی ریزەکانمان، کۆمەڵەکەمان بکەین بە دەزگایەکی خەباتو پاڵپشتێکی بەهێزی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لە پێناوی ماڧ چارەنووسیدا).
سەرەتا کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کۆنگرە بەخێرهاتنێکی گەرمی لە میوانو نوێنەرانی کۆمەڵە خوێندکاریو سیاسیەکانو کۆنگرە کرد. کۆنگرە دەستی پێکرد بە وەستانی دەقیقەیەك ماتەمینی بۆ گیانی شەهیدانی بزووتنەوەی خوێندکاریو سیاسی کوردستانیو گشت شەهیدانی رێگای ئازادی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهان.
دوای ئەوەی وتاری کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندرایەوە، وتارو بروسکەو نامەی رێکخراوە خوێندکاریو پارتو کەسایەتییەکان خوێندرانەوە، تێکرا پیرۆزباییو پاڵپشتی خۆیان بۆ یەکێتیو بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەوروپاو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی دەربڕی.

ئەوەی شایەنی باسەو وتارێکی دوورو درێژ لە لایەن نوێنەری بەرەی کوردستانی/ عێراق پێشکەش کرا سەبارەت بە بارودۆخی هەموو پارچەکانی کوردستانو ئەرکەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات.

دوای ئەوەی بڕیار لەسەر شەرعیەتی کۆنگرەو خشتەی ئیشو کارەکان درا، گفتو گۆ لەسەر راپۆرتەکان دەستی پێ کرد، راپۆرتی سیاسی بە چالاکیو گورجو گۆڵیەوە لە لایەن ئامادەبووان وتووێژی لەسەرکرا، بە ووردی بارودۆخی نەتەوەی کوردمانو بزووتنەوەی رزگاریخوازییەکەیو سیاسەتی قەڵاچۆکردنی بەکۆمەڵو تەهجیرو بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو رەفتارەکانی رژێمە دیکتاتۆرو شۆڤینیەکانی گەلەکەمان دەچەوسێننەوە باس کرا.

کۆنگرەی زۆر بە توندی سیاسەتی رژێمە دیکتاتۆرو تێرۆریستو شۆڤینیەکانی مەحکوم کرد کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام ئەدرێت، داوا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتانو رای گشتی جیهانی کرا کە سنووری بێدەنگی بڕنو هاوکاری خۆیان

پەرەپێبدەن لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلەکەمانو سنوورێك بۆ ڕەفتارەکانی ڕژێمە دیکاتۆرەکان دابنێن.

لە لایەکی ترەوە ئەوە دووپات کرایەوە، ئەو جەورو ستەمەی کە بەسەر گەلی کوردمان لە پارچەکانی کوردستان سەپێندراوە سوور بوون لەسەر تێکۆشانو گیانی بەرگری خاو ناکاتەوە، بەڵکو هەموو ئەو کارەساتانە ئەبنە پاڵنەرێك بۆ لێك نزیك بوونەوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە داوا لە هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی کرا کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی کۆببنەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

سەبارەت بەم ڕووداوانەی کە لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕوویاندا کۆنگرە بە درێژی لەسەری وەستاو دەستنیشانی ئەوە کرا کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی نوێ برسترویکا لە یەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵێك گۆڕانکاری هاتە کایەوە، بەرهەمەکانی نەهێشتنی شەڕی ساردو کەم کردنەوەی خۆ چەکدارکردنو چارەسەرکردنی گیروگرفتە ناوچەییەکان، جگە لە کێشەی گەلەکەمان، سەرەڕای قوڵکردنەوەی ناوەڕۆکی دیموکراسیو پاراستنی مافی مرۆڤ.

ئەم گۆڕانکارییانە کاریان کردە سەر ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ژێر پالەپەستۆی خەباتی ئەم گەلانە مافە نەتەوایەتیەکانو دیموکراسیو مافی مرۆڤ بۆتە داواکاریەکی میللی.

دووپاتی ئەوە کرایەوە کە چارەسەرکردنی هەردوو مەسەلەی کوردو فەلەستین بە ڕێگای ئاشتیانە بناغەی ئاشتیەکی پتەو دادەمەزرێنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆنگرە زۆر بە توندی ئیدانەی بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی کرد لە چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکان.

کۆنگرە بە گیانێکی هەست بەلێپرسینەوە کردن لەسەر گرنگی یەکبوونی ڕێزەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستانی لە ئەوروپاو چۆنیەتی پتەوکردنی لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە پێناوی مافە نەتەوایەتیەکانیدا وەستا. کۆنگرە هاوکاری خۆی دەربڕی لەگەڵ تێکۆشانی گەلانی چەوساوەو ئازادیخواز لە پێناو ئازادیو دیموکراسی مافی چارەنووسیدا.هاوکاری گەلانو ڕێکخراوو کەسایەتییەکان لەگەڵ تێکۆشانی گەلەکەمان بە چاوێکی پڕ ڕێزەوە باسکرا.

کاروبارەکـانی رابـردووی کۆمەڵـە بـە شـێوەیەکـی مـەوزوعیانـەو بـە گیـانێکی دیموکراسییەوە هاتە بـاس کـردنو هـەڵسەنگانـدن لـە ئـەنجامـدا کۆمـەڵێك راسـپاردەو بڕیـاردران بـۆ بـەرەو پـێش بردنـی چـالاکیەکـانی داهـاتووی کۆمەڵـە. سـەرلـەنوێ ئامـادەبووانی کـۆنگرە بـەڵـێنی سـوور بـوون لەسـەر خـەبـات لـە پێنـاوی بـەدیهێنـانی ئامانجـەکـانی بزووتنـەوەی خوێنـدکارانی کوردسـتانو بزووتنـەوەی رزگـاریخوازیی کوردستان دووپات کردەوە.

کۆنگرە ژمارەیەك سڵاونامەی نارد لە پێش هەموویانەوە بۆ پێشمەرگە نەبەزەکـانو هەموو ئەو خوێندکارو تێکۆشەرانەی کە لەسەر خاکی نیشتمانو دەرەوەیدا رووبەڕووی رژێمە دیکتاتۆرو شۆڤینیستەکان دەبنەوە، هەروەها سـڵاونامە رەوان کـرا بـۆ یـەکـێتی خوێندکارانی جیهانیو رێکخراوو کەسانی هاوکارو دۆست.

ئـەنـدامانی کـۆنگرە بـە شـێوەیەکـی دیموکراسـیو دەنگـدانی نهێنـی راسـتەوخـۆ کۆمیتـەی بەڕێوبـەرایـەتـی گـشتی نـوێی هـەڵبـژاردو کارەکـانی کـۆنگرە بـە سـروودی نەتەوایەتیمان (ئەی رەقیب) کۆتایی پێ هات.

کۆتایی تەمووزی ١٩٩٠

کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
لە ئەوروپا

**دروووست بوونی** KSAC

ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد ماوەیەکی زۆرە لە لایەن ئەو رژێمە کۆنەپەرستو فاشستانەی کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە دەچەوسێنرێتەوەو لە مافەکانی خۆی بێ بەشکراوەو رێی پێشکەوتنو زانینو خوێندەواریان لێگیراوەو بە هەموو جۆرێك بەربەرەکانی رۆشنبیر خوێندەوارانو قوتابیانی دەکرێتو رێی خوێندنیان لێ قەدەغە دەکرێت. لەبەر ئەوە کە ژمارەیەك لەو کوردانەی کە لەو رژێمە فاشستانە خۆیان دەرباز کردووە، روویان کردۆتە وڵاتەکانی ئەوروپا بۆ ئەوەی بتوانن خوێندن تەواو بکەن. بەڵام هەموومان دەزانین کە خوێندنی ئەمڕۆ لە ئەوروپادا شتێکی ئاسان نیەو کاربەدەستانی سەفارەتەکانی ئەو رژێمە فاشستو کۆنەپەرستانە بە هیچ جۆرێك ماوەیان نەداوە کە دەستی یارمەتی بۆ ئەو قوتابیانە درێژ بکرێت یا لە کەسو کاریانەوە ئەوەندەیان بۆ بنێررێ کە پێی بژینو خوێندنی پێ تەواو بکەن، وە بۆ رێکخراوە سیاسیەکانی کوردیش لەم رووەوە گلەییان لێ ناکرێت کە هەتا ئێستە نەیانتوانیوە دەستی یارمەتی بۆ ئەو قوتابیانە درێژ بکەن چونکە ئەو هێزە سیاسیانە خۆیان لە خۆیانا پێویستیان بە یارمەتی هەیە، ئەو یارمەتییەکەمانەش کە لە لایەن رێکخراوە دۆستەکانەوە وەرگیراوە ئەوەندە نەبووە کە چارەسەری ئەم گیروگرفتە بکات، بۆیە لەم رۆژەدا بە تایبەتی کە دوژمنانی کورد لە هەموو لایەکەوە پەلامارو هێرشیان بردۆتە سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان، لەم رۆژەدا پێك هێنانی کۆمیتەیەك کە ئەرکی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ برا قوتابییە کوردەکان بخاتە ئەستۆی خۆی، بە شتێکی زۆر پێویست زانرا.

وا بە شانازییەوە ئاگاداری هەموو لایەك دەکەین کە لەم دواییەدا لە بریتانیا ئەو کۆمیتەیە پێك هاتووە، کە بریتییە لە کۆمیتەیەکی کوردەواریو سوودی هەموو قوتابیەکی کوردی نیشتمانپەروەر دەخاتە پێش چاوی بە بێ جیاوازی بیروباوەڕو پەیوەندی سیاسی، وە ئومێدی زۆرمان بەوەیە کە هەموو کوردێکی دڵسۆزو هەموو دۆستێکی کوردی پاکو راست دەستی یارمەتی بۆ ئەم کۆمیتەیە درێژ بکاتو دەست بنێتە ژێر باڵیو کۆمەکی بکات لە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئەو قوتابیە کوردانەی کە

له بريتانيادانو ئەمڕۆ لەبەر بارى ئالۆزى ناو كوردستان، لە گێژاوى ژيانى گرانى بريتانيادا گيريان خواردووەو ئەگەر دەستى يارمەتيان بە گورجى بۆ درێژ نەكرێت دوور نيە هەندێكيان دەست لە خوێندن هەلگرنو كورديش بەرهەمى خوێندنى ئەو قوتابيانەى لە كيس بچێت.

ئەمڕۆ هەموو نەتەوەيەك كە خۆى بە زيندوو بزانێت گەلێ كۆميتەو كۆمەڵى واى هەيە كە دەبنە هۆى يارمەتيدانى ئەو قوتابيانەى كە تووشى كەم دەرامەتى دەبنو ئەم كردەوەو هەوڵدانە خۆى لە خۆيدا نيشانەى زيندووييو نەمردنى نەتەوەيە بۆيە ئومێد دەكەين كە كورديش وەكو نەتەوەكانيتر لەم رووەوە كەمتەرخەمى نەكات، وە ئيتر چاوەڕوانى يارمەتىو كۆمەكى هەموو كوردێكى دڵسۆز دەكەين.

– ناو: كۆميتەى يارمەتيدانى خوێندكارانى كورد لە بريتانيا
KURDISH STUDENTS AID COMMITTEE
بە كورتى بە KSAC ناو دەبرێت.

### بناغەو ئامانج:

KSAC كۆميتەيەكى كوردى نيشتمان پەروەرى بێ لايەنە، ساڵى ١٩٨١ لە لايەن چەند خوێندكارێكى كوردەوە پێك هاتووە بۆ يارمەتيدانى ئەو خوێندكارە كوردە نيشتمانپەروەرانەى دووچارى تەنگانەو نەهاتى دەبن لە قۆناغێكى خوێندنياندا بێ گويدانە لايەنى سياسى، ئەندامانى كۆميتە لە سەر بناغەى دڵسۆزىو نيشتمانپەروەرى هەڵدەبژێررێن.

- **يەكەم** هەنگاوى كۆميتە بۆ كاركردن ئەوەيە، بە پێى پێويستى نيشتمانى سەرشانى ئەگەڕێت بە دواى ئەو خوێندكارە كوردانەدا كە چەڵەمەى بێ يارمەتى بۆتە كۆسپ لە رێگاى خوێندنو پێشكەوتنى زانياريدا، بۆ ئەوەى يارمەتيان بدات بە پێى توانا، وە بۆ ئەم كارەش لە هەموو كوردێكى دڵسۆز ئەگەيەنێت كە هاوكاريان پێويستە.
- ئەو خوێندكارانەى يارمەتيان لە وڵاتەوە بۆ دێت وە لەبەر هۆيەك ناگات وە ياخود درەنگ بكەوێت، بۆيان هەيە داواى قەرز لە كۆميتە بكەن بە مەرجى ئەوەى بيگەڕێننەوە كە يارمەتيەكەيان پێ گەيشت.

- لەبەر ناهەمواری باری ئەمڕۆی گەلی کورد، ئەو کەسانەی یارمەتی پێشکەشی کۆمیتە دەکەن وە نایانەوێت ناویان باس بکرێت، ئەو مافەی دەپارێزرێتو ناوی تەواویان ناچێتە ناو تۆماری کۆمیتەوەو لە باری تایبەتیشدا لەسەر داوای خۆیان تەنانەت ناویان لە کۆمیتەشدا دوپات ناکرێتەوەو تەنها پەیوەندییان بەو ئەندامی کۆمیتەوە دەبێت کە یارمەتیەکەی وەرگرتووە. هەروەها ئەو قوتابیانەی یارمەتی لە کۆمیتە وەردەگرن، گەر نەیانەوێت، وە لە باری تایبەتیدا ناویان ئاشکرا ناکرێت.
- سەرچاوەی یارمەتی: بریتییە لەو یارمەتییانەی پێشکەشی کۆمیتە دەکرێن لە لایەن کەسانی دڵسۆزی کوردو ڕێکخراوە کوردستانیە نیشتمانپەروەرەکانەوە، هەروەها دۆستانو لایەنگیرانی گەلی کورد.

**سەرنج:** ئەمە تەواوی ناميلکەيەکە کە ئەم ناونيشانەی لەسەر نووسراوە:

Po box 292
LONDON W2 2XY

کە هەمان دەقيش لە هەمان ناميلکەدا بە زمانی ئينگليزی بڵاوبۆتەوە.

# ئەنجام

- مێژووی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا پاشان لە ئەمریکا، بەندە بەو کۆمەڵە خوێندکارە کوردە، کە روویان لە تاراوگە کرد، ئەو خوێندکارانەش دوو گرووپ بوون، گرووپێکیان لەبەر کاری حزبیو سیاسی لە وڵاتدا نەیانتوانی درێژە بە خەبات بدەن، گرووپی دووەم بریتین لەو کۆمەڵە لاوە کوردەی کە بە مەبەستی خوێندن روویان لە دەرەوەی کوردستان کرد.
- دامەزراندنو راگەیاندنی گرووپو رێکخراوی کوردی لە دەرەوەی کوردستاندا بە تایبەتیش لە ئەوروپا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە کە یەکەمین رۆژنامەی کوردی " کوردستان ١٨٩٨" گەراکەی دانا بە تایبەتیش سەردانە بەردەوامەکانی بنەماڵەی بەدرخان بۆ دەرەوە، بەڵام کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوو خەملینی گۆڕینەوەی بیروڕا هاتە ئاراوە، تا لە چلەکانی هەمان سەدە هەوڵەکان یەکیان گرتو بوونە سەرەتایەك بۆ راگەیاندنی کۆمەڵەو رێکخراوی کوردی لە ئەوروپادا، بە تایبەتیش لە فەرەنساو سویسرا.
- ئەگەرچی یەکەمین کۆمەڵەی لاوانو خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٩٤٨ لە سویسرا راگەیەنراو کۆمەڵێك چالاکیشی نواند بەڵام نەیتوانی درێژە بە چالاکییەکانی بدات، ئەوە بوو دوای کەمتر لە سێ ساڵ کۆمەڵەکە نەما، بەڵام دەکرێت بڵێین بووە چاڤکانییەك بۆ لە دایك بوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٥٦ دا، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵەکەی سویسرا لەگەڵ چەند کەسێکیتر رۆڵی سەرەکییان هەبوو لە دامەزراندنو پەرەپێدانی کۆمەڵەی تازە دامەزراوی ناوبراو.
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە ماوەی تەمەنی ١٩ ساڵەیدا لە ١٩٥٦ – ١٩٧٥ توانی دەنگێکی ئازاو چالاکی نەتەوەییو کوردستانی بێت، بە تایبەتیش بۆ شۆڕشی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستاندا، لە

ماوەی ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٧٥ ببووە نوێنەرو بڵندگۆی شۆڕش، بە گوێرەی دەرفەت رای گشتی خەڵکی کوردستانی بە ناوەندەکانی برِیار لە ئەوروپاو ئەمریکا دەگەیاندو هەوڵیشی دەدا تاوانی داگیرکەرانی کوردستان لە رای گشتی یاخود تاکی وڵاتانی ئەو دوو کیشوەرە بگەیەنێت.

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خاوەنی گەنجینەیەکی دەولەمەندە لە کارو چالاکی بە تایبەتیش لە بواری بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاردا، بەڵام بە داخەوە ئەرشیفێك نیە کە تەواو یاخود زۆربەی بەرهەمەکانی رێکخراوی ناوبراوی بە خۆوە گرتبێت.

دوای ١٩٧٥ ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا پەرتبوونو چەند رێکخراوێکیتر راگەیەنران کە زۆربەیان خۆیان بە درێژەپێدەری کۆمەڵەی ناوبراو دەزانی.

- لەناو ئەو کۆمەڵانەی کە درووست بوون کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا– یەکێك بوو لە کۆمەڵە هەرە بەهێزو بەرچاوو چالاکەکان، هەروەها کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ناوەندی پراگ، ئەویش یەکێك بوو لە کۆمەڵە چالاکەکان.

هەر لە ساڵی ١٩٤٩–١٩٩١ تەواوی کۆمەڵە خوێندکارییەکان خاوەنی خەرمانێکی پڕ بەرهەمو دەستکەوت بوون بە تایبەتیش لە بواری رۆژنامەگەریدا، ئەگەرچی رۆژنامەو گۆڤارەکان لە رووی چاپو دەرهێنانی هونەری لاوازن، بەڵام بۆ ئەوێ رۆژێ کارو کاریگەریی خۆیان هەبوو.

- بڵاوکراوەو گۆڤارە خوێندکارییەکان زیاتر بایەخیان بە وتاری سیاسیو دەقی ئەدەبی داوە، پانتایی هەواڵ بەرتەسکەو وەك پێویست زۆر بایەخی پێنەدراوە، هونەری رۆژنامەگەری تیایاندا کزە، بەڵام سەلیقەی کاری رۆژنامەنووسی واتای زیندوویێتی بە بڵاوکراوەو گۆڤارەکان داوە.

کۆمەڵەو رێکخراوە خوێندکارییەکان زۆر بایەخیان بە دەرکردنی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤار داوە، بە سەیرکردنو خوێندنەوەی بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بارستایی ئەو هەوڵو بەرهەمەی ئەندامانی کۆمەڵە خوێندکارییەکان دەبینرێت.

- ئاستی نووسینو هونەری ڕۆژنامەگەریی لە نێوان بڵاوکراوەو گۆڤارەکان جیاوازە، چەندایەتی، زیاتر ئەو لاوازییو کەموکوڕییانەی درووست کردووە، بەڵام چەندان نموونەی جوانو هونەریش بەرهەم هاتوون، وەك: "کوردستان ١٩٥٨ – ١٩٧٢"و هەردوو "پڕشنگ" –ەکەو " کۆڵنەدان" " هێڤیا وڵات"... هتد، لە هەوڵە دیارەکانی کاری ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانن بە تایبەتیش بۆ ئەو کاتە.

# سەرچاوەكان

## بە زمانی كوردی


١. ئەحمەد، كەمال مەزهەر (د.) تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسی كوردیدا، كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٢. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، هونەرەكانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی كوردیدا، لە بڵاوكراوەكانی بەشی رووناكبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی كوردی ١٩٦١–١٩٩١، ، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١.

٤. ئالاكۆم، رۆهات، كورد كەتن دەفتەران، ماڵپەڕی نەفەل، رۆژی ٢٠٠٨/١/١٠.

٥. تەنیا، ئیسماعیل، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی كوردی ١٩٧٥–١٩٩٣، لە بڵاوكراوەكانی راگەیاندنی بزووتنەوەی میللی كوردستان، هەولێر، ١٩٩٨.

٦. تاهیر، فەخرەدین، پێشەنگای رۆژنامەگەریی كوردیی هەندەران لە هەولێر، رۆژنامەنووس(گۆڤار)، ژمارە/ ٧، ساڵی ٢٠٠٦، ل/٦٣–٩٦.

٧. تۆفیق، جوتیار، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی كوردی لە رۆژهەڵاتی كوردستانو دەرەوەیدا،١٩٠٨– ١٩٨٨، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٨. چەند خوێندكارێك، خوێندكارانو رێكخراوە خوێندكاریەكانی دورە وڵات، یەكگرتن ( گۆڤار)، ژمارە/٤، ١٩٨٧، دانیمارك، یەكگرتن، گۆڤارێكی رۆشنبیری تیۆری بووە بنكەی رۆشنبیری یەكگرتن بڵاوی كردۆتەوە.

٩. پیربال، فەرهاد (د.) بزاڤی رۆژنامەگەریی كوردی لە ئەوروپاو ئەمریكا ١٨٩٧–١٩٩٢، سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژمارە/٥، ٢٢/نیسان/ ١٩٩٨، لاپەڕە/ ١٣٣–١٥٨.

١٠. ساڵح، ئازاد عوبێد، كاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی كوردی ١٩٦١–١٩٧٥، هەولێر،٢٠٠٧.

١١. غەفور، عەبدوڵڵا (د) ، بیبلیۆگرافیای كوردستان،١٩٠٣– ١٩٩٥، سوید، ستۆكهۆڵم ١٩٩٥.

١٢. فەرهادی، حەمە ساڵح، چەند لایەنێكی رۆژنامەنووسی كوردی، بەغدا، ١٩٨٨.

١٣. فوئاد، كەمال(د.) ، چەند زانیارییەك لە بارەی بزووتنەوەی خوێندكارانی كوردەوە لە هەندەران، هاڤیبوون (گۆڤار) ژمارە/ ٢–٣، ئەڵمانیا، ١٩٩٩.

١٤. نەبەز، جەمال (د.) ، رۆژانی ئاوارەیی لە سویسرا، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبیو رووناكبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٥. نەبەز، جەمال (د.) بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری قەومیەت–ی ڕۆژهەڵاتیو نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا– سۆکسە، لکی/ سوێد، لەسەر ئەرکی بنکەی چاپەمەنیی ئازاد چاپکراوە، سوید، ١٩٨٤.

١٦. نەورۆزی، ڕێناس،١٠٠ ساڵ لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٨٩– ١٩٩٨، کتێبکی چاپنەکراوە.

١٧. نەورۆزی، ڕێناس، لاپەرەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ١٩٧٥– ١٩٩١، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە/ ٧، ساڵی ٢٠٠٦، ل/٢٣٨– ٢٤٣

### بە زمانی عەرەبی

١. شيخ علي، أضواء علي الحركة الطلابية الكردية في الخارج، من منشورات جمعية الطلبة الأكراد في أوروبا، پراگ–١٩٨٦

٢. عمر، شێركۆ فتح الله (د.) الحزب الديمقراطي الكردستاني و حركة تحرر القومية الكردية في العراق ١٩٤٦–١٩٧٥، السليمانية–٢٠٠٤.

## ئەرشیفو کتێبخانەی کەسیو کورتە بیرو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ:

کەمال فوئاد (د)، مەحمود لەوەندی، محەمەد موهتەدی، عەبدولموئمین دەشتی، نەجاتی عەبدوڵڵا (د)، فەهد گردەوانی، ڕێناس نەورۆزی، ئیسماعیل تەنیا، جوتیار تۆفیق .

## گۆڤارەکان

١. گۆڤاری هەڵوێست( بریتانیا)، ژمارە/ ٤، ساڵی ١٩٨٥.

٢. هاواری نیشتمان (گۆڤار) مەهاباد، ژمارە/١، ساڵی ١٩٤٦.

سەیری تەواوی ژمارەکانی ئەم سێ گۆڤارە کراوە:

- ڕۆژنامەنووسان، گۆڤاری یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (پێش یەکگرتنەوە) لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ – ٢٠٠٢.
- ڕۆژنامەڤانی، گۆڤاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ( پێش یەکگرتنەوە) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩ – ٢٠٠٢.
- ڕۆژنامەنووس، گۆڤاری یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨

## له بڵاوكراوه‌كانی نوسه‌ر:

١. پۆلووی ژووری نووته‌ك، شیعر، به‌غدا، ١٩٨٥.
٢. ساكه‌ده‌شت، شیعر، به‌غدا، ١٩٨٨.
٣. مرۆڤو تابووت، شیعر، هه‌ولێر، ١٩٩١.
٤. یه‌كێتیی نووسه‌رانی كورد یان یه‌كێتیی نووسه‌رانی كوردستان، لێكۆڵینه‌وه، هه‌ولێر،١٩٩١.
٥. بازنه‌كانی مردن، شیعرێكی درێژ، هه‌ولێر، ١٩٩٣.
٦. پاڵتۆی حزب، شیعر، هه‌ولێر، ١٩٩٥.
٧. به‌ره‌و سه‌ره‌تا،لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی، ١٩٩٨.
٨. بیبلیۆگرافیای هه‌ردوو گۆڤاری نووسه‌ری كوردو نووسه‌ری كوردستان، به هاوكاری یاسین قادر به‌رزنجی، سلێمانی،١٩٩٨.
٩. كێشه‌ی ئاو له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا، لێكۆڵینه‌وه، ئاماده‌كردن، سلێمانی،١٩٩٨.
١٠. مندالّو ئه‌ده‌ب، لێكۆڵینه‌وه، چاپی یه‌كه‌م، سلێمانی،١٩٩٨، چاپی دووه‌م، سلێمانی،٢٠٠٦.
١١. شه‌به‌ك (مێژوو،ئاین،سه‌رژمێر) لێكۆڵینه‌وه، وه‌رگێڕان، سلێمانی،١٩٩٩.
١٢. گۆڤاری گزنگ، لێكۆڵینه‌وه‌و بیبلیۆگرافیا، سلێمانی،١٩٩٩.
١٣. مامۆستا ئیبراهیم ئه‌حمه‌دو رۆژنامه‌ی خه‌بات، لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی،٢٠٠٠.
١٤. كوردستانی نویّ، یه‌كه‌مین رۆژنامه‌ی رۆژانه‌ی راپه‌ڕین، لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی،٢٠٠١.
١٥. شۆڕشی رۆژنامه– رۆژنامه‌ی شۆڕش، لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی،٢٠٠١.
١٦. رابه‌ری رۆژنامه‌گه‌ریی نهێنی كوردی١٩٦١–١٩٩١، بیبلیۆگرافیا، سلێمانی،٢٠٠١.
١٧. رۆژنامه‌ی كورد– رۆژنامه‌ی سێپته‌مبه‌ر، لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی،٢٠٠٢.
١٨. رۆژنامه‌و جه‌نگ، وتار، سلێمانی،٢٠٠٣.
١٩. رۆژنامه‌گه‌ریی یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستان له ده‌ره‌وه‌ی كوردستان، لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٠. رابه‌ری رۆژنامه‌گه‌ریی نهێنی كوردی ١٩٢٣–١٩٦٠، سلێمانی–٢٠٠٤.
٢١. كێشه‌ی ویلایه‌تی موسڵ له دوو رۆژنامه‌ی سلێمانیدا، لێكۆڵینه‌وه، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٢. هونه‌ره‌كانی ئه‌ده‌ب له رۆژنامه‌گه‌ریی نهێنی كوردیدا ١٩٦١–١٩٩١، سلێمانی،٢٠٠٥ .